

ئێمە ناتوانین بگەیەنە هیچ شتێک، ناتوانیین هیچ راستیەک ببینین، ناتوانین هیچ بریارێک بۆ گۆڕینی باردۆخەکە بدەین، ئەگەر ئەم هەقیقەتە لەبەرچاو نەگرین، بۆ یە لەسەرمان پێویستە ئەوەمان قبولّ بێت بەوەی کاتی ئەوە هاتووە ئەو تێڕوانینەمان بگۆڕین کە بەرامبەر سەرکردەکانی ئیدارەی کورد لە باکوری عێراق

# سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ کۆشکی سپی

# ئەو راستییەیە دەبێت حسابی لەسەر بکرێت

ئەو ناونیشانەی سەرەوە قسەی ئێمە نییە، یان ئێمە بمانەوێت بەوجۆرە شرۆڤەی ئەو سەردانە بکەین، بەڵکو ئەمە دەسپێکی وتارێکە کە رۆژنامەنووس محەمەد عەلی بیراند رۆژی ٣٠/ ١٠/ ٢٠٠٨ و دوای پێشوازی گەرمی سەرۆك بوش و گرێدانی کۆنگرەی رۆژنامەنوسی هاوبەش و هەروەها دیدارەکانی بارزانی لەگەڵ دیك چینی جێگری سەرۆك و کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە یەککاتدا بە زمانی تورکی لە رۆژنامەی میللیت و بەزمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی تورکیش دیلی نیوز بڵاویکردۆتەوە.

ناونیشانی وتارەکە گاڵتەکردنە بەو ئەقڵییەتەی دەسەڵاتی تورکیا کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە بەسەر ئەو بەربەستە دەرونییەی خۆیدا زاڵ بێت و مامەڵەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات، کە تورکیا پێی خۆش بێت یان نە، یەکێکە لە دراوسێکانی و دراوسێیەکی گرنگیش هەم لەسەر ئاستی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی، هەم لەسەر ئاستی سیاسیی و ئاسایشی نێوان هەردوولا.

بیراند بەناونیشانێکی تەنز ئامێز نوسیویەتی: (سەرکردە خێڵەکییەکان لە کۆشکی سپین) بێگومان لەدوای ئەم رستەیە نیشانەی سەرسورمانی داناوە، کە ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت ئەوەی ئێوە وەك سەرکردەیەکی خێڵەکی سەیری دەکەن و ناتانەوێت دیالۆگی لەگەڵدا بکەن ئەوەتا وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری لە کۆشکی سپی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە پێشوازی لێدەکرێت و راشکاوانەش سەرۆك بۆش دەڵێت بارزانی ئەو سەرکردەیە کە رۆڵیکی زۆرگرنگی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گیراوە.

بیراند بەم وتارەی دەیەوێت ئەوە بە حکومەتەکەی خۆی بڵێت، دەبێت ئەم پێشوازییەی سەرۆك بوش و ستافی ئیدارەی ئەمریکی حسابی لەسەر بکرێت و لەو ئەقلیەتە کۆنە بێنە دەرەوە کە پێشتر سەیری هەرێمی کوردستانی عێراقمان پێکردووە و راشکاوانە نوسیوویەتی :

(ئێمە ناتوانین بگەیەنە هیچ شتێك، ناتوانیین هیچ راستیەك ببینین، ناتوانین هیچ بریارێك بۆ گۆڕینی باردۆخەکە بدەین، ئەگەر ئەم هەقیقەتە لەبەرچاو نەگرین، بۆ یە لەسەرمان پێویستە ئەوەمان قبولّ بێت بەوەی کاتی ئەوە هاتووە ئەو تێڕوانینەمان بگۆڕین کە بەرامبەر سەرکردەکانی ئیدارەی کورد لە باکوری عێراق هەمانە.. ئێمە (مەبەستی تورکیایە) پێمان خۆش بێت یان نە کوردەکانی عێراق دوو سەرکردەیان هەیە ئەوانیش مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانییە)

بێگومان ئەم تێڕوانینەی رۆژنامەنوسێکی وەك بیراند کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووە و لەسەردەمی تورکت ئۆزالەوە لایەنگیری ئەوەیە کە تورکیا پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی پتەو

پەیامی سەرۆک بارزانی هەمان پەیامی ئەو رۆژانەیە کە باردۆخەکە تا ئەوپەڕی نائاسایی بوو لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا و ئەوساش هەرجەختی لەوە کردۆتەوە کە هیچ لایەک سوود لە خوێن رشتن و توندووتیژی نابینن و دەبێت هەموو کاربکەین بۆئەوەی توندووتیژی و خوێنڕشتن نەهێڵین

بکات، هەروەها بیراند ئەو کەسەیە کە بەشدار بووە لەو پرۆسەیە، زۆر بە گرنگی لەو پێشوازییە گەرمەی سەرۆك و ئیدارەی ئەمەریکا بۆ سەرۆك بارزانی تێدەگات، لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام لە کۆشکی سپی بە هاوتای سەرۆك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان پێشوازی لێدەکرێت و هەواڵی ئەم سەردانەش لە سایتی کۆشکی سپی وەك سەردانی سەرۆك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بە نووسین و ڤیدیۆ بڵاودەکرێتەوە.

ئەوان لەم پێشوازییە پرۆتۆکۆلیە تێدەگەن، بەتایبەتی کە داوەتی فەرمی ئەم داوەتنامەیەی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی بەشەخسی لەلایەن دیك چینی جێگری سەرکۆماری ئەمەریکا هێنراوە بۆ کوردستان و بەفەرمی لە هاوینەهەواری سەری رەش، کە بارەگای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لێیە، لەلایەن دیك چینیەوە تەسلیمی سەرۆکی کوردستان کراوە و سەرۆکی کوردستان ئەو داوەتە فەرمییەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی قبولکردووە، پیادەکردنی ئەم شێوازە پرۆتۆکۆلیە و تەوقەی پرۆتۆکۆلی نێوان هەردوو سەرۆك بوش و بارزانی، ئەو پەیامەیە کە بیراند تێگەیشتوە و دەیەوێت چیدیکە وڵاتەکەی بەو ئاراستەیە دوانەکەوێت.

## پەیامی ئاشتیانەی سەرۆکی کوردستان بۆ تورکیا

هەر لەمیانەی سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و دەنگۆی دیداری نێوان سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەحمەد داود ئۆغلۆی راویژکاری سەرەکی رەجەب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا میدیای تورکیا بە پەرۆشن پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ تورکیا بزانن، سامی کۆهین کە یەکێکە لە رۆژنامە نوسە بەناوبانگەکانی تورکیا، تەواوی ئەو گوتەیەی سەرۆکی کوردستانی جارێکی دیکە بڵاوکردۆتەوە کە بەرێزیان سەبارەت بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا گوتویەتی: (هیچ کەس سوودی لە خوێن رشتن نەبینوە، هەربۆیە پەیامی من بۆ تورکیا پەیامی ئاشتی و دۆستایەتیە، دەبێت هەموومان پێکەوە کار بۆ کۆتایی هێنان بەو خوێن رشتنە بهێنین).

کۆهین ئەم پەیامەی سەرۆکی کوردستان وەك پەیامی سەرۆکێکی لێهاتوو و کاریگەر لەسەر ئاستی جیهان و ئیقلیمی شرۆڤە دەکات و هۆکاری ئەم پەیامەی بارزانیش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە تورکیا نییەتی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بارزانی وتوویژ بکات.

ئەحمەد داود ئۆغلۆش کە بەپێی میدیاکان پێدەچێت سەرۆك بارزانی ببینێت، لە موحازەرەیەکدا کە لە ئامۆژگای برۆکینگز پێشکەشی کردووە ئاماژە بەوەدەکات (کاتی ئەوە هاتووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان هەرسێ لا، تورکیا، کوردەکانی عێراق، ئەمەریکا) پێکەوە وتویژ بکەن و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

ئەم گۆڕانکاریانە بەرهەمی ئەو سیاسەتە واقعبینییە و ئەو دووربینیەی سەرۆك بارزانییە کە لەمامەڵەی لەگەڵ تەنگژەکانی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان رەنگیداوەتەوە، تورکیا زۆر هەوڵیدا لە میانەی وەرگرتنی تیشکی سەوز لە ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سنوردار لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و پاشانیش هەڕەشە و ملنەدانی بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەم کێشانە چارەسەر بکات، بەڵام سەرۆکی کوردستان نەیهێشت رەوتی روداوەکان ئاراستەیەکی هەڵەبگرنەبەر و کۆنترۆڵی باردۆخەکە لە دەست دەربچێت، هەر بۆیە هەم ئەمەریکا زوو بە هۆش هاتەوە کە دانی ئەو تیشکە سەوزە بە تورکیا لە جێی خۆیدا نەبوو، هەمیش بووە هۆکاری ئەوەی تورکیاش لەوە تێبگات کە کێشەکان بەو ئاراستەیە چارەسەر نابن، ئێستاش کە تورکیا جۆرێك لە نییەت باشی پیشانداوە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە میانگیری ئەمەریکا چارەسەر بکرێت، پەیامی سەرۆك بارزانی هەمان پەیامی ئەو رۆژانەیە کە باردۆخەکە تا ئەوپەری نائاسایی بوو لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا و ئەوساش هەرجەختی لەوە کردۆتەوە کە هیچ لایەك سوود لە خوێن رشتن و توندووتیژی نابینن و دەبێت هەموو کاربکەین بۆئەوەی توندووتیژی و خوێنڕشتن نەهێڵین.

## هەڵوێستی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمەریکا

تەوەری سەرەکی وتووێژەکانی نێوان سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکا و هەوەها وتووێژەکانی نێوان سەرۆك بارزانی و وەزارەتی دەرەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاش، مەسەلەی رێککەوتنی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و ئەمەریکا بووە.

بێگومان ئەم بایەخدانە بە هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان سەبارەت بەو رێککەوتنە رەنگدانەوەی بایەخ و رۆڵی سەرۆکی کوردستانە لە پرۆسەی سیاسی عێراق و سەنگ و شکۆی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەیەتی لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا.

سەرۆك بوش کاتێك دەبینێت سەرۆکی کوردستان هەڵوێستی ئیجابیە لەسەر ئەو رێککەوتنە، بۆیە پێداگیری دەکات کە نابێت ناوەرۆکی ئەو رێککەوتنە بگۆرێت و ئەو خاڵەنەشی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە هەموارکراون ئەوا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و ئەگەر کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی رێککەوتنەکە هەبێت، ئەوا قبوڵ ناکرێت.

ئەم متمانەی نێوان هەولێرو واشنتۆن نیشانەی ئەوەیە واشنتۆن گەیشتۆتە قەناعەت و، ئەگەر بیەوێت عێراق سەقامگیر و سەرکەوتوو بێت دەبێت هەرێمی کوردستان بە هێز و گەشەسەندوو بێت.

## سەرۆک لەگەڵ جالیەی کوردی و کەسیاتیە ئەمریکی و جیهانیەکان

کۆبونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ جالیەی کورد و کەسایەتییە ئەمەریکی و جیهانییەکان لایەنێکی دیکەی گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی کوردستانە و نیشانەی ئەوەیە سەرۆك تەنها میوانی کۆشکی سپی نییە بەڵکو میوانی گەل و حکومەتی ئەمەریکایە.

بێگومان لایەنێکی دیکەی گرنگ لەم پێشوازییە گەرمەی گەل و حکومەتی ئەمەریکا، ئەوەیە کە ئێستا تەواوی گەلی ئەمەریکا سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمەریکایە، هەربۆیە کاتێك دەبینن هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی حکومەت و گەلی ئەمەریکا کاریگەری لەسەر پێشوازی گەرمی سەرۆك بارزانی نییە، مانای ئەوەی ئەوەیە گەل و حکومەتی ئەمەریکا خوازیاری ئەوەن گوێ لەسەرۆکی کوردستان بگرن و مەبەستیانە پەیوەندنی نێوان گەل و حکومەتی ئەمەریکا لەگەڵ حکومەت و گەلی کوردستاندا لەو پەڕی بەهێزیدا بێت.

●●●
**ئەم بایەخدانە بە هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان سەبارەت بەو رێککەوتنە رەنگدانەوەی بایەخ و رۆڵی سەرۆکی کوردستانە لە پرۆسەی سیاسی عێراق و سەنگ و شکۆی هەرێمی و کوردستان و سەرۆکەکەیەتی لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا**
●●●

●●●
**کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ جالیەی کورد و کەسایەتییە ئەمەریکی و جیهانییەکان لایەنێکی دیکەی گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی کوردستانە و نیشانەی ئەوەیە سەرۆک تەنها میوانی کۆشکی سپی نییە بەڵکو میوانی گەل و حکومەتی ئەمەریکایە**
●●●



کین هانسن کە ئیستا تۆژەری سیاسەتی بەرگرییە لە سەنتەری سیاسەتی دەرەوە لە زانکۆی دیلهاوسی ئەمەریکا، یەکێکە لەفەرماندە سەربازییەکانی هێزی دەریایی ئەمەریکا و فەرماندەیی چەندین کەشتی سەربازی ئەمەریکای لە دەرەوەی ئەمەریکا کردووە .
کۆماندار هنسن ماستەری لە دیراساتی شەڕ لە زانکۆی رۆیاڵی سەربازی لە کەندا وەرگرتووە و لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی بەرگری ئەمەریکایە .
بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوان حکومەتی عێراق و ئەمەریکا سەبارەت بەرێککەوتنی ئەمنی (SOFA) و پشتگیری کورد بۆ ئەم رێککەوتنە و سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ ئەمەریکا، پەیوەندیمان بە کۆماندار هنسن کردوو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.

**کین هانسن فەرماندەی سەربازی ئەمەریکا و تۆژەری بەرگری لە زانکۆی دیلهاوس بۆ گوڵان:**

# سەردانی بارزانی بۆ کۆشکی سپی، نیشانەی ئەوەیە کێشەی کورد کێشەیەکی دیارەو سەرۆکی ئەمەریکاش لەو گرنگییە تێدەگات

**ئەگەر بەرێز ئۆباما لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا فشار دەکات بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەیەکی خێرادا، بیرۆکەکە ئەوەیە کە دەبێت عێراقییەکان بەرپرسیارێتی زیاتر بگرنە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەیان**

***ئێستا هەستدەکرێت لەسەر ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمەریکا ئاڵۆزییەك و لێك نەگەیشتنێك هەیە ئایا ئەم حاڵەتە چۆن دەبینیت؟**

- حاڵی حازر گفتوگۆ بەردەوامە لەسەر ئایندەی ئەو رێککەوتنە و لەسەر ئەوەی تا چەند هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بمێننەوە. ئەگەر بەرێز ئۆباما لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا فشار دەکات بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەیەکی خێرادا، بیرۆکەکە ئەوەیە کە دەبێت عێراقییەکان بەرپرسیارێتی زیاتر بگرنە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەیان، لەبەر ئەوەی ئەمەریکیەکان دووچاری دژواری هاتوونەتەوە لەگەڵ ئەو باجەی کە لە ئەنجامی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانەوە دەیدەن و دروستبوونی کەشێکی سیاسی نوێش لە ئەمەریکا ئەوەندەی دیکەی ئەو مەسەلەیەی زەحمەت کردووە. من پێم وایە مەسەلەی کشاندنەوەی هێزەکان گرنگییەکی زیاتری دەبێت ئەگەر ئەم تەنگژە ئابووریە درێژە بکێشێت کە حاڵی حازر لە ئارادایە.

*** حکومەتی عێراق هەوڵ ئەدات ناوی رێککەوتنەکە بگۆڕێت بە رێککەوتنی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، خوێندنەوەی ئێوە چییە؟**

- ناتوانیین پێی بڵێین کشاندنەوەی هێزەکان، بەڵکو خواستی کەمکردنەوەی ئەو هێزانە هەیە نەك کشاندنەوەیان بە یەکجاری.

*** ئەی چۆن لە دەستڕۆیشتوی ئێران دەڕوانیت بەسەر عێراقەوە لە گفتوگۆکانی پەیوەستن بەو رێککەوتنە ئەمنیەوە؟**

- من تێڕوانینێکی شەخسیم نییە لەسەر رۆڵ و دەستڕۆیشتووی ئێران، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە چالاکی گەلێکی دیبلۆماسی رووڵەزیاد لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا هەیە و من نازانم چ دەرئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە.

*** کورد وتاکە لایەنە کە پاڵپشتی ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکە دەکات، ئایا پێشبینی دەکەین لە بەرامبەردا ئەمەریکا پشتگیری لە کوردەکان بکات؟**

-من دڵنیام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کوردەکان پشتگوێ



ناخات، بەڵام ئایا ئەو ڕێککەوتننامەیە بە چی دەگات، ئەوا من دڵنیام.

*** ئەی چۆن سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا و کۆبونەوەی لە گەڵ سەرۆك بۆشدا هەڵدەسەنگێنێت، لەم کاتەدا؟**

- سەرەتا ڕوودانی ئەم سەردانە خۆی لە خۆیدا گرنگە، نیشانەی ئەوەیە کە کێشەی کوردەکان کێشەیەکی دیار و زەقە لای سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی ئەمەریکا لە گرنگی ئەم سەردانە تێدەگات و ئەم سەردانەشی قبوڵکرد و من دڵنیام کە گفتوگۆکانی نێوانیان کراوە و ڕاشکاوانە بوونە.

*** لە کاتێکدا ئەم هەل و مەرجی ئاڵۆزانە هەیە، ئایا هەڵسەنگاندنتان چییە بۆ ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێناوە؟**

- لە ڕوانگەی ئێمەوە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچونێکی زۆری بەدەستهێناوە، ئابووری ئەو هەرێمە لە گەشەکردندایە و سەقامگیری تا ڕاددەیەکی باش جێگیر بووە.

*** ئایا هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا کە سەرۆکێکی نوێ و ئیدارەیەکی نوێ لە گەڵ خۆیدا دەهێنێت چ کاردانەوە و کاریگەریەکی دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا؟**

ئۆباما ڕای گەیاندووە کە لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا گۆڕانکاری دەکات و لە سەرەتاشەوە دروشمی ئۆباما بریتیی بوو لە « ئەو گۆڕانەی پێویستمانە»، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەو گۆڕانە چۆنە و کەی دەکرێت، کەس ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، دەبێت چاوەڕێ بکەین، هەمیشە دەوترێت یەکەم سەد ڕۆژی سەرۆکایەتی ئەوە دەردەخات کە ئەو سەرۆکە چەند گۆڕانکاری دەهێنێتە ئاراوە و بە چ ڕەوتێك ئەو گۆڕانە دەکات.

***ئێمە دەزانین کە کێشەکانی عێراق تەنها کێشەی سەربازی نین، بەڵکو کێشەی سیاسین، بۆ نموونە پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن پێکەوەبژین و هەروەها ئێستا باس لە ڕوودانی کودەتای سەربازی دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە بە حوکمی ئەوەی ئێوە فەرماندەیەکی سەربازین، ئایا پێشبینی ڕوودانی کودەتای سەربازی دەکەن لە عێراقدا؟**

- نەخێر، ئەوە تێگەیشتنی من نییە بۆ بارودۆخەکە. لە کەنەدا کەلتوری جیاواز و ناوچەی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز هەیە، بەڵام پەیامی گرنگ لە کەنەدا ئەوەیە کە لە دیموکراسیدا سازشکردن هەیە، ڕەنگە هەندێ جار ئەو سازشکردنانە بێ کەموکوڕی نەبن، ڕەنگە بە هۆی گرتنبەری هەنگاوی بچووکەوە بەدەست بهێنرێن، بەڵام باوەڕ و متمانە بە سیستەمە دیموکراسیەکە و بە سازشکردنەکە زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوە ئێمە نیگەران نین لە ڕوودانی جیابوونەوە و کودەتای سەربازی.

*** ئایا عێراق دەتوانێت پەیوەندیگەلێکی باشی لەگەڵ ئێراندا هەبێت، لە کاتێکدا ئێران و ئەمەریکا ناکۆکییان هەیە و هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بوونیان هەیە؟**

- مێژووی ناکۆکی نێوان هەردوو وڵات مێژوییەکی دووردورێژە، بەڵام هەردوولا خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەش و کەلتوری هاوبەشن، بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دیبلۆماسی پێویستە هەردولا بە دوای زەمینەی هاوبەشدا بگەڕێن، لە بواری پەروەردە و کەلتورد و هتد. ئەمانە بناغەی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانن، کە بتوانێت خاڵی ئیجابی دەستنیشان بکەیت و ڕێگەیەکی نوێ بگرێتەبەر دوای ئەو ناکۆکیانە، هەندێ جار هێزە دەرەکیەکان یارمەتیدەر دەبن و هەندێ جاریش دەبنە ئاستەنگ. لەبەر ئەوە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە.

*** وەك فەرماندەیەکی سەربازی تێڕوانینت چییە بۆ ئەگەری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و خوێندنەوەت چیە بۆ هەڵوێستەکانی ئۆباما لە ئاست عێراقدا؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کشاندنەوەی هێزەکانەوە هەبێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی بکەین و ببینین. ئەگەر ئۆباما سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە دەرفەتی باشی لە پێشە بۆ ئەوەی سەرکەوتو بێت، ئەوا هەڵدەستێت بە گرتنبەری هەنگاوی ڕەمزیانە لەسەرەتاوە، دواتر دەبێت چاوەڕێی بکەین و بزانین چۆن کار دەکات.

**کێشەی کوردەکان کێشەیەکی دیار و زەقە لای سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی ئەمەریکا لە گرنگی ئەم سەردانە تێدەگات و ئەم سەردانەشی قبوڵکرد و من دڵنیام کە گفتوگۆکانی نێوانیان کراوە و ڕاشکاوانە بوونە**



پرۆفیسۆر جێمس ئەی. روسل کە بەرپرسی دۆسێی ئاسایشی کەنداوە لە ئۆفیسی یاریدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا، یەکێکە لە ئوستادەکانی ئەکادیمیای دەریایی ئەمریکا و لەبەشی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی وانەکانی ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێتەوە و لە گۆڤاری ستراتیژ ئینسایدیش کە ئەکادیمیای دەریایی ئەمریکا دەریدەکات بەڕێوەبەری نووسینە و وەك نوسەریش لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بەردەوام نووسینەکانی لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاو دەکاتەوە، روسڵ بۆ کاری وەزارەتی بەرگری و بەتایبەتی بۆ چۆنییەتی پاراستنی ئاسایشی کەنداو چەندین جار سەردانی دەوڵەتانی کەنداوی کردووەو دیراسەتی پێشکەشی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کردووە، لەم بوارەشدا پسپۆرە لەسەر (سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو، وزە و نەوت، کویت، عێراق، تێکرای دەوڵەتانی کەنداویش) لەسەر ئاستی سەنتەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکاش روسل یەکێکە لە تۆژەرە دیارەکانی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست Policy council (Middle east )، رۆسل خاوەنی چەندین کتێبە، هەرە دیارەکانیان بریتییە لە (سعودیە لە سەدەی ٢١،هەروەها ستراتیژییەتی چەکی ئەتۆمی و رۆژهەڵاتیکی ناوەڕاستی هاوچەرخ ) بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی دەروەی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست و سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر رۆسل کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

جێمس روسل: بەرپرسی کاروباری ئاسیشی کەنداو لە ئۆفیسی یاریدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ گولان:

# ئەو پێشوازییە گەرمەی بۆش لەسەرۆک بارزانی کرد، دانانە بەو رۆڵە گرنگەی بارزانی کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەیگێڕێت

**بارزانی کەسایەتییەکی سیاسی زۆر گرنگە لە عێراقدا، هەروەها زۆر گرنگە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ تورکیادا**

**ئەمەریکا هەرێمی کوردستان وەک توخمێکی گرنگ دادەنێت بۆ پشتگیری کردن لە پێکهێنانی عێراقێکی یەکگرتوو و ئاشتیخواز و سەقامگیر**

*** هۆکاری بانگهێشتکردنی بارزانی بۆ کۆشکی سپی و پێشوازیکردنی لە لایەن سەرۆك بۆشەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- پێموایە ئەمە دانپێدانانە بەو رۆڵە گرنگەی بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق و لە هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراقدا وەك ناوچەیەکی ئاشتیخواز و سەقامگیر دەیبینێت، بارزانی کەسایەتییەکی سیاسی زۆر گرنگە لە عێراقدا، هەروەها زۆر گرنگە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ تورکیادا.

*** بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپیەوە بە سەرۆکی ئەمەریکای راگەیاندووە کە پاڵپشتی لەو رێککەوتنە ئەمنییەی نێوان عێراق و ئەمریکا دەکات، ئایا ئەم هەڵوێستە چۆن دەخوێننەوە؟**

- پەیوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکاندا، بەتایبەتی لە گەڵ دوو پارتە سەرەکییەکەو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی بۆ ماوەیەکی درێژتر دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ ساڵی ١٩٩١، ئەمەریکا هەرێمی کوردستان وەك توخمێکی گرنگ دادەنێت بۆ پشتگیری کردن لە پێکهێنانی عێراقێکی یەکگرتوو و ئاشتیخواز و سەقامگیر، لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندی ئەمەریکا و سەرکردە کوردەکاندایە کە کوردەکان بەشێکی بەهێزبن لە عێراق و ئەمەریکا نایەوێت کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە. من لەو باوەڕەدام ئەمەریکا هەموو ئامرازێکی بەردەستی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کوردستان وەك بەشێك لە قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز بمێنێتەوە، وەك بەشێك لە حکومەتێکی عێراقی بەهێز بمێنێتەوە.

لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە ئەمەریکا بگاتە ڕێککەوتنێکی خێرا لە گەڵ ئەم دوو دۆستەیدا و باس لە پەیوەندی نزیك بکرێت لەگەڵ خەڵکی کوردستان و دوو پارتە سەرەکییەکە و دوو سەرکردە سەرەکییەکەدا. بەو پێیە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لە گەڵ ئەم دوولایەنەدا پێشکەوتووترە لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە بۆ ماوەیەکی دووردرێژە کار لەسەر ئەم پەیوەندیانە دەکەین و من دڵنیام ئێمە هەوڵ دەدەین کە پەیوەندی نزیکی هاوشێوەی پەیوەندیەکانمان لە گەڵ ئەم دوو پارتە سەرەکییەی کوردەکاندا هەمانە لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراقیشدا دابمەزرێنین

*** ئەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوانیایەوە هەیە، ئەمیان چۆن دەبینیت؟**

- هەردوو وڵاتەکە بەو شێوەیە کار لەسەر مەرج و بڕگەکانی ڕێککەوتنە دەکەن کە لە کۆتاییدا هەردوولا لەسەری ڕێکبکەون، جێی سەرسوڕمان نییە لە کاتی گفتوگۆکاندا جیاوازی لە نێوان هەردوولادا دەربکەوت و سەرهەڵبدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ئەزموونی گفتوگۆ و دانوستاندنی ئەمەریکا لە گەڵ وڵاتانی دیکەدا بڕوانیت بۆ ڕێککەوتن لە سەر بوونی سەربازیانەی ئەمەریکا لەو وڵاتانەدا، ئەوا هەرگیز ئەو ڕێککەوتنانە خێرا و ئاسان نەبوونە، بەو پێیە ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات حاڵەتێکی جیاواز نییە، بەڵام هەروەك سەرۆی ئەمەریکا رای گەیاند متمانەی هەیە جیاوازییەکان چارەسەر دەکرێن و هەردوولا دەگەنە ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

*** سەرۆك مەسعود بارزانی لە واشنتۆنە و پێشبینی دەکرێت لە گەڵ نێردراوی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی تورکیادا کۆببێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەنی ئەمەریکی بەشداری لەم کۆبونەوەیەدا دەکات؟**

- من پێموایە ئەمەریکا ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت لەو گفتوگۆیانەدا، هەروەك پێشتر ئەمەریکا ئاسانکاری کردووە بۆ هێنانەدی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا. هەروەها من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا، مەککین بێت یا ئۆباما درێژە بە هەوڵەکانی ئەمەریکا دەدەن بۆ هێنانەدی پەیوەندیگەلێکی باش لە نێوان تورکیا و کوردەکان، بە چەشنێك هەردولا بتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.

*** بەڕێز ئۆباما پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمەریکا رای گەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا هەوڵ بۆ سازدانی کۆبونەوەی لوتکە دەدات لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەیت کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارەی ئۆباما پێش ئەوەی دەسەڵات بداتەوە دەست ئیدارەی داهاتوو؟**

- دووبارەی دەکەمەوە ئەمە یەکێکە لە نموونەکانی نزیکی دیموکرات و کۆمارییەکان کاتێك ڕووبەڕوی واقیع و هەلومەرجەکەی سەر ئەرزی واقیع دەبنەوە. لە ڕاستیدا هەردوو ئیدارەی دیموکرات و کۆمارییەکان هاوبەشن لەو پابەندبوونەیاندا کە ڕێگەنەدەن هەرێمی کوردستان و باکووری عێراق ببێتە جێی تیرۆریستانی پەکەکە کە هەڵدەستن بە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە و خەڵکی بێتاوان دەکوژن و کردەوەی تیرۆریستی ترسنۆکانە ئەنجام دەدەن لە ناو خاکی تورکیادا، هەروەها هەردوولا، دیموکرات و کۆمارییەکان، هەوڵ دەدەن سوپای تورکیا هەڵنەستێت بە داگیرکردنی بەشێکی گەورەی خاکی باکووری عێراق. من پێموایە کۆنتڕۆڵکردنی ئەو ناوچانەی باکووری بۆ ئەوەی لە لایەن تیرۆریستانی پەکەکە بەکارنەهێنرێت و هەوڵ بدرێت ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا تا ئەو ڕاددەیەی مومکینە سنووردار بکرێن، لە بەرژەوەندی کوردەکان و ئەمەریکاشدایە، من پێموایە ئیدارەی سەرۆك بوش پابەندە بەم ئامانجەوە و ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکاش، بە سەرۆکایەتی مەککین بێت، یان ئۆباما بێت هەوڵ دەدەن باکووری عێراق هەرێمێکی پڕ لە ئاشتی بێت و هەوڵی سنووردارکردنی سنووربەزاندنەکانی تورکیا دەدەن کە کاردانەوەن بۆ کارەکانی پەکەکە. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نابێت بۆ من ئەگەر ئۆباما دەستپێشخەری بکات بۆ کۆکردنەوەی سەرکردە سیاسییەکانی هەردوولا بۆ ئەوەی پابەندبن بەم ئامانجە هاوبەشانەوە.

*** ئایا هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا کە سەرۆکێکی نوێ و ئیدارەیەکی نوێ لە گەڵ خۆیدا دەهێنێت چ کاردانەوە و کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە. من بۆ ماوەی بیست ساڵە لە بواری کاروباری وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاردەکەم و ئەوەی جێی سەرنج و بایەخە ئەوەیە کە کۆدەنگییەکی سەرنجڕاکێش هەیە لە نێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنمان لە گەڵ ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەوەی هەردوو پاڵێوراو بانگەشەی ئەوە دەکەن سیاسەتەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز دەبێت لە ئاست ناوچەکە و عێراقدا، ئەوا من پێشبینی دەکەم هەلومەرجی ناوچەکە و عێراق گرتنبەری سیاسەتێکی هاوشێوەیان بەسەردا دەسەپێنێت و من پێشبینی دەکەم هەردوو پاڵێوراو پابەندبن بەو ڕێککەوتنە ئەمنییەی لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا دێتەدی بۆ ڕێکخستنی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا. مەککین و ئۆباما هاوڕان لەسەر ئەوەی بوونی عێراقێکی سەقامگیر و ئاشتیخواز کە ئاوێتەی سیستەمی سیاسی و ئابووری ناوچەکە بێت، لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا دەبێت. لە ڕوانگەی عێراقییەکانەوە ڕەنگە جیاوازیەکی گەورە لە خیتابی هەردوو پاڵێوراودا بەدی بکەن، بەڵام بەتێڕوانینی من هەر پاڵێوراوێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا ڕووبەڕووی هەمان واقیع و بارودۆخ دەبێتەوە و هەوڵی پابەندبوون دەدات بە ڕێککەوتنەکە و بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکی درێژخایەن و شەفافەوە لە گەڵ عێراقدا و هەردوولا دەبێت ڕووبەڕووی کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ببنەوە، کە من پێموایە عێراقیش ڕۆڵی دەبێت لەوەی ڕووداوەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن لە ماوەی ١٠ بۆ ١٢ مانگی داهاتوودا لە گەڵ ئێراندا. پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییە درێژخایەن و بەهێزەش لەگەڵ عێراقدا هاوشێوەی ئەو پەیوەندییە سەربازیی و سیاسیانە دەبێت کە ئەمەریکا لە گەڵ شەریك و هاوپەیمانەکانی دیکەدا هەیەتی لە ناوچەکەدا، وەك کوەیت و سعودیە و بەحرین و قەتەر.

**ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا، مەککین بێت یا ئۆباما درێژە بە هەوڵەکانی ئەمەریکا دەدەن بۆ هێنانەدی پەیوەندیگەلێکی باش لە نێوان تورکیا و کوردەکان**

**ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکاش، بە سەرۆکایەتی مەککین بێت، یان ئۆباما بێت هەوڵ دەدەن باکووری عێراق هەرێمێکی پڕ لە ئاشتی بێت و هەوڵی سنووردارکردنی سنووربەزاندنەکانی تورکیا دەدەن**




■■■

دیڤید ئیل.فلیبس یەکێکە لە پسپۆرەکانی کاروباری دەرەوە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکی سەنتەری وەرگرتنی رێوشیوێنی خۆپارێزییە لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (CFR)، هەروەها یەکێکە لە تۆژەرانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و یەکێکە لە تۆژە بەناوبەنگەکانی دۆسێی کورد و عێراقیش لەسەنتەری ئاشتی بۆ جیهان لە زانکۆی ئەمریکا .

ئەم دیبلۆماتە بەناوبانگەی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٢ و پێش رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن، شێوازی فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بە باشترین رێگە چارە بۆ بونیادنانەوەی عێراق لەقەڵەمداوە، فلیبس ئەم باسەی لە کۆنگرەی ( کورد کلیلی سەرەکی سەقامگیری عێراقە) پێشکەش کردوو پاشان بڵاویکردەوە، هەر ئەم دیراسەتەش بووە بنەمای تەبنی کردنی چەمکی فیدرالی لەلایەن لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و پاشان لەرێگەی بایدنەوە بووە ئەو پرۆژەیەی کە ساڵی پار لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات خرایە دەنگدان و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا.

داڤید فلیبس لەسەر مەسەلەی گەڕانەوەی کەرکووکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە و دیبلۆماتە ئەمریکییانەی پشتگیری لە کوردستانییەتی کەرکوك دەکات و لەرۆژی ٢٠٠٨/٥/٩ یش یەکێك بوو لەو پسپۆرانەی لە کۆنفراسی ئایندەی کەرکووك لە کۆنگریس بەشداریکردووە و راو بۆچوونی خۆی راشکاوانە بە کۆنگریس راگەیاندووە.

لەسەردانی ئەمجارەی سەرۆکی کوردستانیش بۆ کۆشکی سپی، فلیبس یەکێك بووە لەو دیبلۆماتە ئەمریکییانەی بۆ بەخێرهاتن سەردانی سەرۆك بارزانی کردووە لە واشنتۆن.

بۆ هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان بۆ واشنتۆن و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆك بۆشەوە، داڤید فلیپس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

■■■

### دیڤید فلیبس پسپۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# سەرۆک مسعود بارزانی بەوپەری رێزەوە لەلایەن حکومەت و گەلی ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا

*** چۆن سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بۆشدا هەڵدەسەنگێنێت؟**

-من شەوی رابردوو( مەبەستی شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەمەی رابردووە) ئەو شانسەم بۆ هەڵکەوت لەگەڵ بارزانیدا قسەبکەم، ئەوەی تێبینیم کرد هەموو ئەندامانی شاندەکە بە ئیجابییەوە لە سەردانەکەیان دەڕوانی، گومان لەوەشدا نییە کە پەیوەندی نزیکی و گەرم و گوڕ لە نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بنیاتنراوە.

*** هۆکاری داوەتکردنی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی لە لایەن سەرۆك بۆشەوە چۆن دەبینی؟**

- من نازانم هۆکارەکان چین، بەڵام مەزەندە دەکەم بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو هاوکارییە بێت لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە. هەروەها دەرفەتێکی گەورەشە بۆ ئەوەی تورکیا

■■■

ئەو شانسەم بۆ هەڵکەوت لەگەڵ بارزانیدا قسەبکەم، ئەوەی تێبینیم کرد هەموو ئەندامانی شاندەکە بە ئیجابییەوە لە سەردانەکەیان دەڕوانی

■■■

■■■

پەیوەندی نزیکی و گەرم و گوڕ لە نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بنیاتنراوە

■■■

و ئەمەریکا و کوردەکان پتر هاوکاری یەکتر بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی نیگەرانییە ئەمنییە هاوبەشەکان و من دڵنیام گفتوگۆ لە بارەی ئەم مەسەلانەوە کراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچییەك لە توانایدا بێت دەیکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم نیگەرانیانە.

*** بەڕێز مەسعود بارزانی لە واشنتۆنە و پێشبینی دەکرێت لە گەڵ نێردراوی تایبەتی تورکیادا کۆببێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەنی ئەمەریکی بەشداری لەم کۆبونەوەیەدا دەکات؟**

- گرنگ ئەوەیە ئەم کۆبونەوەیە لە واشنتۆن ئەنجام دەدرێت، چونکە ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەمەریکا پشتگیرییەکی بەهێز لە ئەنجامدانی دانوستاندن دەکات لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیادا، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا تورکیا و هەرێمی کوردستان چەندین خاڵی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، ئەمەش گرنگە بۆ پرۆسەی هێنانەدی تێگەیشتنێکی هاوبەش و دووبارە دەستپێکردنەوەی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان هەردولادا.

*** کورد پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەکەن لە عێراق و تاکە لایەنن کە پاڵپشتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە دەکەن، ئایا پێشبینی دەکەین لە بەرامبەردا ئەمەریکا پشتگیری لە کوردەکان بکات؟**

- کوردەکانی عێراق باشترین دۆستی ئەمەریکان لە عێراقدا و ئەمەش لە چەند رووەوە دەرکەوتووە، کاتێك باسی پشتگیری دەکەین، دەبێت جەخت لەسەر بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و بەردەوامیدان بە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن بکەینەوە بۆ کوردەکانی عێراق و ئەمەریکاش هاوپەیمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجانە.

*** چۆن لە پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڕوانیت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوانیایەوە هەیە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە عێراق هەوڵی پاراستنی سەروەری وڵاتەکەی دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی سەپاندنی خشتەی زەمەنی و مەرجی سنووردار دەدات بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەدا، من متمانەم بەوە هەیە کە عێراقییەکان و ئەمەریکییەکان دەگەنە تیڕوانینی هاوبەش لە سەر ئەو مەسەلانە.

*** بەڕێز ئۆباما پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمەریکا رای گەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا هەوڵ بۆ سازدانی کۆبوونەوەی لوتکە دەدات لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەیت کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارەی ئۆباما پێش ئەوەی دەسەڵات بداتەوە دەستی ئیدارەی داهاتوو؟**

- من دڵنیانیم لەوەی ئیدارەی داهاتوو هەڵدەستێت بە سازدانی لوتکەیەك یان هەڵدەستێت بە هاندانی، بەڵام ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر بایەخدان بە پەیوەندییەکانی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش ناکۆك نابێت لەگەڵ ئەو شێوازەی سەرۆك بۆش تا ئێستا گرتوویەتییەبەر، بەڵام رەنگە پتر گوڕ و تینی پێ بدرێت و شێوازی نوێ بگیرێتەبەر لە لایەن ئیدارەی داهاتووەوە بەتایبەتی ئەگەر ئۆباما ببێتە سەرۆکی ئەو ئیدارەیە، لەبەر ئەوەی ئۆباما دان بەوەدا دەنێت کە ئەمەریکا و تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە کە دەبێت زیاتر پەرەی پێ بدرێت.

***بێگومان هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا سەرۆکێکی نوێ و ئیدارەیەکی نوێ لە گەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئایا ئەم گۆڕانکارییە چ کاردانەوە و کاریگەریەکی دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا؟**

- ئێمە هەموومان خوازیاری ئەوەین عێراق سەقامگیر بێت و خاوەنی سەروەری بێت و کوردەکانیش رۆڵێکی گرنگ ببینن لە هێنانەدی ئەم ئامانجانەدا، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بۆ هەتایە هەتایە لە عێراقدا نامێنێتەوە، خەڵکی ئەمەریکاش پێیان وایە کە ئەمەریکا قوربانییەکی گیانی و ماددی زۆری داوە و کاتی ئەوە هاتووە عێراق جێبهێڵن و عێراقێکی سەقامگیر بێتە ئاراوە کە بتوانێت بەرژەوەندی و پێویستییەکانی خەڵکەکەی دابین بکات.

*** بەم دواییە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی راپۆرتێکی بە ناونیشانی « نەوت بەرامبەر بە زەوی» بڵاوکردەوە کە تایبەتە بە کێشەی کەرکوك، ئایا ئەمە ڕێگرنابێت لەگەڕانەوەی کەرکووك بۆسەر هەرێمی کوردستان؟**

- من نازانم بڕگە و مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتنە چین، بەڵام شاری کەرکووك دەبێتە بەشێك لەو هەرێمەی پێی دەوترێت هەرێمی کوردستان و ئەم هەرێمەش مومارەسەی خۆبەڕێوبردن و کۆنترۆڵی خەڵکەکەی و سەرچاوەکانی دەکات.

*** دوا وتەت دەربارەی سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمەریکا؟**

- گرنگە ئەوە بزانین کە کاتێك بۆ یەکەمجار و ١٧ ساڵ پێش ئێستا بارزانی سەردانی ئەمەریکای کرد وەك ئێستا ئەو پێشوازییەی لێنەکرا، بەڵام ئەم جارەیان بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لە گەڵدا کرا لە لایەن گەل و حکومەتی ئەمەریکاوە، من زۆر خۆشحاڵم بەو بەرەوپێشچوونەی کوردەکانی عێراق بەدەستیان هێناوە، لە گەڵ ئەو پەیوەندییە دۆستانە بەهێزەدا کە بارزانی لە گەڵ ئەمەریکا بنیاتی ناوە.

**کوردەکانی عێراق باشترین دۆستی ئەمەریکان لە عێراقدا و ئەمەش لە چەند رووەوە دەرکەوتووە**

**ئۆباما دان بەوەدا دەنێت کە ئەمەریکا و تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە کە دەبێت زیاتر پەرەی پێ بدرێت**

**شاری کەرکووك دەبێتە بەشێك لەو هەرێمەی پێی دەوترێت هەرێمی کوردستان و ئەم هەرێمەش مومارەسەی خۆبەڕێوبردن و کۆنترۆڵی خەڵکەکەی و سەرچاوەکانی دەکات**



# لە ئاسایبوونەوەی پەیوەندیەکانی هەولێر و

●●●
**ناکرێت چاوەڕێی هەنگاوی زۆر گەورە لە تورکیا بکرێت و دەبێت هەوڵبدرێت هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ تورکیا پەرە بە پەیوەندی و چارەسەری کێشەکان بدرێت**
●●●

هەولێر چەند پێویستی بەوەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ئاسایی بێتەوە، ئەنکەرە زیاتر پیویستی بە ئاسایبونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم پێداویستییە هاوبەشەی هەردوولا دەبێت ئامانجێکی هاوبەشی لێبکەوێتەوە و دەبێت هەردوولاش باردۆخی یەکتری بە چاوی واقعبینانە سەیر بکەن.
لەوانەیە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە ئامادەباشی حکومەتەکەیان بۆ ئاشتی و دیالۆگ و پەرەنسیپی هاوسێیەتی باش لەگەڵ تورکیا هەست بە جۆرێك لە ناهاوسەنگی بکەن، لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا هاوشێوەی حکومەتی کوردستان هەنگاوی جدی هەڵناگرێت، بەڵام کاتێك ئەم باسە دەبێتە هەڵسەنگاندن یان رۆشنبیرانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، ئەو داوایەمان لێدەکەن چاو لەو ناهاوسەنگییە بپۆشین و هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەبێت پشتگیری بۆ رەوتی گۆران و دیموکراسی لە تورکیا زیادبکەین و ئێمە هاندەر بین بۆئەوەی تورکیا هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت.
ئێمە وەك توێژە رۆشنبیرەکە و وەك رۆژنامەنووسیش کە بەردەوام هەوڵمان بۆ ئەوەیە ئەو حاجزە دەروونییەی تورك بشکێنین و بگەینە ئەو هەقیقەتەی کە هەرێمی کوردستان ئەو واقیعەیە بوونی هەیە و دەستووری عێراق دانی پێداناوە و سەرجەم دراوسێکان بێجگە لە تورکیا رێز لەو کیانە شەرعیە دەگرن، تورکیاش پێیخۆش بیت یان نە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە دراوسێکانی و دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام دیسان چاوپۆشی لەو تێڕوانینە سلبیانە دەکەین کە لەهەندێك ناوەندی تورکەوە گوێبیستی دەبین، ئەم چاوپۆشییە لە پەرۆشییەوە بۆ سەرکەوتنی ئەو توێژەی کەهەست دەکەین بەداخەوە هەتا ئێستا کەمینەن، بەڵام ئاراستەی بیرکردنەوەیان دیموکراتیانەیە و حەزناکەن لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا هیچ کێشەیەك هەبێت، هەربۆیە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان هەمووکات لە رووماڵکردنی هەواڵ و بەرەو پێشەوە چوونەکانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هەوڵمانداوە ئەو بیروبۆچوونانە بۆ خوینەرانی خۆمان بگوازینەوە کە لە تورکیا بوونی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوێنەرانی ئێمە بزانن کاری



# ئەنکەرەدا خەریکە هەنگاوەکان خێرا دەبن

دیبلۆماتی و ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نییە و نابێت بە دیدی هەرێمی کوردستان سەیری ئاسایی بوونەوەی ئەو پەیوەندییانە بکرێت.،دەمانەوێت ئەوە بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین کە پێکهاتەی تورکیا وەك دەسەڵات جیاوازە لە پێکهاتەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و تورکیای نوێ لەسەر ئاسەواری ئیمپراتۆیەتی عوسمانی وەك لایەنێکی دۆڕاوی شەڕ دامەزراوە، هەربۆیە ئەو بیرەی کە هاوڵاتییانی تورکیای پێگۆشکراوە و هەتا ئێستاش باڵی عەسکەر و پارتە ناسیونالیستەکانی تورکیا هەر بە هەمان ئاراستە شەقامی سیاسیی تورکیا ئاراستە دەکەن و هەوڵدەدەن هاوڵاتییانی خۆیان بگەیەننە قەناعەت کە نەتەوەی تورك بەسەر هەموو نەتەوەکانی جیهان باڵادەستەو هیچ هێزێك نییە ئەم باڵا دەستییە بشکێنێت.

ئەم بیرکردنەوەیە هەر بەتەنیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان نییە کە بەهەموو حسابێك تورکیا لە ئێمە باڵادەستترە، بەڵکو بەرامبەر بە ئەمەریکاش هەروا بیردەکەنەوە و، پێیان وایە تورکیا دەبێت لە ئەمەریکاش بە هێزتر بێت.

دەسەڵاتی عەسکەری تورکیا کاتێك لەگەڵ ئەمەریکا قسەدەکەن، حەزدەکەن وتووێژەکان بەو ئاراستەیە کۆتایی پێ بێت و رۆژنامەکان بەو جۆرە بڵاوی بکەنەوە، کە شکۆی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پەیوەستە بە بەهێزی دەوڵەتی تورکیاوە و ئەوە ئەمەریکایە پێویستی بە تورکیایە، نەك تورکیا پێویستی بە ئەمەریکا بێت.

ئەو کاتەی تورکیا هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە بیانوی هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پەکەکە، ژەنراڵەکان بە گشتی و یەشار بیوکانت بەتایبەتی مەبەستی بوو ئەوە بە شەقامی تورکیا بڵێت، کە ئەمەریکا ناتوانێت خواستی تورکیا رەتبکاتەوە و ئەوە هەرێمی کوردستان کە لەژێر چەتری پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدایە، بەڵام دەرگای لەبەردەم سوپای تورکیا واڵایە.

ئەمەریکا لەم بیرکردنەوەیە و ئەو پەروەردەیەی شەقامی سیاسیی تورکیا تێدەگات، بەڵام بۆئەوەی سنورێکیش بۆ ژەنراڵەکان دابنێت، رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا بەشەخسی چووە تورکیا بۆ ئەوەی ژەنراڵەکان

ژەنراڵەکانی تورکیا باش دەزانن کە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڵکو تەواوی هێزەکانی ناتۆش ناتوانن لە ناوچەیەکی سنووری شاخاوی نێوان دوو دەوڵەتدا کێشەی ژمارەیەک چەکدار چارەسەر بکەن



ئاگابێنێتەوە و پەیامی سەرۆك بۆشیان پێبگەیەنێت، بەڵام بە چ زمانێك، بێگومان بە زمانێك کە ژەنراڵەکان بتوانن لەبەردەم شەقامی سیاسیی تورکیا ئاوی نەوچەوانیان بسڕن، هەربۆیە گیتس بە بیوکانتی راگەیاند : سەرۆك بۆش داوا دەکات بە زووترین کات لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکشێنەوە، ئێمە هەڕەشە لە تورکیا ناکەین بەڵام بۆ باردۆخەکە واباشترە بکشێنەوە، ئەم زمانەی گیتس لەبەر چاوگرتنی رای گشتی تورکیا بوو، بەڵام بیوکانت زیاتری دەویست، هەربۆیە بە زمانێکی گاڵتەئامێز و بە تاکتیکێکی دیبلۆماتی وەڵامی گیتسی دایەوە و پێی گوت : ( ئێمە زوو دەکشێنەوە بەڵام زووکشانەوە جاری واهەیە رۆژێکە و جاری واش هەیە ساڵێکە) گیتس لەبەرامبەردا بیدەنگی ئاشکرای هەڵبژارد، بێگومان بێدەنگی وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە لاوازییەوە نەبوو، هەربۆیە کە بەنهێنی سەرۆکی ئەرکانی تورکیایان ئاگادارکردەوە، بەوەی ئەو داوایە جدییە و کارەساتی گەورەی بە دوادا دێت، سوپای تورکیا فریای ئەوە نەکەوت هەواڵی کشانەوەکە بداتە میدیاکان و لە ویبسایتی ئەرکان بڵاویانکردەوە دەستمانکردووە بەکشانەوە.

یەکێتی ئەورووپاش ئەم واقیعە دەزانێت، هەربۆیە کە دێتە سەر باسی ئەندامییەتی تورکیا لەیەکێتی ئەورپا هەوڵدەدات هەنگاو بەهەنگاو مەرجەکانی پێجێبەجی بکات، هەربۆنمونە، دەستووری تورکیا پێویستی بە گۆڕینی دەیان مادە هەیە هەموار بکرێت، بەڵام ئۆڵی رەهیل کۆمسیاری باڵای یەکێتی ئەورپا کە لێدوان دەدات، دەڵێت : وتوویژەکانمان سەبارەت بە هەمواركردنی مادەی ٣٠١ ی دەستووری تورکیا، ئەگەر ئەم مادەیە هەموار بکرێت وتوویژەکان دەچنە پێشەوە، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کاردانەوەی شەقامی سیاسیی تورکیا بەرامبەر ئەم تەنیا داوایە پێداگیری زیاترە لەسەر نەگۆڕینی، هەربۆ تەحەدداش ئەوەی ئەو مادەیە ببەزێنێت لەلایەن تورکە ناسیونالیستەکانەوە دەکوژرێت هەر وەك چۆن لە ٢٠٠٧ رۆژنامەنووسە ئەرمەنیەکەیان کوشت لەبەر ئەوەی سنووری ئەو مادەیەی بەزاندووە.

ئاماژەکردن بۆ ئەم نموونانە مانای ئەوە نییە تورکیا هەرچی وت کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بڵێت باشە، بەڵکو ئەم ئاماژەکردنانە بۆ ئەوەیە کە ناکرێت چاوەڕێی هەنگاوی زۆر گەورە لە تورکیا بکرێت و دەبێت هەوڵبدرێت هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ تورکیا پەرە بە پەیوەندی و چارەسەری کێشەکان بدرێت.

هەربۆنمونە هەندێك ئاستەنگ کە لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دروست بوون، لەبنەڕەتدا ئەو ئاستەنگانە بوونیان نییە، بەڵکو سوپا و ناسیونالیستی تورك بۆئەوەی باردۆخی کوردستانی تورکیا هەر بە نائارامی بهێڵنەوە و ئیعتراف بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکرێت، خۆیان ئەو ئاستەنگانە دروست دەکەن و بەوشێوەیەش بیانەوێت رای گشتی تورکیای بۆ ئاراستە دەکەن.

ئەگەر نا ژەنراڵەکانی تورکیا باش دەزانن کە نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڵکو تەواوی هێزەکانی ناتۆش ناتوانن لە ناوچەیەکی سنووری شاخاوی نێوان دوو دەوڵەتدا کێشەی ژمارەیەك چەکدار چارەسەر بکەن.

ئەوانەی بۆ ئەم راپۆرتە و راپۆرتەکانی پێشتریش دیمانەمان لەگەڵدا کردوون، هەموو ئەو کەسانەن کە بەرادەیەکی زۆر لە حکومەتەوە نزیکن، هەموویان وەك ئەمجارەش لەم راپۆرتەی رۆژنامەنووس سامی کۆهین جەختی لەسەرکردۆتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە رای

●●●

**گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم سیاسەتی تورکیا رای گشتی تورکیایە، ئێستا ئۆباما کە پاڵیوراوی دیموکراتەکانە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا و زۆر نزیکە ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، مەترسی رای گشتی تورکیای بە ئاستێک لەبەرچاو گرتووە**

●●●

گشتی تورکیا پێی وایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو هەڕەشانە رابگرێت بەڵام هەرێمی کوردستان خۆی نایەوێت ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت، ئەمە لە کاتێکدا سوپای تورکیا بە هەموو هێزی خۆیەوە نەیتوانیوە ئەو هەڕەشەنانە بنبڕ بکات.

## هەنگاو بە هەنگاو بۆ خاوکردنەوەی ئاڵۆزییەکان

سامی کۆهین کە بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت قسەی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات ئاسایبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەنگاو بە هەنگاوە، بێگومان ئەم رۆژنامەنووسە شارەزایە هەست دەکات کە ئەم پەیوەندیبانە پیویستیان بەوە هەیە زەمینەیەك بڕەخسینرێت هەتا رای گشتی تورکیا بتوانێت قبوڵی بکات، ئەوجا نەك هەر سامی کۆهین، لە ژمارەی رابردووی گوڵاندا، بەرێز هنری بارکی کە بە ناوبانگترین شرۆڤەوانی سیاسی ئەمەریکایە لەسەر سیاسەتی تورکیا ئاماژەی بەوەکردبوو، گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم سیاسەتی تورکیا رای گشتی تورکیایە، ئێستا ئۆباما کە پاڵیوراوی دیموکراتەکانە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا و زۆر نزیکە ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، مەترسی رای گشتی تورکیایی بە ئاستێك لەبەرچاو گرتووە، کە ستراتیژییەکی تایبەت بۆ مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا پیادەبکات.

ئۆباما لەم ستراتیژە تازەیەی ئەمەریکا ئاماژە بەوە دەکات تەنیا ١٢٪ ی تورکەکان پشتگیری سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن، ئەم رێژەیە بە ئاستێك نزمە کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت تورکیا وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی سەر بەرۆژئاوا لە دەست بچێت و ئاراستەیەکی سلبی بگرێتەبەر.

## پەیامەکانی هەولێر
## شەقامی تورکیایی هێورکردۆتەوە

گرنگترین خاڵ ئەوەیە زۆربەی رای گشتی تورکیا لەوانەیە نەزانن هەولێر یان هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشە دەکەوێتە کوێوە، ئەگەر بشزانن لەوانەیە نەزانن سرۆشتی تۆپۆگرافیای هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچە سنوورییەکانی نیوان هەرێمی کوردستان تورکیا چۆنە، ئەوان وا هەست دەکەن سنووری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنیا پردەکەی سلۆپی و دەروازەی ئیبراهیم خەلیلە، ئەوان لە کویێ ئاگاداری ئەوەن کە بەدرێژای ٢٠٠-٢٥٠ کم سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە و ئەو سنوورەش شاخاوییە.

بۆیە کاتێك پەیامەکانی هەولێر بە ئاراستەیەکی هێمن ئاراستەی ئەنکەرە دەکرێت، کە هیچ لایەك بەرژەوەندی لە خوێن رشتن نییە و وەرن با وتوویژ بکەین و لەسەر ئەرزی واقیع چارەسەرێکی عەمەلی بدۆزینەوە، شەقامی



سیاسیی تورکیا هەندێك هێور دەبێتەوە، خەریکە لەوە تێدەگەن کە مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە دەمانەوێت کێشە بۆ ئێوە دروست بکەین، بەڵکو بنەمای کیشەکە سیاسییە و سەربازی نییە، لەم کێشەیەدا چارەسەری سەربازی مەسەلەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات، بەڵام هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی سیاسیی هەموو لایەنەکان کۆدەکاتەوە هەر ئەم رێگەیەش بەرەو ئەو ئامانجە هاوبەشەمان دەبات کە ئاشتی و سەقامگیری هەردوولایە.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووە بەو ئاراستەیە گەشبین بین کە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەردەکرێن، بەڵام هەموو میدیای تورکیا و جیهانیش ئاماژە بەوە دەکەن پەیامەکانی هەولێر هەنگاوەکانی خێراتر کردوووە، هەربۆیە گەشبینیش بەسەر رەشبینیدا زاڵبووە.

**هێشتا زووە بەو ئاراستەیە گەشبین بین کە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەردەکرێن، بەڵام هەموو میدیای تورکیا و جیهانیش ئاماژە بەوە دەکەن پەیامەکانی هەولێر هەنگاوەکانی خێراتر کردوووە**

بیل پارك تۆژەری ئەکادیمیای بەرگری بەریتانیا و مامۆستایە لە کینگ کۆلیژ لە زانکۆی لەندەن، بیل پارك بواری کارکردنی بریتییە لە (سیاسەتی دەرەو سیاسەتی ئاسایشی تورکیا، عێراق، هەروەها ئاسیشی ئەوروپا) پارك لە توێژینەوەکانیدا بایەخێکی زۆری داوە بەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان و کتێبیکیشی بە ناونیشانی (کوردەکانی عێراق و تورکیا: تەحەدین بۆ سیاسەتی ئەمەریکا)، هەورەها توێژینەوەیەکیشی هەیە بە ناو نیشانی (ئاستەنگە سیاسییەکان : تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، باکوری عێراق) بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و ئەو بەرەو پێشچونانەی چاوەڕێی دەکرێن، پەیوەندیمان بە بەڕێز بیل پارك کردو بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



### بیل پارک پسپۆر و تایبەتمەند لەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# تورکیا درەنگتر لە ئێران لە واقیعی عێراق تێدەگات و، سڵدەکاتەوە لەهەر جۆرە دان پێدانانێک بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

***ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بۆ هەردوولا زیانی هەیە، بۆیە کاتێك گوێبیستی ئەوەدەبین ئەم ئاڵۆزیانە خاودەبنەوە، هەستدەکەین بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوولا جارێکی دیکە زیندو دەبنەوە، ئایا چۆن لەم خاوبونەوەیە دەڕوانن؟**

- من پێم وایە لەم ساتەوەختەدا تورکیا و کوردەکان هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و من لەو باوەڕەدام کە هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان دەدەن تا ئەو رادەیەی مومکینە، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشداری دەکات یان نا، لە واشنتۆندا هەڵوێستی جیاواز هەیە، هەندێ لایەن پێیان باشترە کە لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییانە بن، هەرچەندە هەڵدەستن بە هاندانی بەرەوپێشبردن و باشترکردنی ئەو پەیوەندیانە، ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وا هەست ناکەن پێویست بێت لایەنگیری لە لایەنێکی دیاری کراو بکەن، لەبەر ئەوەی هەردوولایان هاوپەیمانی ئەمەریکان. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەزمونی کاری سێ قوڵی هەیە لە نێوان ئەمەریکا، و کوردستانی عێراق و تورکیادا، کە هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و بە گومانەوە لەو ئەزمونە دەڕوانن و خوازیاری ئەوەنین کە پابەندبن پێیەوە.

*** چۆن لە هەوڵەکانی هەردولا دەڕوانیت بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتریدا ؟**

- باشترکردنی ئەو پەیوەندیانە لە بەرژەوەندی هەردوولایە. هەرێمی کوردستانی عێراق هەوڵ ئەدات کە تورکیا نەبێتە دوژمن و دژایەتی کوردستان نەکات، بە تایبەتی کە تورکیا نائاسودەیە بەرامبەر هەنگاونانی کوردستان بۆ جۆرێك لەسەربەخۆی. لە لایەکی دیکەوە کوردستان هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەك دەدات لەگەڵ تورکیا بۆ بەرەنگاربونەوەی بەرهەڵستی عەرەبەکانی عێراق و ناوچەکە بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان. تورکیاش پێویستی بە کوردستانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پەکەکە و بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە بازرگانیەکان. لەبەر ئەوە هەردوولا هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن. نیگەرانی من ئەوەیە کە تورکیا داوای ئەنجام لە کوردستان دەکات لە کێشەی پەکەکەدا و کوردستانیش ئەو توانایەی نییە، واتە تورکیا داوایەك لە کوردستان دەکات کە لە توانایدا نییە بیهێنێتەدی. ئەمە نیگەرانی منە.

*** بەڵام ئێرانیش دراوسێی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بە ئاستی تورکیا نیگەرانی نییە، پێت وانەیە ئێرانییەکان ئەزمونیان زیاترە؟**

- من پێم وایە تورکیا پتر نیگەرانە لە بارەی بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستانەوە وەك لە ئێران، بە تایبەتی کە رێژەی دانیشتوانی کورد لە تورکیادا زۆر گەورەترە و نزیکەی لە سەدا ٢٠ی تێکڕای دانیشتوانی

ÖNEM
کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە

ئەو وڵاتە دەبێت. لە لایەکی دیکەوە هەر لە سەرەتاوە تورکیا نیگەران بوو لە دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و دواتر پێداگیری لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەبێت لە عێراقدا. من پێم وایە تورکیا درەنگتر لە واقیعی عێراق تێدەگات وەك لە ئێران. لەبەر ئەوە نیگەرانییەکانی تورکیا گەورەترن و تورکیا سڵ دەکاتەوە لەوەی هەڵبستێت بە هەر جۆرە دان پێدانانێك بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. بەڵام ئەو هەنگاو و هەوڵانەی تورکیا لە ماوەی چەند مانگی رابردودا گرتونیەتیەبەر شکاندنی ئەو ئاستەنگ و بیرباوەڕە پێشوەختانەیە و هەنگاوی بوێرانەن.

*** ئایا تورکیا و حکومەتی کوردستان پتر لێك نزیك دەبنەوە؟ئەمە لە کاتێکدا تورکیا پێی وایە هێشتا زووە بۆ کردنەوەی نوسینگەیەکی دیبلۆماسی لە هەولێر؟**

- رەنگە لە ئایندەدا نووسینگەیەك لە هەولێر بکاتەوە، بەڵام نەك باڵیۆزخانە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا لە هەوڵی بەرفراوان کردنی پەیوەندیەکانیدایە لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکاندا و دەستپێشخەری دیبلۆماسی تورکیا بۆ کوردستانی عێراق بەشێکە لە سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتە لە ئاست عێراقدا. من پێم وایە تورکیا لە سەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بە مەرکەزی بکرێت لە عێراقدا تا ئەو رادەیەکی مومکینە. من لەو باوەڕەدام کە تورکیا خۆی لەگەڵ واقیعی کوردستاندا رادەهێنێت کە بریتیە لە بوونی حکومەتێك لەو هەرێمەدا کە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەچێت، تورکیا ناتوانێت بە شێوەیەکی رەسمی دان بەم حکومەتەدا بنێت، بەڵام بە شێوەیەکی نارەسمی ئەو واقیعە قبوڵ دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

*** بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە سەرکەوتووبن دەبێت خەڵکی تورکیا و کوردستان پشتگیری لێبکەن، خەڵکی کوردستان بە خۆشحاڵیەوە لەم هەنگاوانە دەڕوانن و پێیان وایە ئەمە خزمەت بە بەرژەوندیەکانی هەردولا دەکات، بەڵام ئەم هەستە لای خەڵکی تورکیا بەدی ناکەین، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە هەڵەیەکی مێژوی کرا، کاتێك بە تەواوەتی دانیشتوانی کوردی ئەو وڵاتەی لە خۆنەگرت و تورکیا نەبووە دەوڵەتێك کە خاوەنی دوو نەتەوە بێت. ئایدلۆژیای رەسمی تورکیا پتر جەختی لەسەر خەسڵەتی تورکیبون کردەوە، هەروەك ئێوە لە من باشتر دەزانن کە ئەمە سەری کێشا بۆ ناکۆکە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا کە بووە هۆی کڵپەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە ناو تورکیادا. لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت تورکیا بەو شێوازەدا بچێتەوە کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کوردی وڵاتەکەیدا گرتویەتیەبەر. ئەگەر تورکیا پەیوەندیگەلێکی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا دابمەزرێنێت ئەوا کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی کوردی وڵاتەکەیدا.

*** ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان دەبێتە هۆی پەرەپێدانی پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تورکیا ئەم خاڵە لەبەرچاو ناگرێت؟**

- لە ناو تورکیا ژمارەی ئەو کەسانە لە زیادبوندان کە جەخت لەسەر پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابووریەکان دەکەنەوە و رەنگە بتوانین باس لە بوونی « لۆبی هەرێمی کوردستان» بکەین لە ناو تورکیادا کە بایەخ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پەیوەندیانە دەدەن. ئەگەر کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت لە عێراقدا چارەسەرکرا و کوردستان زەمانەتی کۆنتڕۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی خۆی کرد، ئەوا دەروازەی ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە لە رێی تورکیاوە دەبێت، بەو پێیە تورکیا بەرژەوەندی ئابووری راستەقینەی هەیە لە باکووری عێراقدا و تورکیاش بە شێوەیەکی روو لە زیاد هۆشیارە بەم راستیە. ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ترس و نیگەرانییە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانی تورکیا لە ئاست ئۆتۆنۆمی کوردەکاندا. بەڵام تورکیا زیاتر و زیاتر دان بە واقیعی پەیوەندیە ئابووریەکاندا دەنێت و زیاتر لەبەرچاوی دەگرێت.

*** بەرەوپێشچوونی پەیوەندیەکانی ئەنقەرە و هەولێر لە بەرژەوەندی پارتی داد و گەشەپێدانە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا پشتگیری لەم پارتە بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پارتی داد و گەشەپێدان ئەمەی لەبەرچاو گرتووە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی کاتێك لە هەڵوێست و سیاسەتی حکومەتی ئێستای تورکیا دەڕوانین لە ئاست کوردەکاندا، چ کوردەکانی عێراق بێت یاخود کوردەکانی ناوخۆی وڵاتەکە بێت، دەبێت دوو خاڵ لەبەرچاو بگرین، لە لایەك تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەدات و لەم رووەوە ململانێی لەگەڵ هەندێ لە پارتە کوردیەکاندا دەکات. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی تورکیا سەربەخۆییەکی داوە بە دامەزراوەی سەربازی ئەو وڵاتە، کە دامەزراوەیەکی بەهێزە و کاریگەری هەیە لەسەر مامەڵەکردنی حکومەتی تورکیا لەگەڵ کێشەی کورددا، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ ئەوەی تا رادەیەك لە تێوەگلانی لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکە دووربکەوێتەوە. لەبەر ئەوە لە لایەك دەبێت هەڵوێستەکانی نەرم بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوسۆزی کوردەکان، لە لایەکی دیکەوە دەبێت خۆی لە ناکۆکی لابدات لەگەڵ دامەزراوەی سەربازیدا کە هەڵوێستێکی سەرسەختانەی هەیە لە ئاست کێشەی کورددا هەم لە باکوری عێراق و هەم لە ناوخۆی تورکیادا. لەبەر ئەوە پارتی داد و گەشەپێدان ئەرکێکی قورسی لە پێشە بۆ هاوسەنگ راگرتنی ئەم دو مەسەلەیە.

*** تۆ وەك تۆژەرێکی تایبەت لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئایا راسپردەت چییە بۆ ئەوەی هەردولا بتوانن زیاتر پەرە بە پەیوەنیەکانیان بدەن؟**

- من پێم وایە کێشەکە پتر پەیوەستە بە تورکیاوە، نەك بە باکوری عێراقەوە، بۆ نموونە بەم دواییە گرژی ئیتنی لە ناو تورکیادا سەری هەڵدا لە نێوان کورد و تورکەکانی ئەو وڵاتە بە هۆی رووداوەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاوە. ئەگەر گرژی ئیتنیش هەبێت لە تورکیا، ئەوا زەحمەتە بۆ تورکەکان کە پەرە بە پەیوەندی دۆستانە بدەن لەگەڵ باکووری عێراقدا. تورکیا داوای سەرکوتکردنی پەکەکە دەکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، من دڵنیانیم لەوەی ئایا ئەمە شتێکی مومکینە یان، دواتر ئایا کوردەکانی عێراق خوازیاری ئەوەن شەڕ لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا بکەن لە بری تورکیا. حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها دەتوانێت قەناعەت بە تورکیا بکات کە پشتگیری پەکەکە ناکات و هەرچیەکی لە توانادابێت بۆ هاوکاری کردنی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەیکات، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی ئایا کوردەکان بە چ شێوەیەك دەتوانن هاوکاری تورکیا بکەن لە کێشەی پەکەکەدا، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆری لە دەست نایەت و ئەگەر هاوکاریەکی زۆریش نەبێت لە نێوان حکومەتی هەردولادا ئەوا زەحمەتە خەڵکی هەردوولا بتوانن پشتگیری لەم هەولانە بکەن.

●●●

**لەم ساتەوەختەدا تورکیا و کوردەکان هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و من لەو باوەڕەدام کە هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان دەدەن تا ئەو رادەیەی مومکینە**

●●●

●●●

**ئەو هەنگاو و هەوڵانەی تورکیا لە ماوەی چەند مانگی رابردودا گرتونیەتیەبەر شکاندنی ئەو ئاستەنگ و بیروباوەڕە پێشوەختانەیە و هەنگاوی بوێرانەن**


●●●

●●●

**ئەگەر تورکیا پەیوەندیگەلێکی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا دابمەزرێنێت ئەوا کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی کوردی وڵاتەکەیدا**

●●●

کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە
ÖNEM



سامی کۆهین ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:

# دەبێت ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان وەک یۆنان وئەرمینیا هەنگاو بە هەنگاو بێت

**سامی کۆهین ئەو ڕۆژنامەنووسە بە ناوبانگەی تورکیا کە بەرەچەڵەك تورك نییە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەستەنبوڵ هاتۆتە دنیاوە، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسە دەگمەنانەی تورکیا کە بێجگە لەوەی بەردوام بۆ ڕۆژنامەی میللەت دەنووسێت و بەشێکی زۆری وتارەکانیشی لە هەردوو ڕۆژنامەی ئینگلیزی تورکیا دەکرێنە ئینگلیزی و بڵاو دەکرێنەوە، لەسەر ئاستی میدیاکانی ئەمریکاش بەتایبەتی نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست وتار بڵاو دەکاتەوە.**

**کۆهین وەك ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی دەرەوە ناسراوە و زۆربەی ستوونەکانیشی هەر بۆ ئەم تایبەتمەندییە تەرخانکردووە، لای کۆهین سیاسەتی دەروەی تورکیا بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان و عێراق بایەخێکی گرنگی هەیە، هەربۆیە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پەیوەندیمان پیوەکرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردەکان بەرەو پێشدەچن و ڕۆژنامەکانی تورکیا باس لەوە دەکەن کە باراك ئۆباما ڕایگەیاندووە ئەگەر لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا دەیەوێت لوتکەیەك لە نێوان سەرکردەکانی تورکیا و کوردەکاندا ساز بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم بڕیارەی ئۆباما تا چ ڕاددەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر بارودۆخەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەکان لە پرۆسەی بەرەوپێشچووندان، بەتایبەتی دوای ئەو کۆبوونەوەیەی لە نێوان مەسعود بارزانی و نێردراوی تورکیا لە بەغدا ئەنجامدرا، ئەمە سەرەتایەکی نوێ و هەنگاوێکی گرنگ و خاڵی سەرەتایە. لە بواری دیبلۆماسیدا دەبێت هەنگاو بە هەنگاو مەسەلەکان بەرەوپێش بچن، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من باسکردن لە سازدانی لوتکەیەك تا ڕاددەیەك هەنگاوێکی پێش وەختە، بەڵام دەکرێت لە کۆتاییدا ئەم لوتکەیە ساز بکرێت بە مەرجێك ئامادەکاری پێویستی بۆ بکرێت. من نازانم ئەگەر ئۆباما ببێتە سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا چەند ئەم مەسەلەیە دەکاتە ئەولەویەتی ئیدارەکەی، لەبەر ئەوەی ئۆباما گیروگرفتێکی زۆری لە پێش دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات. ئەم مەسەلەیەش دەوەستێتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە لە ئێستاوە تا ئەو کاتە ڕوودەدەن کە ئۆباما دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکا (ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا)، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی پەکەکە و بوونی ئەم ڕێکخراوەوە هەیە لە باکووری عێراقدا، لەبەر ئەوەی کێشەی پەکەکە هۆکارێکی کاریگەرە لەو سیاسەت و دیبلۆماسییەتەی تورکیا بەرامبەر باکووری عێراق دەیگرێتەبەر.

*** پێشبینی دەکرێت سەرۆك بارزانی لە واشنتۆن لەگەڵ نوێنەری سەرۆك وەزیرانی تورکیادا، ئەحمەد ئۆغلۆ کۆببێتەوە، پێت وایە کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ موراد ئۆزچەلیك لە بەغدا سەرکەوتوو بوو، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەیە بۆ پێشەوە؟**

- بەڵێ ئەمە دەقا و دەق ڕاستە، کۆبوونەوەکەی موراد

ÖNEM
کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە

ئۆزچەلیك لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا هەنگاوێکی گرنگ بوو بەتایبەتی بۆ تورکیا، لەبەر ئەوەی پێشتر کۆبوونەوەی لەم چەشنە ئەنجام نەدرابوو، هەروەها دەستپێشخەریەکی نوێ و خاڵی سەرەتا بوو، لە راستیدا وەك هەر پرۆسەیەکی دیبلۆماسی دیکە ئەم پرۆسەیەش دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بێت. خاڵی دووەم ئەگەر بارزانی و داود ئۆغلۆ لە واشنتۆن کۆببنەوە، ئەوا ئەمەش هەنگاوێکی دیکە دەبێت لەو پرۆسەیەدا، هەروەك ئەوەی لەم دواییە تورکیا لەگەڵ یۆنان و ئەرمینیادا کردی. کەواتە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە رووبدات و هەنگاوی دیکەی بە دوادا بێت ئەوا سەردەکێشن بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر.

*** بە تیرِوانینی ئێوە بەڕێز ئۆغلۆ لە بارەی چییەوە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا دەکات، یاخود ئایا پەیامێکی دیاری کراوی سەرۆك وەزیرانی تورکیای هەڵگرتووە بۆ بەڕێز بارزانی؟**

- بەڕێز ئۆغلۆ راوێژکاری سەرەکی سەرۆك وەزیرانی تورکیاوە بۆ سیاسەتی دەرەوە، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە هەڵدەستێت بە دەربڕینی تێڕوانینی حکومەتی تورکیا و شەخسی سەرۆك وەزیرانی تورکیا. ئێمە دەزانین کێشەی پەکەکە کێشەیەکی سەرەکی و ئاستەنگێکی سەرەکییە لە نێوان پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیدارەی کوردی لە باکووری عێراقدا، راستە کێشەی دیکەش هەیە، بەڵام ئەگەر هەردوولا بتوانن بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، ئەوا هەنگاوی دیکەش دەبینین بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر.

*** ئایا تورکیا و حکومەتی کوردستان پتر لێك نزیك دەبنەوە؟، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڕێز عەلی بابا جان رایگەیاند کە بە نیازە بانگهێشتی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستان، بەڕێز نیچیرڤان بارزانی بکات بۆ ئەنقەرە، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا پێی وایە هێشتا زووە بۆ کردنەوەی نووسینگەیەکی دیبلۆماسی لە هەولێر؟**

- بە شێوەیەکی بەرفراوان لە رۆژنامەکانی تورکیادا باس لەوە دەکرا کە بانگهێشتی نیچیرڤان بارزانی دەکرێت بۆ تورکیا، کاتێك ئێمە هەڵساین بە لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە لای لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەرکەوت کە بیر لە هەنگاوێکی لەم چەشنە کراوەتەوە بێ ئەوەی رۆژ و وادەی ئەو بانگهێشتە دیاری بکرێت، بەڵام ئەمە یەکێکە لە هەنگاوەکان و من دڵنیام ئەگەر ئەم گفتوگۆیانە بەردەوامبن ئەوا لە ئایندەی نزیکدا ئەم بانگهێشتە دەکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە کردنەوەی نووسینگەی دیبلۆماسییەوە هەبێت، ئەوا حاڵی حازر تورکیا هیچ پلانێکی لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی راستەوخۆ هەڵبستێت بە کردنەوەی ئەم نووسینگەیە، ئەمە پرۆسەیە و رەنگە ئەمە یەکێك بێت لە هەنگاوەکان لە داهاتوودا کە من پێموایە بیری لێکراوەتەوە.

*** بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە سەرکەوتوو بن دەبێت خەڵکی تورکیا و کوردستان پشتگیری لێبکەن، خەڵکی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە لەم هەنگاوانە دەڕوانن و پێیان وایە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردولا دەکات، بەڵام ئەم هەستە لای خەڵکی تورکیا بەدی ناکەین، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- دەبێت لەوە تێبگەین کە کێشەی پەکەکە لە ئارادایە و ئەم رێکخراوە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکانی تورکیا و بنکەی لە باکووری عێراقدا هەیە، رەنگە ئێوە بڵێین ئەمە کێشەیەکە لە نێوان پەکەکە و تورکیادا، ئەمە راستە، بەڵام لە باکووری عێراقدا ئیدارەیەك هەیە و دەسەڵاتێك هەیە و خەڵکی تورکیا پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم ئیدارەیە رێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر، بۆ کۆتایی هێنان بەو چالاکییانە، بەڵام تا ئێستا ئەم رێوشوێنانە نەگیراونەتەبەر. لەبەر ئەوە توڕەیی و نائومێدیەك هەیە لە ناو خەڵکی تورکیادا و ئاراستەی کوردی باکووری عێراق دەکرێت، راست بێت یان هەڵە، ئەم هەستە لای خەڵکی تورکیا هەیە. لەبەر ئەوە ئومێدی ئەوە دەخوازن و چاوەڕێی ئەوەی دەکەن کە رێ و شوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ یارمەتیدانی تورکیا و هاوکاری زیاتری تورکیا بکات کە تورکیاش داوای ئەم پشتگیریە لە کوردەکان دەکات. من لەو باوەڕەدام تێڕوانینی خەڵکی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت، هەر کاتێك ئەو رێ و شوێنانە گیرانەبەر، خەڵکی تورکیا هەستی نزیکی و هاوسۆزی هەیە بۆ کوردەکان و هەستی دژایەتی و دوژمنایەتی کوردەکانی نییە و خوازیاری ئەوەیە کوردەکان لەم رووەوە هاوکاری تورکیا بکەن. من پێموایە تا رادەیەکی کەم هەڵوێستی خەڵکی تورکیا گۆڕاوە بەتایبەتی دوای ئەو پرۆسەیە و دوای ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا ئەنجامدرا، پێشوازیەکی باش لەم هەنگاوانە کران هەم لە لایەن حکومەت و هەم لە لایەن بەشێکی زۆری خەڵکی تورکیاوە کە پشتگیریان لێکرد، ئەگەرچی هەندێ لە پارتە بەرهەڵستکارەکان دژی بوون. مەسەلەکە ئەوەیە کە بێ متمانەییەك هەیە و ناتوانرێت لە ماوەی شەو و رۆژێکدا ئەم بێ متمانییە بڕەوێنرێتەوە، ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە هەوڵی هاوبەش و خستنەڕووی نییەت پاکییە لە لایەن هەردولاوە، ئەگەر ئەم ئامانجانە بهێنرێنەدی ئەوا هیچ شتێك نابێتە رێگر لەوەی تورك و کوردەکان پێکەوە بە ئاشتیانە بژین و هاوکاری یەکتر بکەن، بەتایبەتی کە حاڵی حازر ژمارەیەکی گەورەی کۆمپانیاکانی تورکیا لەو ناوچەیەدا کار و وەبەرهێنان دەکەن. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بێ متمانییەك هەیە و پێویستی بە رەواندنەوە هەیە بە هەوڵی هاوبەش و تێگەیشتنی هاوبەش.

*** بەڵام لە سەر ئاستی سیاسی ئایا باشتر نەبوو بۆ تورکیا پێش ئێران هەڵبستێت بە بانگهێشتکردنی بارزانی؟**

- بارودۆخەکە لەگەڵ ئێراندا جیاوازە، ئێران ئامانجی جیاواز

●●●

**پەیوەندییەکان لە پرۆسەی بەرەوپێشچووندان، بەتایبەتی دوای ئەو کۆبوونەوەیەی لە نێوان مەسعود بارزانی و نێردراوی تورکیا لە بەغدا ئەنجامدرا، ئەمە سەرەتایەکی نوێ و هەنگاوێکی گرنگ و خاڵی سەرەتایە**

●●●

●●●

**باس لەوە دەکرا کە بانگهێشتی نیچیرڤان بارزانی دەکرێت بۆ تورکیا، بیر لە هەنگاوێکی لەم چەشنە کراوەتەوە بێ ئەوەی رۆژ و وادەی ئەو بانگهێشتە دیاری بکرێت**

●●●

کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە
ÖNEM

و بیرۆکەی جیاوازی هەیە. لە راستیدا ئێران کێشەیەکی وەك کێشەی پەکەکەی نییە لەگەڵ باکووری عێراقدا، ئێوەش دەزانن کە کێشەی پەکەکە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا بە کوردەکانی عێراقەوە. راستە کێشەی پژاك هەیە، بەڵام ئەوان بە ئاستی پەکەکە رێکخراو نین و دزە ناکەنە ناو خاکی ئێرانەوە بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی ئەو وڵاتە. رەنگە ئێوە پەیوەندی زۆر باشتان هەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی دیکەدا ئەمەش شتێکی زۆر سروشتییە و دەکرێت پەیوەندی زۆر باشتان لەگەڵ تورکیاشدا هەبێت، بەڵام تاوەکو کێشەیەکی لەم چەشنە هەبێت، ئەوا دەبێتە ئاستەنگێکی سەرەکی. تورکیا خوازیاری ئەوەیە کە ئەم پەیوەندیانە باش بکات و بەرەو پێشیان ببات و هەموو مەسەلە و دەستپێشخەرییەکان بۆ ئێران جێنەهێڵێت، بەتایبەتی کە ئێمە سنوورێکی گەورەترمان هەیە لەگەڵ ئێوەدا.

*** ئێمە دەزانین کە هەڵبژاردنە شارەوانییەکان لە تورکیادا نزیك دەبنەوە و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر لە بەرژەوەندی پارتی داد و گەشەپێدانە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا پشتگیری لەم پارتە بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پارتی داد و گەشەپێدان ئەمەی لەبەرچاو گرتووە؟**

- پارتی داد و گەشەپێدان بایەخ بە بەدەستهێنانی دەنگی کورەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەدات و لە ماوەی رابردوودا سەرۆك وەزیران، رەجەب تەیب ئەردۆغان سەردانی شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەی کرد و چەندین وتاریدا، پارتەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، راستە هەڵبژاردنەکان لە مانگی ئازاردا دەکرێن، بەڵام هەموو پارتەکان دەستیان کردووە بەشێوەیەك لە هەڵمەتی هەڵبژاردن. پارتی داد و گەشەپێدان هۆشیارە بەو خاڵەی ئێوە باسی لێوە دەکەن و لە راستیدا تێکڕای پارتەکانی تورکیا ئەم تێڕوانینەیان هەیە کە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر کاریگەری هەیە لە سەر دەنگدانی کوردەکانی تورکیا. راستە ململانێی هەیە لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدانی پارتێکی بەهێزترە و شەعبیەتی زیاترە و مەسەلەیی بردنەوەی دەنگەکانی کوردەکانی تورکیای بە جیددی وەرگرتووە و ئەو راستییەی لەبەرچاوە کە باشتربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر کاریگەری دەبێت لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکان.

***ڕاسپاردەت چییە بۆ کوردەکان و بۆ خەڵکی تورکیا بۆ ئەوەی پشتیوانی لە هێنانەدی ئاشتی و باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بکەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە نێوان هەردولادا، دەبێت مەسەلەی سەرەکی و ئەولەویەتی سەرەکی بنیاتنانەوەی متمانە بێت، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە هەردوولا بیسەلمێنن کە جیددین لە هەوڵ و هەنگاوەکانیاندا بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان و دەبێت پەیوەندی و لێکنزیبکونەوەی زیاتر هەبێت لە نێوان هەردوولادا. خۆشبەختانە ئەم پەیوەندییانە لە سەر ئاستە باڵا و رەسمییەکان دەستی پێکردووە و ئەمەش کاریگەری ئیجابی دەبێت و دەبێت درێژەیان پێبدرێت و پەیوەندی دیکەش هەبێت لەسەر ئاستی کەلتووری و بازرگانی کە دەبنە هۆی رەواندنەوەی ئەو بێ متمانییە و بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکان.

**تێکڕای پارتەکانی تورکیا ئەم تێڕوانینەیان هەیە کە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر کاریگەری هەیە لە سەر دەنگدانی کوردەکانی تورکیا**

**لە باکووری عێراقدا ئیدارەیەک هەیە و دەسەڵاتێک هەیە و خەڵکی تورکیا پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم ئیدارەیە رێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر، تورەیی و نائومێدیەک هەیە لە ناو خەڵکی تورکیادا و ئاراستەی کوردی باکووری عێراق دەکرێت، راست بێت یان هەڵە، ئەم هەستە لای خەڵکی تورکیا هەیە**



ÖNEM
کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە



# ئێمە تازە خەریکین بیر هەڵدەکەنین و خانوو دروستدەکەین، ئێمە بە تەمای پرۆسەیەکی زۆر هێمن و دیموکراتین

نەوشـــێروان مستەفا کەسایەتییەکی ناســراوی ناو بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردســـتانە، بەڵام رەنگە لە هەموو سەرکردەیەکی سیاسی کوردستانی زیاتر بۆچوونی جودا جودای لەسەر بونیاد بنرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەی کە بزووتنەوەی کوردی پێیدا تێپەڕ دەبوو، نەوشـــێروانیش لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا هەمیشـــە ناوێك، هێزێك، بیروباوەڕێك بووە، بۆیە لە هەموو کاتەکانی شـــەڕو ئاشـــتیدا، تۆپەکە لە لای نەوشـــێروان دوور نەکەوتۆتەوە،ئەم [redacted] بووە لە ستراتیژییەتی نەوشێروان، باشترین نموونەش دابڕانی ئێستای نەوشێروانە لە یەکێتی نیشـــتمانی، بەڵام دابڕانێك دوور لەو ئەندام مەکتەب سیاســـیانەی تری ناو حزبە کوردستانییەکانە کە لە حزب دووردەکەونەوە، بۆ خۆیان خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیان دەبن، نەوشـــێروان دەیەوێ بڵێت راســـتە من لە سیاســـەتی ئێســـتای یەکێتی دوورکەوتوومەتەوە، بەڵام نە لە سیاسەت دابڕاوم، نە پیاوێکی دەستکورت و هەژاریشم لە سیاسەت تا [redacted] هەڵبژێرم،دەیەوێ بڵێت من هەمیشە لە ناو خەڵکم، بۆیە تا ئێستاش کەس نازانێ [redacted]کە نایەوێ تۆپەکە لەو دوورکەوێتەوە،بەمەش کۆمەڵێك پرســـیاری ئاڵۆز لای هەر خوێنەر و سیاســـییەکی ئەم وڵاتە دروســـتدەبێت، ئەوەیە لوغزەکە، نەوشێروان لە ســـاڵانی خەباتی حەفتاکان و بەتایبەت [redacted] موفاجەئە دروست بکات، هەر چەندە موفاجەئەی ئەمجارەی ئەگەر بتوانێ دوا مەفاجەئەو ســـەرکەوتووترینیان دەبێت، کە دەتوانێت تا رادەیەك ئەو لاپەڕە خوێناوییانەشـــی پێ رەشبکاتەوە، کە زۆرجار لێرەو لەوێ باسیدەکەن، بە تایبەت سەردەمە دژوارەکانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا نەوشێروان بەم تەمەنەی ئێستای دەتوانێ ئەم موفاجەئەیە بکات، بەر لەوەی گوێبیستی خۆی بین بە بەڵێ یا نەخێر، لە ئایندەدا مێژوو وەڵاممان دەداتەوە، تەنها کەمێك چاوەڕوانی دەوێت.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەوە یەکەمجارە بە راشکاوی و رووبەڕوو لەگەڵ کاك نەوشێروان گفتوگۆ بکەم، پێشتر زۆر تێبینی [redacted]دوویەك کە بۆتە بەشـــێك لە ژیانی ئێمەو بەشـــێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیشە، زۆر شتمان پێدەڵێت، کە وەك کاك نەوشێروان وتی با گۆڕ هەڵنەدەینەوە، چونکە بۆگەن و ئێسك و پرووسك دێنە دەر.

یەك لەو خاڵەگرنگانەی کە ئەمڕۆ بۆ خەڵك گرنگە ئەوەیە نەوشـــێروان مستەفا ژیانێکی زۆر سادەی هەیە، وەك دەڵێن لە ســـاڵانی هەشتاکانیش وابووە،هیچ کاتێك نەیویستووە ژیانی خۆی لە خەڵکی ئاسایی جیا بکاتەوە، وەك کەســـێکی خانەدان خۆی دەرگا لە میوان دەکاتەوەو هەر خۆیشـــی تا بـــەردەرگای ماڵەکەی بۆ بەڕێکردن لەگەڵی دەچێت و زۆر بەخێرهاتنیشـــی دەکات، لە خانوویەکی زۆر ئاسایی دەژێت،کە دەچیتە ژوورەوە هەســـت ناکەی ماڵە بەرپرســـەکانی ئەو ســـەردەمەیە، پێشتر وێنەی کاك نەوشـــێروان لە زهنی مندا، ئەوەبوو راســـتییەکان تەنها لـــەلای خۆیەتی و ئەوەندە بڕوای بە دیالۆگ نییە، پێم وابوو دەمارگرژەو رەفزەوییە، واقیع ناخوێنێتەوەو شت بەســـەر خەڵکیدا فەرز دەکات، پێم وابوو زوو لەو قســـانە تورە دەبێت کە بە دڵی ئەو نین و هەڵدەچێ، پێم وابوو بۆ کەمکردنەوە یا نەهێشتنی جیاوازییەکان گەر بتوانی تەســـفیەی جەسەدیت دەکات،پێم وابوو نەوشـــێروان.....، بەڵام لەگەڵ یەکەم دواندنیدا، هەســـتم کرد نەوشێروان ئێســـتا زۆر جەخت لەسەر دیالۆگ و گۆڕینـــەوەی راو رای بەرامبـــەر دەکاتەوە، حەز دەکات کێشـــەکان دوور لە توندوتیژی بەرەو چارەسەرکردن بچن،نایەوێ بە هیچ جۆرێك جارێکی تر کورد لەنێو خۆیـــدا خوێن بڕێژێ، نایەوێ ئەو ئەزموونەی بـــە خوێن هاتۆتە دی بە هۆی گەندەڵییەوە لە دەستی بدەین، نایەوێ تایبەتمەندی هەر شارێکی کوردستان لەبەرچاو نەگیرێت و لە ناو حوکمڕانی گشتیدا بتوێتەوە، نایەوێ خەڵك بە دروشمی بریقەدار فریو بدرێ، نایەوێ...



بەڵام نەوشـــێروان چەند دەتوانێ ئەو بۆچوونانەی خۆی بهێنێتە دی، ئەمەیان با خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم دیمانەیەی رای خۆی لەسەر بدات.

**گوڵان:بابەتێك هەیە كە جێگەی پرسیارە، لە ساڵی ١٩٧٢ كاتێك كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان دامەزرا، ئەو كاتە پارتی لە هەرەتی بلاوبوونەوە و پەرسەندن دا بوو. رۆڵی كاك نەوشیروان لە دامەزراندنی ئەو كۆمەڵەیە دیار نییە، بە تایبەتی كە ئەوكات پێی دەوترا كۆمەڵەی ماركسی لینینی، رۆڵی تۆ چی بوو لەو دامەزراندنەدا، بە تایبەت كە ئەوكاتانە تۆ لە ڤیەنا بوویت؟**

نەوشیروان : كۆمەڵە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە. رۆڵی من لە پێشترا ئەوەبوو كە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری رزگاری بووم. گۆڤاری رزگاری زەمینەی فكریی دروستكردنی كۆمەڵەی خۆشكرد. ئەو زەمانە پارتی دوو كەرت بوو، كەرتێكیان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا سەركردایەتی دەكرد و كەرتەكەی تریش خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد سەركردایەتی دەكرد. حزبی شیوعیش ببوون بە دوو كەرتەوە، كەرتێكیان لایەنگیری لە یەكێتی سۆڤیەت دەكرد و كەرتەكەی تریش لایەنگری لە چین دەكرد. لە ناو كوردا بە تایبەتی ئەو چوار باڵە یان چوار حیزبە هەبوون. ئەو كاتە ناكۆكییەكی زۆر قووڵی فكری لە نێوان خەتی یەكێتی سۆڤیەت و خەتی چین هەبوو. چین یەكێك بوو لەو وڵاتانەی كە بیری جۆرێك لە ماركسیزم - لینینیزم و بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ ی بلاو دەكردەوە، بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ لەسەر بنچینەی ئەوەی كە نەخشەی رێگای رزگاربوونی گەلانی بەو جۆرە دانابوو كە پێویستە میللەتێك كاتێك خەبات دەكات بۆ ئەوەی رزگاری بەدەست بهێنێت دەبێت حزبێكی پێشرەوی هەبێت بە شێوەیەكی نوێ، دەبێت بەرەیەكی یەكگرتووی گەلیی هەبێت، دەبێت لەشكرێكی رزگاری گەلیی هەبێت، ئێمە پێمان وابوو هیچ لەو (٣) سێ مەرجانە لە هیچ كام لەو حیزبانە نەبوون. لەبەرئەوە ئێمە هەوڵماندا لەسەر ئەو مۆدێلە نوێیە رێكخستنێك دروست بكەین. بەیاننامەی (١١) ی ئادار پەلەی كرد لە پێكهێنانی كۆمەڵە. چونكە بەیاننامەی (١١)ی ئادار بووە هۆی ئەوەی دوو باڵەكەی پارتی سەرلەنوێ یەكبگرنەوە و ئەمیان لەناو ئەوی تردا توایەوە. ئەمە بووە سەبەبی ئەوەش ئەو باڵەی شیوعی كە سەر بە یەكێتی سۆڤیەت بوو وردە وردە زاڵ بێت و لە حكومەت نزیك بێتەوە و ئەوەندەی تر تەسفیە بكات. لەو كاتە ئەو بۆشاییە فكری و سیاسیەی هەبوو كۆمەڵە توانی پڕی بكاتەوە. من ئەو كاتە لە ساڵی ١٩٧٠ حوكمی ئیعدام درابووم لە لایەن مەحكەمەی سەورەوە لەسەر كێشەیەك كە بە راستی دەستی منی تێدا نەبوو، بەڵام وەكو تۆڵە كردنەوە ئەو سزایە لەسەر من دانرابوو، لەبەرئەوە نەمدەتوانی بە ئازادی هاتووچۆ بكەم و بێم و بچم و لەگەڵ خەڵكدا دانیشم و سیمینار و كۆبوونەوە بكەم. بە پێچەوانەوە وختێك كە برایم ئەحمەد و گروپەكەی هاتن بۆ قەسرو ماكۆسان، من لەگەڵیان هاتم و ماوەیەك لەگەڵیشیان مامەوە هەتاوەكو رێگایەكم دۆزیەوە كە لە رێیەوە سەفەری دەرەوە بكەم. دوای ئەوە ساڵی ١٩٧١ سەفەری دەرەوەم كرد. براكانی تر درێژەیان بە ئیشەكە دا و من یەكێك بووم لەو كەسانەی هاوكاریم كردووە لە دامەزراندنی كۆمەڵە ولە پێكهێنانی گروپەكانی سەرەتاكە. بەڵام ئەو ماوەیە بە حوكمی ئەوەی كە من دوور كەوتمەوە و چووم بۆ ڤیەننا، بەڵام ئاگاشم لێهەبووە كە برادەرانی تر ئیش و كاریان كردووە، هەرچەندە بەهۆی سەفەركردنەكەم من وەك خۆم نەمدەتوانی بە چالاكی بەشداری تێدا بكەم، ئەو كاتەش كورد لەناو ئەوروپا ئەوەندە زۆر نەبوو تا بڵێین لە ناو كوردەكانی ئەوروپا ئیشم كردووە.

**گوڵان:دەكرێ لە رێگای تۆوە بزانین بیرۆكەی دامەزراندنی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان بۆ یەكەم جار هی كێ بوو؟**

نەوشیروان : بیرۆكەكە لە راستیدا وەك گوتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیی چینی سۆڤیەتی. ئەو زەمانە گروپێك هاتبوون بۆ سلێمانی كە جیاببوونەوە لە حیزبی تودەی ئێرانی، ئەو گروپە بە ناوی شادومانی ئینقیلابی ئەو كارەیان دەكرد. ئەوانە كاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر ژمارەیەك لە كادیرە گەنجەكانی ئەو كاتەی كە لە باڵی مەكتەبی سیاسی كاریان دەكرد.

**گوڵان: واتا تۆ لەو كەسانە نەبووی كە تەئسیرت لێ كرابێ؟**

نەوشێروان : نەخێر من یەكێك بووم لەو كەسانە.

**گوڵان: لە ساڵی ١٩٧٥ كاتێك ئەو نسكۆیە بەسەر كورد دا هات، تۆ ئەو كاتە پەیوەندی سیاسیت لەگەڵ پارتی بوو یان لەگەڵ كۆمەڵە؟ یان لەگەڵ هەردووكیان بووی؟ چۆن؟**

نەوشیروان : من دوای یەكگرتنەوەی پارتی، نەبوومەوە ئەندام لە پارتی، هەر وەك دۆستی پارتی مامەوە. هەتا ئەو كاتەی من سەفەری ڤیەننام دەكرد هاتم سەردانی مەكتەبی سیاسی پارتیم كرد، ئەو كاتە دكتۆر مەحمود لەوێبوو و زۆریان پێ خۆشبوو كە من وەك نیشانەیەك لە یەكگرتنەوەی هەردوو باڵەكە لەوێ ببم بە ئەندامی لقی ئەوروپا. وابزانم كاغەزیشیان نووسی، بەڵام من لەدەرەوەی رێكخستن بووم. بەڵام لەگەڵ برادەرانی كۆمەڵە ئاگاییمان لەیەكتر هەبوو.

**گوڵان: كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان دوای ساڵی ١٩٧٥ توانی بە هێزو تین و گوڕێكی ترەوە بكەوێتە شاخ و هەروەها لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانیش تا ناوەڕاستی هەشتاكان توانی لە شاریش هاوسەنگیەكی گەورە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی كوردی دروورست بكات. چ پێویستی بەوە بوو بچێتە ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان؟ لە كاتێكدا كۆمەڵە خۆی حزبێكی زۆر فراوان و گەورە بوو بە تایبەتی لەریزی گەنجەكان.**

نەوشێروان: پێش دەستپێكردنەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥-٧٦ كۆمەڵە رێكخراوێكی وەها گەورە نەبووە، هەرچەندە پتەوترین رێكخراو بوو لەچاو هەموو رێكخراوەكانی تر و لەرووی رێكخستنەوە لە هەموویان كارامەتر بوو، كادیری باشی هەبوو بەڵام بە ژمارە كەم بوون. ئەمە یەكەم. دووەم، بۆ زانیاریت ئەو كاتە مام جەلال سكرتێری كۆمەڵە بوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە تا ئەو فەترەیەش.

**گوڵان: واتە یەكەم سكرتێری كۆمەڵە مام جەلال بوو؟**

نەوشێروان : بەڵێ . دروستكردنی یەكێتی لەراستیدا جۆرێك بوو لە جێبەجێكردنی ئەو بیرەی كە هەم پارتی پێشرەو هەبێت هەم بەرەی یەكگرتوویی گەل هەبێت و لەشكری رزگاریی دروست بكات. ئێمە هەوڵماندا ئەو مۆدێلە لە كوردستان دروست بكەین.

**گۆڤاری رزگاری زەمینەی فكریی دروستكردنی كۆمەڵەی خۆشكرد**

**بەیاننامەی (١١)ی ئادار پەلەی كرد لە پێكهێنانی كۆمەڵە**

**من یەكێك بووم لەو كەسانەی هاوكاریم كردووە لە دامەزراندنی كۆمەڵە ولە پێكهێنانی گروپەكانی سەرەتاكە**

**من دوای یەكگرتنەوەی پارتی، نەبوومەوە ئەندام لە پارتی، هەر وەك دۆستی پارتی مامەوە**

**رەنگە بە فەرمی من دووەم سكرتێری كۆمەڵە بووبم كە مام جەلال لە ساڵی ١٩٧٢ چووە دەرەوە، ئەوەی كە بە عەمەلی سەرپەرشتی رێكخستنەكانی كۆمەڵەی كردووە شەهابی شێخ نوری بووە بەڵام ئەو كاتەش هەر مام جەلال سكرتێری كۆمەڵە بووە**

واتە بەشداریکردنی کۆمەڵە ئێمە ئەو زەمانە وامان حیساب دەکرد وەك چۆن تۆ بەردێك دەخەیتە ناو ئاوەوە چەند هەڵقەیەك دروست دەکات، هەڵقەی یەکەم زۆر ڕۆشن و دیارە، هەڵقەی دووەم کەمتر ڕۆشنە، هەڵقەی سێیەم لەو کەمتر، وامان دانابوو کۆمەڵە ببێت بە نەوات بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەڵقە جیاجیایانەی توێژە کۆمەڵاتیەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری.

**گولان: مام جەلال چۆن وازی لە سکرتێری کۆمەڵە هێنا، با بزانین کاك نەوشیروانیش چەندەمین سکرتێرە؟**

نەوشیروان : لەراستیدا ڕەنگە بە فەرمی من دووەم سکرتێری کۆمەڵە بووبم. ئەو کاتەی کە مام جەلال لە ساڵی ١٩٧٢ چووە دەرەوە، ئەوەی کە بە عەمەلی سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کردووە شەهابی شێخ نوری بووە. دوای ئەوەی کە کاك شەهاب گیرا و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە تووشی گرتن و ڕاوەدوونان بوون کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بوون. کاك ئارام مەسئولی کۆمیتەی هەرێمەکان بووە بەڵام ئەو کاتەش هەر مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بووە. پاش ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی دامەزرا و بێجگە لە کۆمەڵە بزوتنەوەی سۆشیالیستی هاتە ناو یەکێتییەوە و خەتی گشتی دروست بوو، ئیتر ئەوساکە گفتوگۆمان لەگەڵ مام جەلال کرد کە ئایا وەکو سکرتێری کۆمەڵە ئەمینێتەوە یانیش دەبێت بە قاسمی مشتەرەکی ئەو (٣) سێ باڵەی کە یەکێتیان دروست کردووە. ئەو (مام جەلال) قاسمە مشتەرەکەکەی هەڵبژارد و ئێمەش هەموومان قەبوڵمان بوو کە ببێ بە قاسمی موشتەرەکی هەر سێ باڵەکەی ناو یەکێتی، بەڵام تا ئارام مابوو هەر مام جەلال بە فەرمی سکرتێری کۆمەڵە بوو، کاك ئارامیش کارەکانی بەڕێوەدەبرد، واتا بەرپرسی کۆمەڵە بوو بەڵام سکرتێر نەبوو، بەڵکو هەر مام جەلال سکرتێر بوو. .

**گولان : بەڕێزت لە ڕێگای کۆنگرە و کۆنفرانس یا پلینیۆمەوە بووی بە سکرتێر یان مام جەلال دەستنیشانی کردی بۆ سکرتێری؟**

نەوشیروان : نەخێر من دوای ئەوەی کە کاك ئارام شەهید بوو لە بەری قەرەداغ، کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرەکانی کۆمەڵەمان لە شێنێ کرد، لەو کۆبوونەوەدا من هەڵبژێردرام کە سەرپەرشتی کاروبارەکانی کۆمەڵە بکەم. دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ترمان بەست، پاشان کۆنفرانسی یەکەممان بەست و لەم کۆنفرانسەدا من بە سکرتێرری کۆمەڵە هەڵبژێردرام. ئێمە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا (٣) سێ جار کۆنفرانسی کۆمەڵەمان بەستووە.

**گولان: بەڵام لە هەشتاکان دوایی نەبەسترا؟**

نەوشیروان: لە هەشتاکانیش بەستمان بەڵام دوای ئەوەی لە ١٩٨٦ شەڕی سەخت لەنێوان کورد و حزبی بەعس درووست بوو، لەراستیدا لە ترسی بۆردوومانکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەمانتوانی کۆنگرەیەکی وەها ببەستین، ئەترساین کە زۆربەی کادیرەکانمان بکوژرێن.

**گولان: ڕەنگە ئەو کاتە حەماسێکیش نەبوویێت بۆ بەستنی کۆنگرە؟**

نەوشێروان: شەڕەکە ئەوەندە سەخت بوو، بوو بووە ئەولەویات. ئەوەی من باسی دەکەم دوای ١٩٨٦ ە.هۆکارەکەشی ئەو شەڕە سەختە بوو کە ئەو کاتە جێگایەك نەبوو تۆ بتوانی بە دڵنیایی کۆنفرانسی تێدا ببەستی.

**گولان: لە ٢١-١١-١٩٧٦ کە شەهابی شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید لە سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەنوەر زۆراب لە ڕێکخستنی بەغداد لە سێدارە دران. ئایا لەسەر کۆمەڵە لە سێدارە دران یان بەهۆی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی بوو؟**

نەوشێروان: یەکێك لەو شتانەی کە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە ئێمە گرنگیمان پێ دەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵە خۆی بپارێزێ لە لێدان . ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ ئێمە هێنی ئەوەمان هەبوو کە ئەگەر کەسێك بگیرایە ڕەنگ بوو پارتی بیگرێ بە تۆمەتی ئەوەی کە جاسوسی بەعسیە، حکومەت بیگرێ بە تۆمەتی ئەوەی کە جاسوسی دەزگای پاراستنە. لەبەرئەوە ئەوەندەی بۆمان کرا هەوڵماندا هەڵقەی ڕێکخستنەکانی نا کۆمەڵە زۆر زۆر تەسك بێت و ئێمە کادیری ڕێکخستن دروست بکەین نەك ڕێکخستنی جەماوەری. لەبەرئەوە ئەدەبیاتیشمان نەبوو، یەك دوو بڵاوکراوە وەختی خۆی بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دوایی کۆکراوەتەوە. کۆمەڵە تا ساڵی ١٩٧٦ هیچ شتێکی بە ڕەسمی بڵاونەکراوەتەوە بۆ خەڵك. بە شێوەیەکی زۆر نهێنی کاری دەکرد لە ناو نوخبەیەکی هەڵبژێردراودا، بۆ نموونە لە ناو زانکۆی سلێمانیدا وەختێ کە ڕێکخستن دروست دەکەیت تەنها ئەو کەسانەت ڕێکدەخست کە لەکاتی قەیران و تەنگژەکاندا دەتوانێ سەرکردایەتی ڕای گشتیبکات، ئەتوانێت لە ناو خوێندکاراندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لەناو کرێکاراندا ئەو کەسانە ڕێکبخەیت کە لە کاتی ئەزەماتدا ئەتوانێت لە ناو چینی کرێکاراندا کار بکات، لەناو ڕۆشنبیراندا هەر بەم شێوەیە. واتە هەڵبژاردەی ئەمانە هەوڵدەدرا کۆبکرێتەوە و بە چەندین قۆناغدا تێدەپەرین و بە هەڵقەی ڕۆشنبیری و ئەمانە تا ئەبن بە ئەندام. ساڵی ١٩٧٥ کاتێ کۆمەڵە هاتە ناو یەکێتییەوە ئیتر ئەو قۆناغە دەستی پێکرد. کاك شەهاب و ئەو برادەرانەی کە حوکمی ئیعدام دران بە تۆمەتی ئەوەبوو کە ئەمانە تەیارێکی مارکسیان درووست کردووە و سەفەری دەرەوەیان کردووە و پەیوەندیان کردووە بە جیهاتی بێگانەوە، چونکە کاك شەهاب چەند جارێك چووبوو بۆ بەیروت فەڵەستینیەکانی بینیبوو. واتا بەشێکی ئەو برادەرانەی ئیعدام کران لەسەر ئەوە ئیعدام کران.

**گولان: ئێستا یان جارانیش باس لەوە دەکرا کە جیاوازیەك هەبووە لەنێوان شەهید ئارام و شەهید شەهاب. هەریەکە و سەر بە باڵێکی سەربەخۆ بوون و کۆمەڵێك گرووپی دیکەیان لە خوار خۆیان هەبوو. یەعنی کۆمەڵێك پەیرەوی شەهید شەهابی کردووە و کۆمەڵێکیش پەیڕەوی شەهید ئارامی کردووە. ئایا کاك نەوشیروان مستەفا پەیڕەوی کام باڵی دەکرد تا ئەو دوانە مابوون؟**

نەوشێروان : ئەوە ڕاست نییە، ئەوە ڕاست نییە،یەك کەڕەت ناکۆکی لەناو کۆمەڵە دروست بوو، ئەویش ناکۆکیەکی فکری بووە، دوایی حەسم بوو. ناکۆکیەکە دوای ساڵی ١٩٧٥ و تێکشکانی شۆڕشی کوردبوو، لە ناو سەرکردایەتی کۆمەڵە جۆرێك لە بۆچوون

●●●

دوای ئەوەی کە کاك ئارام شەهید بوو لە بەری قەرەداغ، کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرەکانی کۆمەڵەمان لە شێنێ کرد، لەو کۆبوونەوەدا من هەڵبژێردرام کە سەرپەرشتی کاروبارەکانی کۆمەڵە بکەم. دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ترمان بەست، پاشان کۆنفرانسی یەکەممان بەست و لەم کۆنفرانسەدا من بە سکرتێرری کۆمەڵە هەڵبژێردرام

●●●

●●●

کاك شەهاب و ئەو برادەرانەی کە حوکمی ئیعدام دران بە تۆمەتی ئەوەبوو کە ئەمانە تەیارێکی مارکسیان درووست کردووە و سەفەری دەرەوەیان کردووە و پەیوەندیان کردووە چونکە کاك شەهاب چەند جارێك چووبوو بۆ بەیروت فەڵەستینیەکانی بینیبوو

●●●

●●●

تا ئەو زەمانەی کە کاك شەهاب و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بوون کاك ئارام کادیرێکی ئاسایی بووە لە کۆمەڵە، دوای ئەوەی کاك شەهاب و هاوڕێکانی کەوتنە بەر گرتن و ڕاونان و کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بوو، لەوەیا کاك ئارام هاتە پێشەوە و بووە کەسی یەکەمی ناو کۆمەڵە

●●●

بوو بوو کە ئایا ناکۆکی سەرەکی ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەعسە یان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکایە. بەڵام لە دوای فەترەیەکی زۆر کەم ئەو موشکیلەیەش حەل کرا ئەوەی کە پێشبینی شۆرشی کرد و کاک شەهابیش پێشبینی شۆرشی کرد.

**گولان: ئەی بۆ لە سەرکردایەتی کۆمەڵە و سەرکردایەتی ئێستاش هەندێ جاران ئەو شتانە باس دەکرێن. لە سەرکردایەتی یەکێتی ئەوانەی کە پێشان لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵە بوونە باسی ئەو جیاوازیە دەکەن لە نێوان شەهید ئارام و شەهید شەهابدا؟**

نەوشیروان: من پێموایە ئەوە راست نییە. رەنگە ئەو برادەرانە لە بێئاگاییەوە قسە دەکەن. تا ئەو زەمانەی کە کاك شەهاب و هاورێکانی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بوون کاك ئارام کادیرێکی ئاسایی بووە لە کۆمەڵە، لە سەرکردایەتی نەبووە. دوای ئەوەی کاك شەهاب و هاورێکانی کەوتنە بەر گرتن و راونان و کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بوو، لەوەیا کاك ئارام هاتە پێشەوە و بووە کەسی یەکەمی ناو کۆمەڵە.

**گولان: باشە کاك نەوشیروان کە باسی شەڕی ناوخۆی هەشتاکان دەکرێت، لەبەرچی هەموو حزبەکانی بەرەی جود ئەوانەی کە ئێستاش ماون و جگە لەمانەش زۆر خەڵکی تەنانەت ناو یەکێتیش ئێستا نەوشیروان بە سەرکردەیەکی کاریگەری ئەو شەڕەی ناوخۆیە دادەنێن. وەك رۆژانە ئەوانەی ناو مەکتەبی سیاسیش ئەوە دەڵێنەوە کە نەوشیروان خەڵکی بە کوشتن داوە. باشە بۆ هەر کاك نەوشیروان سەرکردایەتی یەکێتی دەکرد،یان فیعلەن تۆ رۆڵێکی زۆرت هەبوو، بەکورتی بۆچی ناوی تۆ زیاتر لە هەر ناوێکی دیکە زەق دەکرێتەوە؟یان مەبەستێکی تر هەیە کە ئێمە نایزانین؟**


نەوشیروان: رەنگە ئەوە دوو فاکتەری هەبێت. یەکێکیان فاکتەری ناوخۆی یەکێتییە کە ئەوە بەشێکە لەو ململانێیە ناوخۆییەی لە نێوان باڵە جیاجیاکانی ناو یەکێتیدا هەیە. بەشێکی تریشیان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا میدیاییەی کە کاتی خۆی حزبی شیوعی عێراق هەیبوو، لە راستیدا حزبی شیوعی رۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو لەوەی کە ناوی من بە شەڕی ناخۆوە بنووسێنن بە تایبەتی دوای شەڕی (پشتئاشان) و ئەوانە. خۆت ئەزانی کادری راگەیاندن لە حزبی شیوعیدا زیاتر بوو، ئەو زەمانە یەکێتی سۆڤیەت مابوو، حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی شیوعی تری دونیا پەیوەندیان هەبوو ئیتر هەڵمەتێکی جیهانییان دژ بە من دەست پێکرد .

**گولان: باشە لەبەرچی ناوی تۆیان دیار خست؟ئایا لەبەرئەوە نەبوو فیعلەن رۆڵێکی باشت نەبینی؟**

نەوشێروان :لەبەرئەوەی من سەرکردایەتی هەندێك لە شەڕەکانم کردووە.

**گولان: واتا حەقیقەتێکی تێدا هەبووە بەرامبەر بە تۆ؟**

نەوشێروان : من حەز ناکەم بگەڕێینەوە بۆ رابردوو گۆڕ هەڵبدەینەوە چونکە کەگۆڕ هەڵدەدەیتەوە عادەتەن بۆگەن و ئێسك و پرووسك دێتە دەرەوە. شەڕی یەکێتی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ترا، لەراستیدا بە پلەی یەك لەگەڵ پارتیدا بوو، چونکە پارتی وەکو تاکە حزب مەبدەئی تەعەدودیەتی قەبوڵ نەدەکرد. ئەو شەڕانە



●●●
**حزبی شیوعی رۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو لەوەی کە ناوی من بە شەڕی ناخۆوە بنووسێنن بە تایبەتی دوای شەڕی (پشتئاشان)، کادری راگەیاندن لە حزبی شیوعیدا زیاتر بوو، ئەو زەمانە یەکێتی سۆڤیەت مابوو، حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی شیوعی تری دونیا پەیوەندیان هەبوو ئیتر هەڵمەتێکی جیهانییان دژ بە من دەست پێکرد**
●●●

●●●
**منیان تەرشیح کرد بۆ یەکەم سەرۆکی حکومەت، بەڵام نەمکرد چونکە باوەڕم پێ نەبوو**
●●●

بەشێك بوو لە چەسپاندنی فکرەی تەعەددودیەت کە بۆ جاری یەکەم بوو یەکێتی هێنایە کوردستانەوە. فرەیی حزبی، فرەیی سیاسی و فرەیی رۆژنامەوانی تا ئەو زەمانە پارتی خۆی بە تاکە حزب دەزانی کە شیعاری ئەوەی هەبووپێشڕەوی کورد پارتیە و هیچ حزبێکی تر نییە. ئەمە وەختێك یەکێتی دروست بوو هەڵگەڕانەوە بوو لەو سەرەتایە.

**گوڵان: بەس هەست ناکەی لە واقیعی عەمەلیدا یەکێتی نەیتوانی ئیستیعابی ئەو هەموو حزبە کوردستانیانە بکات، کە خەباتی رزگاری نیشتمانیان دەستپێکردبوو؟چونکە یەکێتی بەتەنیا لەبەرەیەك بوو و حزبەکانی تریش هەموویان لە بەرەیەکی تر. خۆی تەعەددودیەت ئەوەیە حزبەکانی تر قەبوڵ بکەی لە کاتێکدا پارتی لەناو زۆرترین حزبەکانی کوردستانیدا بوو، بەرەی جودیان پێکهێنابوو، بەڵام یەکێتی بە تەنیا بوو و شەڕی دەکرد بۆ ئەوەی هەموو حزبەکانی تری وەکو سۆشیالیست وشیوعی و پاسۆك و ....هتد پاکتاو بکات؟**

نەوشیروان : من وەك گوتم نامەوێ باسی ئەوە بکەین. بە جێیدەهێلین بۆ مێژوونووسان، با ئەوان هەڵیسەنگێنن.

**گوڵان: با بێینە سەر هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە... خەڵکێکی زۆر چ ئەوانەی ئێستاش هەر خۆیان بە کۆمەڵە دەزانن یان لە رێگای کۆمەڵەوە توانیان ببن بە کادیرێکی کوردستانی و نیشتمانی،قسە ئەوەیە خەڵکی دەرەوەی کۆمەڵەش دەڵێن گورزێکی گورچك بڕ بوو کە درا لە کۆمەڵە و تەنانەت لە بزاڤی نیشتمانیش، باشە کاك نەوشیروان چۆن توانی ئەو بڕیارە بدات کە کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٨ هەڵبوەشێنێتەوە؟**

نەوشیروان: من بە تەنیا ئەو بڕیارەم نەدا، ئەوە ژمارەیەکی زۆر پێش من لە کادیرەکانی کۆمەڵە ئەو گفتوگۆیانەیان دەست پێکردبوو لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێڕاندا، لە قاسمە رەشەوە ئەو گفتوگۆیانەیان دەستپێکردبوو. کە بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەشمان دا لە کۆبوونەوەیەکی زۆر فراواندا چەند سەد کەسێك تێیدا بەشدار بوون کە ئەو بڕیارەمان دا. بەڵام لە بیرت نەچێت وەختێك کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە تەسلیمی دەست سەرکردایەتیەکەم کرد کە جگە لە دوو کەسیان ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون.

**گوڵان: واتا خۆت قەناعەتت بە هەڵوەشاندنەوەکە هەبوو؟**

نەوشێروان : بەڵێ ئەو زەمانە قەناعەتم پێ هەبوو. بەڵام ئەزموون دەری خست کە شتێکی هەڵەمان کردووە.

**گوڵان:هەستت کرد کە غەدرێکت کردووە؟**

نەوشیروان : ئێستا واتا ئەو دوو سێ ساڵە هەست دەکەم کە کارێکی هەڵەمان کردووە. لەوەوپێش پێم وابوو وەك بۆم باس کردی کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە و تەسلیمی سەرکردایەتی یەکێتیمان کرد، ئەو کاتە لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا تەنها د.فواد مەعسوم و د.کەمال فواد کۆمەڵە نەبوون ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون و دەیانتوانی هەموو یەکێتی بکەن بە کۆمەڵە.

**گوڵان : بەڵام نەیانکرد؟**

نەوشێروان : بەڵێ نەیانکرد..

**گوڵان:دەکرێت بزانین کاك نەوشیروان لەبەرئەوەی زۆر جاران هەست دەکرێت لە حزب دادەبڕێت واتا تووڕە دەبێت، وەك ماوەیەك لە زەڵێ دانیشتبووی خەریکی نووسینی یاداشتەکانت بووی و هەندێ جاریش سەفەری دەرەوەت کردووە، هەندێ جاری دیکەش هەست دەکەیت کاك نەوشیروان عادزە، دڵگیرە، تووڕەیە. دەکرێ بزانین ئەو هەموو جارانە کاك نەوشیروان ئیستیقالەی دەدا یان هەر بۆ خۆی تووڕە دەبوو و خۆی دوور دەخستەوە و دەچووە کەنار و لە ناوەند دوور دەکەوتەوە؟**

نەوشیروان:پێموایە ئێوەو مانان حەقە بە تەقدیرەوە سەیری ئەو هەڵوێستانەی من بکەن. چونکە ئەو کاتانەی من دوور دەکەوتمەوە لە راستیدا لەکاتی شەڕی ناخۆدا بووەو من بۆم بەجێهێشتوون. بۆ نموونە بۆت باس بکەم لە دوای هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانەوە من لەگەڵ برادەرەکانی خۆمانا ناکۆك بووین لەسەر ئەوەی کە ئایا کادیرەکانی یەکێتی بێنین کاروباری حکومەتی پێ بسپێرین یاخود کادیرەکانی یەکێتی چاودێر(مراقب) بن بەسەر حکومەت و، تەکنۆکرات بهێنین. ئەوە یەکێك لەو خاڵانە بووە بووە کە ئەو زەمانە من لایەنگری ئەوە بووم خەڵکی تەکنۆکرات بهێنین با ئەوەشت پێ بڵێم منیان تەرشیح کرد بۆ یەکەم سەرۆکی حکومەت، بەڵام نەمکرد چونکە باوەڕم پێ نەبوو. برادەرانی تر پێیان وابوو ئەگەر لە دەسەڵاتدا نەبین خەڵکمان لەگەڵ نابێت، لەبەرئەوە دەیانوت ئێمە خۆمان لە شۆڕشدا ماندوو بووین بۆچی تەسلیمی خەڵکی تری بکەین. لە مەوزوعی یەکێتی و پارتیشدا من رەئیم وابوو، بێگومان پێش هەڵبژاردن من لەگەڵ کاك مەسعود قسەم کرد لەسەر ئەساسی ئەوەی لیستێکی هاوبەش دروست بکەین. من باوەڕم وابوو لەبەرئەوەی میللەتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر سەختدا تێپەڕیوە و تووشی کارەساتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری بووە. ئەم قۆناخە میلەتەکەمان پێویستی بە ئیستیقرار هەیە، بۆ ئەوەش چاکترین شت ئەوەیە دوو حزبە سەرەکیەکە لیستی سەرەکیان هەبێت. ئەو زەمانە (١٩٩٢ ) پەرلەمان سەد ئەندامی هەبوو، وتم با پارتی ٣٥ کورسی هەبێت و یەکێتی ٣٥ کورسی هەبێت. ٣٠ یەکەی تر بۆ خەڵکی سەربەخۆ و تەکنۆکرات و حزبەکانی تر دابنێین بۆ ئەوەی ئەگەر لە نێوان یەکێتی و پارتیدا جۆرێك لە ناکۆکی دروستبوو، ئەو کاتە ئەو سی کەسە بتوانێت باڵانسەکە راست بکاتەوە. بەڵام فکرەکەی من قەبوڵ نەکرا. من پێشنیارم کرد بۆ برادەرەکانی خۆمان کە ئەگەر لایەك حکومەت وەربگرن و لاکەی تر ببن بە ئۆپۆزیسیۆن. لەگەڵ پارتی قسە بکەین ئەگەر ئەوان حکومەت وەرگرن ئێمە دەبین بە ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ئێمەش حکومەتمان وەرگرت با ئەوان ببن بە ئۆپۆزیسیۆن. ئەو فکرەیش لە لای برادەرەکانی ئێمە قەبوڵ نەبوو و پێیان وابوو پێکەوە حکومەتێکی ئیئتیلافی دروست بکەن. لەبەر ئەوە من عەقڵم نەیبڕی و وازم لێ هێنا. وە ئەگەر وازم لێ نەهێنابایە ئیحتیمالی هەبوو ئەو ناکۆکیانە، ئەو زەمانە مومارەسەی کاری دیموکراسی زۆر کەم بوو، رەنگ بوو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئەو باڵانەی ناو یەکێتیدا. پێموابوو ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کە یەکێتی بە ساغ و سەلامەتی بمێنێتەوە لەبەرئەوە من

●●●
**حەز ناکەم بگەڕێینەوە بۆ رابردوو گۆڕ هەڵبدەینەوە چونکە کەگۆڕ هەڵدەدەیتەوە عادەتەن بۆگەن و ئێسک و پرووسک دێتە دەرەوە**
●●●

●●●
**کە بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەشمان دا لە کۆبوونەوەیەکی زۆر فراواندا چەند سەد کەسێک تێیدا بەشدار بوون کە ئەو بڕیارەمان دا. بەڵام لە بیرت نەچێت وەختێک کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە تەسلیمی دەست سەرکردایەتیەکەم کرد کە جگە لە دوو کەسیان ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون**
●●●

●●●
**ئەو دوو سێ ساڵە هەست دەکەم کە کارێکی هەڵەمان کردووە کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە و تەسلیمی سەرکردایەتی یەکێتیمان کرد، ئەو کاتە لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا تەنها د.فواد مەعسوم و د.کەمال فواد کۆمەڵە نەبوون ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون و دەیانتوانی هەموو یەکێتی بکەن بە کۆمەڵە**
●●●

بۆم بەجێهێشتن. هەموو جارەکانیش وابووە کە ناکۆك بوو بووم لەگەڵ ڕەفیقەکانم لەجیاتی ئەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکەم بۆم جێهێشتوون.

**گوڵان: هەست ناکەی لە سیاسەتدا ئەوە مەرفوزە؟ ئەو وازهێنان و خۆ دوورخستنەوەیە. سیاسەت وایە تۆ دەبێت ململانێش بکەیت و هەوڵیش بدەیت کەمینەی خۆت بکەیت بە زۆرینە.**

نەوشیروان: ئەوە لە وڵاتێکدا کە حزبەکان چەکدار نەبن ڕاستە، بەڵام لە وڵاتێکدا کە حزبەکان چەکدار بن و سەرکردایەتی حزبەکە و سەرکردایەتی سیاسی ئامادە بن بە چەك دیفاع لە مانەوەی خۆی لەو پۆست و پایانەدا بکات پێم وایە ئینسان بکشێتەوە باشترە وەك لەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکات. ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت ڕەنگە لە وڵاتێکدا بێت کە تەقالیدی دیموکراسی ڕەگداکوتاوی تێدابێت. لە ئەوروپارەنگە وابێت بەڵام لە کوردستانێکدا کە هەموو چەکدارن پێم وایە ئەوە سەر ناگرێ .

**گوڵان: لینین کە شۆرشی ئۆکتۆبەری داگیرساند سەرەتا کەمینە بوو دوایی بە گفتوگۆی چڕو بەردەوام بوو بە زۆرینە. عەزیز محەمەدیش جەبهەی وەتەنی لەگەڵ بەعس کرد خۆ لە سەرەتا کەمینە بوو، بەڵام بە کۆبوونەوەی بەردەوامی ناو کۆمیتەی ناوەندی بوو بە زۆرینە. واتا لە سیاسەتدا وایە ململانێکە ڕەنگە هەندێك جار درێژخایەن دەبێت، ناشبێ سارد ببیتەوە. بەڵام کە دوور کەوتیەوە ڕەنگە ئەوانی تر ئیستیغلالی بکەن و زیاتر ئەو نەهجەی کە دەیانەوێت جێگیری دەکەن. فکرەکەی تۆش لەو کاتە زیاتر بچووك دەبێتەوە چونکە تۆ مەیدانەکەت بۆ جێهێشتوون. پێم وایە ئەوە لە سیاسەتدا زیاتر زیانت پێدەگەیەنێت، بۆیە ئەگەر بەردەوام بیت باشترە و هەوڵیش بدەیت نەگاتە پێکدادانی چەکداری. چونکە هەندێك جاران دەبێتە کوڵدان، ڕەنگە تۆ بە نیشتمانپەروەری بزانی بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەی هەیە با کەسی تێدا نەسووتێ بەجێیدەهێڵی؟**

نەوشیروان :من نموونەیەکت بۆ باسکەم. کاتێك کە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد من زیاتر لە ساڵێك بوو لە لەندەن دانیشتبووم. هیچ دەستێکم لە هەڵگیرسانی شەڕی یەکێتی و پارتی و، یەکێتی و بزوتنەوەدا نەبوو، من بەسەر شەڕەکەدا هاتمەوە. کە هاتیشمەوە لایەنی گفتوگۆکە من دەمکرد. لە گفتوگۆکەشدا یەك خاڵی بنەڕەتی هەبوو بە نسبەت منەوە کە ئەمویست جێبەجێی بکەم ئەویش گێڕانەوەی برایم خەلیل و داهاتی برایم خەلیل بوو. یەعنی هەموو ململانێکەی من کە پێیان دەوتم مەوقیفی موتەشەدیدە لەبەر ئەو هۆکارە بووە. وەختێك کە بینیم هیچ ڕێگە لە ئاسۆی نزیکدا و هیچ هیوایەکی ئەوە نییە کە لە نێوانی یەکێتی و پارتی دا ڕێککەوتن ببێت، ئاخر مەرحەلە من خۆم بە شەخسی کاغەزم بۆ کاك مەسعود بارزانی نووسی و کاك مەسعود یش جوابی بۆ نووسیمەوە و گەیشتینە دارشتنێك (سیغەیەك )کە بگەینە ڕێککەوتن، بەڵام کە سەیرم کرد لە ناو پارتی و یەکێتیشدا چەندین گرووپ هەن دژی ئەو ڕێککەوتنەن و نایانەوێت سەربگرێت. لەبەرئەوە جارێکی دیکەش بەجێمهێشت .

**گوڵان: قسەیەکی بەربڵاو هەیە دەڵێت کاك نەوشیروان تەنها سلێمانی پێ شارە. واتە بیرێکی ناوچەگەری بەسەریدا زاڵە. دەکرێ ئەمە لەسەر زاری خۆتەوە ڕاستی ئەمە بزانین؟**

نەوشیروان :ئەسڵەن من خۆم بە کوردستانی دەزانم نەك خۆم بە خەڵکی کوردستانی عێراق بزانم. یەك نیشانەم پێ بڵێ دەلیلی ئەوە بێت کە من ناوچەگەرێتی دەکەم.

**گوڵان: دەڵێن گوتووتە هەولێر کوێی پیرۆزە تا شەڕی تیا نەکرێ کاتێ ساڵی ١٩٩٤، ١٩٩٥ و ٩٦ و واتە ئەو ساڵانەی کە شەری ناوخۆ هەبوو. ئایا فیعلەن تۆ وات گوتووە؟**

نەوشیروان :وەکو مەبدەء من هەموو کوردستانم پێ پیرۆزە نەك هەر شاری هەولێر. لە زاخۆوە تا خانەقین بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە بە شتێکی پیرۆزی دەزانم، وەختی خۆیشی کە ئێمە خەباتمان کردووە لە پێناوی نیشتمانەکەمان خەباتمان کردووە. نیشتمانەکەی ئێمەش بەتەنیا بریتی نییە لە شاری سلێمانی. ئەوە قسەیەکی ناراستە و من وام نەوتووە، بەڵام ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەوقسەلۆکانەی کە باڵە ناکۆکەکانی ناو یەکێتی بۆ یەکتری دروستی دەکەن. ئەگینا ئەوەی کە من پێم دەڵێن موهەندسی شەڕی براکوژی بووە، من هەموو شەڕەکانی پێش ڕاپەڕینیش هەر لەسەر هەولێر کردووە.

**گوڵان:کاك نەوشیروان هەندێك جار هەڵوێستی زۆر جدیت هەیە وتێبینی و ڕەئی خۆت هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە تۆ بە نانیشتمانی دەزانی و یان ئەو شتانەی کە تۆپێت وایە زیانی هەیە بۆ ئاییندەی کوردستان. دوای ڕووخانی بەعس کە ڕژێمی بەعس نەما لەسەر حوکم، کۆمەڵێك فایل هاتە گۆڕێ گوایە لە سەرکردایەتی یەکێتی و حزبەکانی تریشدا فایلدار هەیە. ئەگەر ئەمە حەقیقەتێکی تێدایە بۆچی ئەو کاتە مەوقیفت وەرنەگرت؟خۆ ئەوەش بابەتێکی زۆر جددی بوو؟**

نەوشێروان:مەبەستت لە فایلدار چییە؟

**گوڵان:ئەوانەی کە یارمەتیدەر بوونە لەگەڵ بەعس جا بە هەر شێوەیەك بێت، سیخور بووبن یان هەر شتێکی تر، گرنگ ئەوەیە هاوکاری بەعس بووبن.**

نەوشێروان :من زۆربەی فایلەکانی سەرکردایەتی یەکێتیم بینیوە، لە ڕاستیدا بە مەعنای سیخور کەسیان سیخور نەبوونە تاوەکو ئینسان ناونووسی بکات.

**گوڵان:کاك نەوشیروان دوای ڕووخانی بەعس بەشداری لە بنیادنانەوەی عێراقی نوێ کرد. ئایا فیعلەن کاك نەوشیروان بڕوای بە عێراقی نوێ هەبوو کە بەم شێوەیە سەردانی بەغدای کرد و بەشداری ئەنجوومەنی حوکمی کرد بۆ ئەوەی عێراقێکی نوێ دروست بکات؟بۆچی خەریکی کوردستان نەبوو و دوای ڕووخانی سەدام کوردستان بکاتە کوردستانێکی نوێ؟**

نەوشێروان :پێموایە بۆ هەردووکیان کارمان کردووە. بە نسبەت کوردستانەوە پێم وایە ئێمە ئیشێکی زۆر گەورەمان کردووە ئێستا لە کوردستان دەتوانیت بڵێیت بە مەعنای وشە بناغەی دەوڵەتی کوردی هەیە. هیچ لایەنێکی عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش بەگونجاوی نازانن کە کورد دەوڵەت دروست بکات. بۆ تۆ باشترین ڕێگا ئەوەیە لە عێراقێکی تازە لە دەزگای بڕیاردانی سیاسیا تۆ

**ئێوەو مانان حەقە بە تەقدیرەوە سەیری ئەو هەڵوێستانەی من بکەن. چونکە ئەو کاتانەی من دوور دەکەوتمەوە لە ڕاستیدا لەکاتی شەڕی ناخۆدا بووەو من بۆم بەجێهێشتوون هەموو جارەکانیش وابووە کە ناکۆک بوو بووم لەگەڵ ڕەفیقەکانم لەجیاتی ئەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکەم بۆم جێهێشتوون**

**ئەو زەمانە (١٩٩٢ ) پەرلەمان سەد ئەندامی هەبوو، وتم با پارتی ٣٥ کورسی هەبێت و یەکێتی ٣٥ کورسی هەبێت. ٣٠ یەکەی تر بۆ خەڵکی سەربەخۆ و تەکنۆکرات و حزبەکانی تر دابنێین بۆ ئەوەی ئەگەر لە نێوان یەکێتی و پارتیدا جۆرێک لە ناکۆکی دروستبوو، ئەو کاتە ئەو سی کەسە بتوانێت باڵانسەکە ڕاست بکاتەوە. بەڵام فکرەکەی من قەبوڵ نەکرا**

**ڕەنگە ماوەیەکی تر پرۆژەیەک بدەینە پەرلەمان ، بۆ جۆری یارمەتیدانی میدیای ئازاد ،میدیای کەرتی تایبەت**

بتوانیت دەسەڵاتت هەبێت. تا ئەو کاتەی کە ناتوانیت جیاببیتەوە خۆت حەز بکەیت و حەز نەکەیت بەشێکی لە عێراق. مادام بەشێکیشی لە عێراق، لە عێراقدا دەوڵەتێکت هەبێت کە دەسەڵاتت هەبێت لە دەزگای بڕیاردانی سیاسیدا. دەوڵەتێك بێت دیموکراسی بێت، دەوڵەتێك بێت لە خزمەتی خەڵکەکەدا بێت و دەوڵەتێکی تازە بێت ئەمە لە قازانجی کوردە. ئەوەی تریش من پێم وایە ئێمە بناغەی دەوڵەتی کوردیمان دامەزراندووە.

**گوڵان :چوار ساڵی ڕێك بەر لە ئەمڕۆ بەڕێزت لەگەڵ کۆمەڵێك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یاداشتنامەیەکیان بەرز کردەوە کە دەنگی ناڕەزایی لەسەر چەند شتێك تێدا بوو، یەك لەو پرسانە تەمەنی مام جەلال بوو. ئایا مەبەست لەوەبوو کە ئەو تەمەنی گەورەیە و جەنابت ببی بە سکرتێر؟ واتا تۆ واجیهەیەکی تر بووی لە ناو یەکێتی دوای مام جەلال یان مەبەستێکی ترت هەبوو؟بۆچی تەمەنتان خستە ناو ئەو پرسەوە؟تۆ باسی بەرنامەی سیاسیت دەکرد تەمەن ڕەنگە هەندێك جار ڕۆڵی نەبێت؟**

نەوشێروان :ڕاستە تەمەن ڕەنگە هەندێك جار ڕۆڵی نەبێت، بەڵام لە مەسەلەی سەرکردایەتی یەکێتیدا نوێبوونەوە و تازەگەری شتێکیی زۆر لەسەرەخۆییە. بەشێکیی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لە تەمەنێکدان کە ئەبێت جێگە بۆ گەنج چۆڵ بکرێت. دوای ئەمە، هەموو کەسێك کە گەیشتە تەمەنێك ئەبێت بیر لەوەی دوای خۆی بکاتەوە. من لە تۆ دەپرسم ئایا دەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر یەکێتی دادێت؟ئایا ئەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی دادێت؟ئایا ئەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان کوردی عێراق و حکومەتی عێراق دێت؟پێویستە هەموو کەسێك پێشبینی ئەوە بکات کە دوای خۆی ئەگەر بە مردنیش نەبێت، بە وازهێنان، نەخشە بۆ ئەوە دابنێت کە دوای خۆی کەسانێك هەبن درێژە بە ئیشەکە بدەن.

**گوڵان :باشە بۆ ئەوەی شتەکە شەرعیەتێکی جوانتری وەربگرتایە باشتر نەبوو داوای بەستنی کۆنگرەتان بکردایە؟چونکە لە کۆنگرە بڕیاری ئەو شتانە دەدرێت.**

نەوشێروان : ئەوە ڕاستە، بەڵام تۆ ئەزانی کۆنگرەی یەکێتی کەی ئەبەسترێ؟

**گوڵان:من نەوەڵلا، خۆ من لە سەرکردایەتی یەکێتی نیم ..**

نەوشێروان : منیش هەرنازانم، منیش ئێستاو ئەو کاتیش نەمدەزانی، چونکە سکرتێری گشتی ئەو بڕیارە دەدات کەی کۆنگرە ببەسترێ و نەبەسترێ. عادەتەن حزبە باشەکانی دونیا پێش کۆنگرە ناکۆکیەکانی ناو خۆیان چارەسەر دەکەن. گەڵاڵەی بەرنامەی تازە ئامادە دەکەن و ئیش دەکەن کە سەرکردایەتی داهاتوو کێ بێت و کێ نەبێت کاتێکیش دەچنە ناو کۆنگرەوە ناکۆکیەکانی ناو خۆیانیان چارەسەر کردووە، بۆ ئەوەی بەڕیزێکی یەکگرتووەوە بچنە ناو کۆنگرە و بەڕیزێکی یەکگرتووەوەش بێنە دەرەوە. نەك بچن لەناو کۆنگرەکە شەڕەکان هەڵبگیرسێنن.

**گوڵان:با بێینە سەر کاك نەوشیروان خۆی. ئایا کاك نەوشیروان تەنها لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی خۆی کێشاوەتەوە، یان لە سەرکردایەتی و یەکێتیش؟**

نەوشێروان :ئەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە خۆت بیدەیتەوە. من ئەگەر بڵێم یەکێتی نیم بڕوام پێ دەکەیت؟

**گوڵان:نەوەڵا**

نەوشێروان : دوای ئەوەش، کاکە ئینسان کە تەمەنێکی دوور و درێژی لەناو حزبێکدا بەسەر دەبات، هەموو تەمەنی گەنجێتی خۆی بەسەردەبات و ئەوەی کە پێیدەڵێن(حەنین ) نوستالجیا تۆ ناتوانیت ئینسان ڕووت بکەیتەوە لە هەموو نوستالجیای خۆی مەبەستم ئەوەیە من بەدرێژایی سی ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك پێکەوە چەندین قۆناغی خۆش و ناخۆشمان بڕیوە چەندین یادگاریمان هەیە ناتوانیت تۆ خۆت یەکجار ڕووت کەیتەوە لەم هەموو شتانە.

**گوڵان:بەڵام ئێستا هەست ناکەیت لە دووڕیانێکدای؟ نازانیت لە لای یەکێتی بمێنیتەوە یان ئەوەتا ئەو بیر و تەوەجوهاتەی خۆت وردە وردە چڕ دەکەیتەوەو یەکێتیت لەسەر ئاگرێکی نەرم داناوە وەك چۆن بڵێی چایەکەت دێم بدات، تا ئەو کاتەی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەئکید هەر دەبێت بگۆڕێت جا بە هەر شێوەیەك بێت ئیمساڵ نا ساڵێك دوانی تر بەتایبەت بەهۆی تەمەنەکەیەوە، ئەو کاتە تۆ بێیت و بڵێیت بەڵێ من ئێستا سکرتێری یەکێتیم. ئەمە لە کاتێکدا ماوەی ئەم یەك دووساڵەی ڕابردوو و ئێستاو داهاتووش زەمینەیەکی لەبارتری بۆ دەڕەخسێنی؟**

نەوشێروان: حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من لەسەر تەمەن کێشە بنیادنانێم چونکە لەوانەیە من خۆم پێش هەندێك کەس بمرم، یەعنی کەس نازانێ کەی دەمریت و هەموومان لە تەمەنێکداین کە موعەرەزین بۆ ئەوەی بمرین. ئەوە یەکێکیان. دووەمیان من لە وتارێکدا کە بڵاوم کردۆتەوە بە ناونیشانی «دوای ئەو هەموو ڕەخنەیە ئینجا چی» لەوێدا چەندین سیناریۆم هێناوەتە پێشەوە. گۆڕین لە ڕێگەی گۆڕینەوە لەناو حزب، گۆڕین لە ڕێگەی گۆڕینەوە لەناو دەسەڵاتدا و گۆڕین لەدەرەوەی دەسەڵات و لە دەرەوەی حزب. من خۆم لە ڕاستیدا هیچ وەڵامێکی دیاریکراوم لەسەر ئەوە نەداوەتەوە، جێمهێشتووە بۆ موناقەشەکردنێکی گشتی. دوای ئەوە کە تێرکرا بە نووسینی گفتوگۆ، بە نووسینی وتار و بە گفتوگۆ ئەو کاتە خۆی ساغ دەکاتەوە لەسەر چی دەبێت.

**گوڵان: کاك نەوشێروان لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥ و ٨٦ تەقریبەن کاریگەرترین کاراکتەر بووی لە ناو هەناوی یەکێتی. ئایا پێیت وایە دەتوانی بەو تەوەجوهاتەی ئێستا هەتە هەمان ئەو کاراکتەرە ببینیتەوە کە لەو ساڵانەدا دەتبینی؟**

نەوشێروان : ئێستا دوو قۆناغی جیاوازە، ئەو زەمانەی تۆ باسی دەکەی قۆناغی شەڕی پێشمەرگایەتی بووە ئێستا قۆناغی هەڵبژاردن و دروستکردنی دامەزراوەیی دەوڵەت و ئەوانەیە. من تەمەنا دەکەم کە پارتیش و حزبەکانی تریش هەموو لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێن و خۆیان تازە بکەنەوە. تۆ وەختێك کە باسی فرەیی (تعددیە) دەکەیت بەبێ ئەو حزبە مێژووییانە

●●●

**یەک نیشانەم پێ بڵێ دەلیلی ئەوە بێت کە من ناوچەگەرێتی دەکەم**

●●●

●●●

**کاتێک کە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد من زیاتر لە ساڵێک بوو لە لەندەن دانیشتبووم. هیچ دەستێکم لە هەڵگیرسانی شەڕی یەکێتی و پارتی و، یەکێتی و بزوتنەوەدا نەبوو، من بەسەر شەڕەکەدا هاتمەوە. کە هاتیشمەوە لایەنی گفتوگۆکە من دەمکرد**

●●●

●●●

**ئێمە موشکیلەکەمان ئەشخاس نییە،. ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە چۆن گۆڕین لە شێوەی بەڕێوەبردنی ئیشەکاندا ئەکرێت ، گۆڕین چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی حزبەکەدا ئەکرێت ، ئەگینا ئەگەر هەموو سەرکردایەتی بگۆڕدرێت و بە هەمان ئەو سیستەمەی ئێستا ئیش بکەن هەمان بابەت و گرفتە**

●●●



ناتوانیــــت پلورالیزم لەم وڵاتـــەدا دامەزرێنیت. لەبەر ئەوە ئـــەوەی کە من بۆ یەکێتی تەمەنا دەکەم چاکبوونەوە و ئیسلاحاتە کە بۆ پارتیش تەمەننای دەکەم.

**گوڵان: بۆچوونێك هەیە دەڵێت کاك نەوشیروان مســـتەفا رێك واتا مام جـــەلال تاڵەبانی. بە مانایەکی تر کاك نەوشـــیروان ئێســـتا لـــە هەمـــوو کاتێکی تـــر زیاتر خزمـــەت بە یەکێتی دەکات بەو تەوەجوهاتانـــەی کە ئێســـتا هەیەتـــی و لـــە بنەڕەتدا لەگەڵ مـــام جەلال هیچ جیاوازییەکـــی نییە،بەڵام بۆ ئەوەیەتـــی ئەوانەی کە لە یەکێتی دادەبڕێن کاك نەوشـــێروان کۆیان بکاتەوە؟**

نەوشـــێروان : ئەوە بیروڕای خۆیانـــە. بەڵام لـــە ژیاندا من هەمیشـــە عەبدی بیروبـــاوەڕی خۆم بووم.عەبدی هیچ کەسێك نەبوویمە.

**گـــوڵان: یەکێتی بـــەوە بەناوبانگە لەکاتـــی هەڵمـــەت و شـــەڕدا جیاوازیەکانی بچووك دەبێتەوە، بەڵام ئەو کاتانەی شەڕ نییە و دۆخەکە ئارام دەبێت ئیتر جیاوازیەکانیش زەق دەبنەوە. بۆ نموونە ئێســـتا کـــە ئاشتیەوســـەقامگیری هەیە، کەچـــی خەریکە کۆنە برینـــەکان هەڵدەدرێنەوە. ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە؟چونکە تۆ ئەزموونێکی درێژت لەناو یەکێتی هەیە ئایا بەراســـتی وایە؟**

نەوشێروان : پێم وایە لە ئاشتیدا جیاوازیەکانی یەکێتی باشتر دەردەکەوێت لەگەڵ حزبەکانی تردا. بەڵام کام یەکێتی؟ئەم یەکێتیەی ئێســـتا پێم وایە زۆر جیاوازی نەماوە لەگەڵ پارتی.

**گوڵان: ئیمڕۆ کاك نەوشێروان بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنە کە بە بارودۆخەکە ڕازی نییە، حزبی تریش هەن که لەناو حکومەتیش بەشـــداریانکردووە یـــان نەیانکردووە، بەڵام ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕەپانەکە نییە . بەڵکو کاك نەوشـــیروان کاریگەرترین ئەو ئۆپۆزیســـیۆنەیە کە ئەمڕۆ خەڵك چاوەڕێـــی ئەوەی لێ دەکات کاریگەرتریش بێت لە ئێســـتا. ئایا مانای ئەوە نییە کە ئەو خەڵکەی تووڕە بووە لە ناو یەکێتی کە بە هەمان شێوەی ئێوە بیر دەکەنەوە و ناڕازین بە بارودۆخەکە و هەروەها ئەوانەیش کە ســـەربەخۆن یا لە نێوحزبەکانی تردان، کە ناڕازین، نەوشێروان بتوانیت سەرکردایەتیان بکات و وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی پلە یەك و ســـنوورێك بۆ حکومەت و ئەو دەســـەڵاتە دابنێیت کە هەیە، یان هەر مەبەستت ئەوەیە یەکێتی ئیسلاح بکەیت؟**

نەوشـــێروان : من ناتوانم بە خۆم بڵێم ئۆپۆزیســـیۆن. من لەگەڵ هاوڕێکانمان کە جۆرێك لە تەیاری سیاســـین کۆمەڵێك چەمکی سیاسیمان خستۆتە روو، ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ هیچ کەسێك نییە. ناحەزیمان لەگەڵ هیچ کەسێك نییە.

**گوڵان: مەبەســـتم شـــتی شەخســـی نییە، بەڵکو لە جیاوازی بیروڕا؟**

نەوشـــێروان : جیاوازی بیروڕای ئێمە لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەیە. کە ئێمە پێمان وایە ئەم ئیدارەی کە ئێستا لە سلێمانی هەیە و ئەو ئیدارەی لە هەولێر و دهۆك هەیە لاســـاییکردنەوەی ئەوروپای شـــەرقیە کە پاشـــەڕۆژی نییە . بۆیە ئێمە کۆمەڵێك چەمکی سیاسیمان هێناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە و خستمانەتە روو . بۆ نموونە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت، کە وەختێك ئێمە باسی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە کە حزب لە حکومەتدا نەبێـــت یان لە پەرلەمان نەبێت، بێگومان کە هەڵبژاردن دەکرێت حزبەکان بەشـــداری تێدا دەکەن و ئەوان نوێنەر دەنێرنـــە ناو پەرلەمان و کابینە و وەزارەت پێکدەهێنن . بە مانای ئەوەی وەختێك کە دەڵێـــی حزب و حکومەت لەیەك جیابکرێتەوە پـــاش هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینە ئیتر رۆڵی مەڵبەند و لق و ناوچە و کۆمیتە و مەکتەبی سیاسی لە دەستتێوەردان(تدخل) لە کاروباری ڕۆژانەی حکومەتدا نەمێنێت. وەختێك تۆ نوێنەرەکانی خۆت ئەنێریتە ناو وەزارەت ئەبێـــت لەڕێگەی ئەوانەوە کارەکانت بکەیـــت. وەختێك تۆ فراکســـیۆنێکت هەیە لە نـــاو پەرلەماندا ئەتوانیـــت لەڕێگەی فراکســـیۆنەکەی خۆتەوە کار بکەیت، نەك ئەوەی بەرپرسی مەڵبەند و بەرپرسی لق و ئەمانە ڕۆژانە تەداخول بکەن لە کاروباری حکومەتدا. بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئەوان دای بنێن، ســـەرۆکی شـــارەوانی ئەوان دایبنێن، بەرپرسی ئاســـیش ئەوان دایبنێن، ئەمە یەکێکە لە خاڵەکان. خاڵێکی دیکە کە ئەوەی ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە مەســـەلەی شەفافیەتە، شەفافیەت لە کاروباری داراییی، لە کاروباری سیاسی، شەفافیەت لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا چونکە تۆ ئیتر لە قۆناخی مەترسی و ســـاوایی دەرچوویتە دەرەوە. ئەزموونی ئێمە ئیتر ئەزموونێکی ساوا نییە. چ ڕێگرێك هەیە لەبەردەم ئەوەی کە هەردوو وەزارەتی مالیـــە بودجەی حکومەتی هەرێم بەرێتـــە بەردەمی پەرلەمانی کوردســـتان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەبارەیەوە بکرێت، چ ڕێگرێك هەیە لەبەردەمی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردســـتان دەســـەڵاتی

ئــەوەی هەبێت وەزیر بانگ بکات و محاکەمەی بکات و ئەگەر زانــی کە وەزیرێکی لێوەشــاوە نییە متمانەی لێ بســەنێتەوە و بیگۆڕێت. ئەو مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە کە لە زەمانی یۆنان و ڕۆمانەوە شــەڕی لەسەر دەکرێ، ئێمە ئەو مەسەلانەمان تەرح کردووە نەهاتووین باســی ئــەوە بکەین فلان حزب خراپە و ئەمەیــان وایە و ئەمەیان وایە. ئێمە پێمــان وایە کە گۆڕین لە چەمکە سیاســیەکاندا بکرێت. ئێستا ئیدارەی سلێمانی ئیدارەی تاك حزبیە ئیدارەی فرەیی نیە کە باوەڕمان بە فرەیی هەیە.

**گــوڵان: پێت وانیە ئەو قۆناغەی ئێســتا قۆناغێکی ئینتیقالیە هەموو قۆناغێکی ئینتیقالیش کاتی پێویستە، بە بڕیارێك هەموو شتێك ناکرێ،لە ڕوسیاش هەر وابوو بە ئاسانی یەکسەر نەکەوتە ســەر ئەو سکەیەی کە جەنابت باسی دەکەیت، ماوەیەکی دەوێت جا لەونەیە ماوەکە کورت بێت هەندێ جاریش ماوەکە درێژ دەبێت. ئەگەر پۆتین نەبوایە ڕەنگە ئەو قۆناغە دووبارە لە ڕوســیا درێژ دەبۆوە. مەبەســت قۆناغە ئینتیقالیەکە. بەڵام پۆتین هات توانی ئــەو قۆناغە زوو ببڕی، بەڵام لە کوردســتان بەپێی ئەزموونمان و ئــەوەی کە قەد دەوڵەت نەبووینە ڕەنگــە ئەو قۆناغە درێژتر بێتەوە.**

نەوشــێروان : ئەوە ڕەنگە، بۆچوونێك وایــە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر ئیرادەی سیاســی لەلای سەرکردەی هەردوو حزبەکە بێت، کوردستان هێشتا نەبووە بە دەوڵەتی موئەسەسات لەبەرئەوە بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی حزبەکان زۆر گرنگە لە گۆڕینی ڕەوتی ئەو گۆڕانە.

**گوڵان: ئەو ســەرکردایەتیەش هێندە ئەزموونی نەبووە، ئەوە ئەو چەند ســاڵیە سەیری دنیا دەکات. پێشــتر ئێمە هەموومان لە شــاخ بووین و کــەی بیرمان لەوە دەکــردەوە دەبین بە دەوڵەت و بزانین حوکمڕانی چۆن دەبێت. بۆیە ناکرێ ئێستا خۆمان لەگەڵ وڵاتێکی ئەوڕووپی بەراورد بکەین، چونکە هەر ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتیشمان لەچاو ئەوان زۆری ماوە، وانییە؟**

نەوشــێروان : ئەتوانیت ئیســتیفادە لە تەجروبەی خەڵك بکەیت. واتــا تۆ بۆ ئەوەی کۆمپیوتەر دروســت بکەیت ئەچیت لە بازاڕ کۆمپیوتــەری حازر دەکڕیت یان خۆشــت بە هەمــان قۆناغدا ئەڕۆیت کە کۆمپیوتەریان درووســت کردووە. بێ گومان ئەچیت کۆمپیوتەری حازر دەکرێت.

**گوڵان: کاك نەوشــیروان تۆ ئێســتا لە نــاو یەکێتی تۆزێك بە بەرهەڵستکار یان بەهەر شێوە ناوێك ناودەبرێیت. ئایا ئەوە لادانێك نییە لە پەیڕەوی ناخۆی یەکێتی؟ تۆ قاڵبووی ناو ئەو دۆخەی، بۆیە لە خۆت دەپرسم ئەوەی تۆ ئێستا دەیکەیت لادانە لە پەیڕەوی ناوخۆ، یان جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە؟**

نەوشــێروان : ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی خۆی، ئەوان خۆیان ئەتوانن بڕیاری لێبدەن.

**گوڵان : بۆچوونێك هەیە دەڵێت لەوەتەی ســکرتێری گشــتی یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان چۆتە بەغدا و بووەتە ســەرۆك کۆمار، بەهۆی سەرقاڵی لە بەغدا ئەوەندە ناپەرژێتە سەر یەکێتی وەکو جاران، چونکە سەرقاڵی کیشەی سوننە و شیعە و سیاسەتی نێودەوڵەتــی و ...هتدیــە، بۆیە هەندێ جــاران کۆنترۆڵەکەی لەدەســت دەردەچێت. ئایا فیعلەن ئەوە کاریگەری هەبووە کە ئەو ناکۆکیانەی خەریکە وردە وردە پەرەدەسەنن لە ناو یەکێتی بەهۆی دووری مام جەلالەوە بێت؟**

نەوشێروان :ڕەنگە ئەوە تەئسیرێکی گەورەی هەبێت، چونکە دوو ئەرکی زۆر گەورەیە، لەلایەك تۆ سەرکۆماری دەوڵەتێکی پڕ لە کێشــەی وەك عێراق بیت و لە لایەکی ترەوە تۆ سکرتێری حزبێك بیت کە لە هەلو مەرجێکی وا ئاڵۆزاوی وەك کوردســتانی عێراق دا بیت. بێگومان ڕێکخســتن لە نێوان ئەو دوو ئەرکە کارێکی وا ئاسان نییە.

**گوڵان: کاك نەوشــیروان زۆر باســی ئەوە دەکات کە گۆڕانێك بکرێت، گۆڕانێك وەك ئەوەی لە نسوســی خالسدا هاتووە. باشە عەلی وەردی کە ئەو کۆمەڵناسە بەناوبانگەیە دەڵێت هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لــە ڕۆژهەڵاتدا دەکرێن و ئەوانەی کە ئیدیعای گۆڕانکاری دەکەن، جگە لە دووبارە کردنەوەی مێژوو شــتێکی نوێ نادەن بە دەســتەوە. ڕات لەسەر ئەمە چیە؟ئایا فیعلەن ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەکرێن دوایی ئەنجامەکەی هەر ئەوەیە کە لە پێشــتردا هەبووە یان فیعلەن گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتیشــدا دەکرێ و زۆر جددیشە و جیاوازیشە لەوانی ڕابردوو؟**

نەوشــێروان :بۆچی بچینە سەر ئەو نموونانەی کە عەلی وەردی هێناویەتەوە، من ئێســتا حاڵی حازر لە کوردستانی عێراقدا لەو قۆناغەدا دەژیم. پرسیار لە خۆت دەکەم ئایا ئیمکانی چاکسازی لەم وڵاتــەدا هەیە یان نییە؟ئیمکانی ئەوە هەیە کە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتــی جێبەجێ بکرێت یان نــا؟ ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئازادی ڕا دەربڕین و کاری سیاســی زۆرتر بێت یان نا؟ هەموو ئیمکانەکانی هەیە، من بۆچی خۆم ببەستمەوە بە قسەیەکی عەلی وەردی دەربارەی کۆمەڵگایەکی پێش چل ساڵ لەمەوبەر.

**گوڵان:بەڵام خۆ عەلی وەردیش هەر وا ئەو قســەیەی نەکردووە، هەموو شۆرشــەکانی هێناوەتە پێــش چاوی خۆی ئینجا وای گوتــووە، چونکە عەلی وەردی ڕەنگە جەنابت باش شــارەزای بیــت کە لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی بــە تایبەتی عەرەب زۆر قاڵ بۆتەوە.**

نەوشێروان : بەڵێ وایە.

**گوڵان:بەر لەوەی بێینە سەر باڵی ریفۆرم کە جەنابت سەرکردایەتی دەکەیت. ئایا یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان وەك کاك بەرهەم ساڵحیش، وای گوت دەبێت بزانین ئایا حزبی ڕابردووە یان ئایندەیە بە ڕای جەنابت؟ ئێمە ئەوە دەزانین لە ڕابردوودا شــەرعیەتێکی شۆڕشــگێرانەی بەهێزی هەبوو، بەڵام ئایا دەبێت هەر لەســەر ئەو شــەرعیەتە شۆڕشگێرانەیە بڕوات بەڕێوە، یان ئێستا تەماشا دەکەین یەکێتی حزبی ئایندەشە؟**

نەوشــێروان :من ناتوانم ئەو بڕیارە بــدەم، وەك بڕیای مەحکەمە وایە و من ئەو بڕیاری مەحکەمەیە نادەم، بەڵام ئەتوانم نموونەت لەســەر ئەوە بۆ بهێنمەوە. ئەگەر یەکێك ســەروەت و سامانێکی زۆری بــۆ بەجێ بمێنێت، کۆمەڵێك منداڵ لەو خێزانەدا هەبن و هەموو ڕۆژێك لە سەروەت و سامانە کۆنەکە بخۆن بەبێ

**عادەتەن حزبە باشەکانی دونیا پێش کۆنگرە ناکۆکیەکانی ناو خۆیان چارەسەر دەکەن. گەڵاڵەی بەرنامەی تازە ئامادە دەکەن و ئیش دەکەن کە سەرکردایەتی داهاتوو کێ بێت و کێ نەبێت کاتێکیش دەچنە ناو کۆنگرەوە ناکۆکیەکانی ناو خۆیانیان چارەسەر کردووە، بۆ ئەوەی بەڕیزێکی یەکگرتووەوە بچنە ناو کۆنگرە و بەڕیزێکی یەکگرتووەوەش بێنە دەرەوە. نەک بچن لەناو کۆنگرەکە شەڕەکان هەڵبگیرسێنن**

**من هەمیشە عەبدی بیروباوەڕی خۆم بووم.عەبدی هیچ کەسێک نەبوویمە**

**ئەرکی حکومەتە، وەک چۆن لە سلێمانی ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشتی ئیش دەکەن، لە هەولێریش ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشتی ئیش دەکەن ، مافێکی سروشتی دەزگا ئەهلیەکانیشە کە شەریک بن. یان هی ئەوان ببڕن ، یا ئەوانیش بژیێنن**

**جیاوازی بیروڕای ئێمە لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەیە. کە ئێمە پێمان وایە ئەم ئیدارەی کە ئێستا لە سلێمانی هەیە و ئەو ئیدارەی لە هەولێر و دهۆک هەیە لاساییکردنەوەی ئەوروپای شەرقیە کە پاشەڕۆژی نییە . بۆیە ئێمە کۆمەڵێک چەمکی سیاسیمان هێناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە و خستمانەتە روو**

ئەوەی شـــتێکی تازەی بخەنە ســـەر، ڕۆژێك دێت تەواو ببێت. سەروەریەکانی یەکێتیش بەس نین بۆ ئەوەی کە تۆ گەنج و نەوەی تازە پێگەیشـــتووی کوردی پێ قانع بکەیت. من هەتا ئێوارە بۆ یەکێکی باس بکەم چەند مانگ و چەند ڕۆژ لە ئەشـــکەوتێکدا ژیاوم، چەند مانگ و چەند ڕۆژ چووین کەمینمان داناوە و چەند مانگ و چەند ڕۆژ لە شـــاخ و داخ نووستووین و وامان کردووە، ئەوە هیچ فێری گەنجی ئەوســـەردەمە ناکات. ئێمە ئێســـتا لە شۆڕشدا نەماوین ئێستا لە دەورانی حوکمڕانیاین. لە حوکمڕانیدا خەڵك چاوەڕێ دەکات ژیانی خۆشتر بێت، پاشەڕۆژی مسۆگەر بێت، زانکۆکانی باشـــتر بێت، ئەدائی حکومەتەکەی باشتر بێت، ئەمن و ئاســـایش بەرقەراتر بێت، بازاڕ ببووژێتەوە، کوشتوکاڵ و پیشەسازی ببووژێتەوە. ئەوان ئەوەیان لە ئێمە ئەوێت. حیکایەتی ڕابردوو بە کەڵکی ئەو زەمانە نایێت.

**گوڵان: وەك خۆت باست کرد چەند جارێکیش لە یەکێتی ناڕازی بووی لە ساڵانی ڕابردوو و سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستا چەند جارێك ئاوا بوویت، بەڵام ئایا هەست ناکەیت ئەو جارە لە هەموو جارەکانی تـــر ناڕازیبوونەکەت بە دەنگێکـــی بەرزترە؟ دەتەوێ فیعلـــەن یەکێتی وەك ئەوەی جەنابت پێت وایە لە خەت لای داوە تۆ بیهێنیتەوە ســـەر خەت و وەکو جارانـــی لێکەیتەوە و کونجی گۆشەگیری نەگری؟چونکە ئەو جارە خەڵکێکی زۆر پشتگیریت دەکات و دەڵێن ئێمەش هەمان بۆچوونمان یان هەر بە ســـەراحەت دەنووسن ئێمە لەگەڵ خەتی کاك نەوشیروان داین.**

نەوشـــێروان : ئێســـتا لەگەڵ جاران فەرقەکەی ئەوەیە کە جاران ئێمە لە خەتەر دابووین. پێش ڕووخانی ســـەدام حسـێن مەترسی دەرەکی هەڕەشەی لێ دەکردین. ترسی ئەوەمان هەبوو ئیسلامی سیاســـی کە لە هەڵەبجە و تەوێڵە و بیـــارەدا بوون و لە دواییدا بوون بە نەواتی درووســـت بوونی ئەلقاعیدە لە هەموو عێراقدا. هەردەم مەترسی ئەوە هەبوو کە بێن شاری سلێمانی و کوردستان داگیر بکەن. خەتەری بەعسیمان لەسەر بوو، خەتەری دەرەوەمان لەســـەر بوو، ئێستا ئەو خەتەرەمان لەســـەر نەماوە. بە ڕای من ئێستا خەتەر لەناو خۆمانەوەیە. ئێمە لەماوەی ئەو شازدە ساڵەی ڕابردوودا توانیومانە وەکو پێشـــتر باســـم کـــرد بناغەی دەوڵەت یکوردی دابمەزرێنین. کۆشکێکی گەورەمان درووست کردووە کە پێی دەڵێن حکومەتی کوردی. لەناو ئەم کۆشکە گەورەیە خەڵکی وای تێدایە کە شایستەی ئەو شوێنە نییە. ئیشی ئێمە ئەوە نییە ئەم تەلارە بڕووخێنین یا ئەم کۆشـــکە بڕووخێنین. ئیشـــی ئێمە بریتیە لە گۆڕینی سیســـتەمەکە و لـــە جۆری بەڕێوەبردنی ناو ماڵەکە. ئێستا قەوارە دەستووریەکەی کوردستانی عێراق چەسپاوە، خەتەری غەزوی خاریجیمان لەســـەر نەماوە. ئەوپەڕی ئێران یا تورکیا دێت ســـنوورەکانمان بۆردومان دەکات. دانیشتوانی هەموو سنوورەکان بەقەدەر دانیشتوانی گەڕەکێکی شاری هەولێر نابێت. لەبەرئەوە خەتەرەکە کە دێت لـــە جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆمانەوەیە. ئەو زەمانە من نەمئەویســـت قسە بکەم لەبەرئەوەی لە لایەکەوە ترسمان هەبوو ئیسلامی سیاسی بێت مەنتیقەکەمان لەدەســـت دەربێنێت، لە لایەکەوە ئێمە سەد کیلۆمەتر لە مەقەڕی فەیلەقەوە دوور بووین لە کەرکوك بە یەك شـــەو ئەیانتوانی بێنە کوردســـتانەوە شـــوێنەکانمان هەموو لێ تێکبدەن و بگەڕێنەوە. لـــە لایەکەوە خەتەری تورکی هەبـــوو، لە لایەکی ترەوە خەتەری پارتی هەبوو لە زەمانـــی ناکۆکی بەینی یەکێتی و پارتیدا. تۆ مەجبووربوویت و ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کە ئەگەر دام و دەزگایەك بە دڵیشیت نەبێت هەر ئەوەت پێ باشترە لەوەی دام و دەزگایەکی غەریب بێت سەیتەرە بکات بەسەرتەوە. ئێستا ئەوە نەماوە یەکێتی و پارتی ئیتیفاقی ســـتراتیژیان هەیە، خەتەری ئێرانمان بەســـەر نەماوە، خەتەری تورکیامان بەسەر نەماوە و خەتەری بەغداشمان بەسەر نەماوە. وەختی ئەوەیە ناو ماڵەکەی خۆمان ڕێکبخەین.

**گوڵان: باشە کاك نەوشـــیروان ئەو ڕاستە کە دەڵێیت نامانەوێت ئەو کۆشـــکە بڕووخێت، بەڵام هەســـت ناکەیت لـــە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە کە جەنابت کۆمپانیای وشـــە بەڕێوە دەبەیت. بۆ نموونە چاوپێکەوتن لەگەڵ جاشێك دەکرێت کە تا سەر ئێسقانی خیانەتی لێ دەباری، تا بن هەنگڵی بە خوێنی ئەو خەڵکە داماوە ســـوور بووە کەچی ئەوان دێن و قســـە بە حکومەتی هەرێم دەڵێن و قسە بە دەســـەڵات دەڵێن. ئایا ئەوە برینی خەڵك چارەسەر دەکات یان زیاتر دەیکولێنێتەوە؟**

نەوشێروان: تۆ خۆت سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەبێت باوەڕت بە ئازادی ڕادەربڕین هەبێت.

**گوڵان: ئازادی لەگەڵ خەڵکی نیشتمانپەروەر.**

نەوشـــێروان : نەخێر لەگەڵ هەموو کەسێکدا. تۆ دەبێت هەمیشە پەراوێزێـــك بهێڵیتەوە بۆ ڕای بەرامبەر، بۆ ڕای ناحەز، بۆ ڕای دوژمن. تۆ وەختێك کە ڕای کابرایەك بڵاودەکەیتەوە مانای ئەوە نییە تۆ پشتیوانی لێ ئەکەیت.

**گوڵان:بەڵام خۆ دەزانین پێش وەخت قســـەی خێر لە زمانی ئەو کابرایە نایەتە دەر کە تا سەر ئێسقانی خیانەتە.**

نەوشـــێروان: بەڵێ ڕاســـت دەکەیت، بەڵام ئەوە بەشـــێك بووە لە کۆمەڵگای کوردی. کۆمەڵگای کوردی جاشیشـــی تێدا بووە، لەشفرۆشـــی تێدا بووە، ســـیخوڕی تێدا بووە، بەڵام بەگشـــتی هەمووی کۆمەڵگای کوردیە تۆ مەسئولیەتێکت هەیە بەرامبەری، ناتوانیت و زەمانی ئەوە نەماوە خەڵك تەسفیە بکەیت و توێژێکی کۆمەڵگا پاکتاو (تەسفیە)ە بکەیت. ئێمە دوای ڕاپەڕین کارێکی زۆر باشمان کرد کە جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ حکومـــەت هاوکاربوون کرد. بوو بە ســـەبەبی ئەوەی کە ئارامی و ئاسایش تا رادەیەك لە کوردستاندا هەبێت.

**گوڵان:زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کاك نەوشیروان خۆی پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئامادەســـازی بکرێت بۆ کۆنگرە و هەڵبژاردن لە کۆمیتە و مەڵبەندەکان و هەر جەنابیشـــت سەرپەرشـــتیاری ئەو هەڵبژاردنانە بووی. هیچ کێشەیەك نەبوو تەنانەت دوو سێ ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان کە هەندێك پێکدادان و تووڕەیی دروست بوو لە کوردســـتانی نوێ، لە شوێنێکیش دیمانەیەکت لەگەڵ کرابوو گوتبووت ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایەنی باس بێت، کەچی دەڵێن دوایی ئێوە دەنگتان کەم هێنا بۆیە هەڵوێستت وەرگرت. ئایا**

**خاڵێکی دیکە کە ئەوەی ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە مەسەلەی شەفافیەتە، شەفافیەت لە کاروباری دارایی، لە کاروباری سیاسی، شەفافیەت لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا چونکە تۆ ئیتر لە قۆناخی مەترسی و ساوایی دەرچوویتە دەرەوە. ئەزموونی ئێمە ئیتر ئەزموونێکی ساوا نییە. چ ڕێگرێک هەیە لەبەردەم ئەوەی کە هەردوو وەزارەتی مالیە بودجەی حکومەتی هەرێم بەرێتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەبارەیەوە بکرێت، چ ڕێگرێک هەیە لەبەردەمی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دەسەلاتی ئەوەی هەبێت وەزیر بانگ بکات و محاکەمەی بکات و ئەگەر زانی کە وەزیرێکی لێوەشاوە نییە متمانەی لێ بسەنێتەوە و بیگۆڕێت**

**دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

نەوشێروان :ڕاستە وایە ئێمە دەنگمان نەهێنا بۆیە هەڵوێستمان وەرگرت و هاتمە دەرەوە. هیچ عەیبێ تێدا نییە.

**گـــۆڵان: واتا بڕوات بەوە نەبوو کــە تۆ کەمینەی خۆت بکەیت بە زۆرینە؟**

نەوشـــێروان: خۆم چۆن بکەم بە زۆرینـــە. وەختێك تۆ ئەکەویتە ناکۆکیەوە لەگەڵ باڵێك..

**گۆڵان: لە پرۆسەی دیموکراسیدا خۆی هەر وایە**

نەوشێروان:نەخێر لە پرۆســەی دیموکراسیدا ئاسایش بێ لایەنە، هێــزی چەکدار بـــێ لایەنە، دەزگای ڕاگەیانــدن بێ لایەنە و پارەوپـــوول بێ لایەنە. لەم هەڵبژاردنـــەی ئێمە ئەوانە بێ لایەن نەبوون.

**گـــۆڵان: یەکێتی هەمیشـــە و هەر لەگەڵ درووســـت بوونیەوە باڵی جیاوازی هەبووە. وەك باســـمان کـــرد کۆمەڵەی ڕنجدەران و شۆڕشـــگێران و هێڵـــی پان . بەڵام هەســـت ناکەیت ئەو یەك دوو ســـاڵەی ئێســـتا جیاوازیەکان وردە وردە بەرتەسکدەبنەوە، بە مانایەکـــی تر ئەو فەزایە کەم بۆتـــەوە کە بتوانی لەناو یەکێتیدا جیاوازی نیشان بدرێت؟بە تایبەتی ئەو تەنگپێهەڵچنینەی باڵی ریفۆرم کە ئێستا هەر ڕۆژەی چاوەڕوانی بڕیارێك دەکەن کە چیان بەسەر دێت. مەبەستم ئەوەیە پێکەوەژیانی جیاوازی ئاوا ناکرێت، جیاوازی ئەوەیە کابرا دەنگی خۆی بە ئازادانە هەڵبڕێ. ئێســـتا هەست دەکەیت ئەو جیاوازیە بەرفراوان نییە؟.**

نەوشێروان: وایە ئێستا سوڵتە و دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە.

**گـــۆڵان: بەشـــێك لەو باڵەی ریفۆرم ئێســـتا پێیـــان وایە دەبێت ســـکرتێر و بەشێکی ســـەرکردایەتی یەکێتی دەست لەکار بکێشـــێتەوە. ئایا هەست ناکەیت ئەوە بڕیارێکی زۆر قورسە؟**

نەوشـــێروان : مەســـەلەی دەســـت لەکارکێشـــانەوە، ئـــەوە ڕەنگە بەس لە [redacted] جێگایەك دەبێت بڵێیی برۆوە و دەست لەکار هەڵگرە.


**گۆڵان:ئاخـر ئێمەش لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی کە ئەو قسەیە بکەین هەست ناکەیت قورسە؟**

نەوشێروان :بەڵێ قورســـە وایە. خـــۆ باڵی ریفۆرم ئەو داوایەیـــان نەکردووە ڕەگ ئـــەو داوایەی کردووە. بـــەڵام خۆ کفریان نەکـــردووە. یەکێکیان نموونەیەکی باشـــی هێناوە کە وتی ئەگـــەر ڕاهێنەر (مدرب ) ی تیپێکـــی فوتبۆڵ ســـێ جـــار تیپەکەی دۆڕانـــدی ئەبێت خۆی بـــڕوات و وازبێنێت. خۆت شـــارەزای یەکێك لە ناکۆکیە سەرەکیەکانی نێوان لینین و هەموو حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیای وەختی خۆی لەســـەر ئەوەبووە کـــە لینین باوەڕی بەوە بووە شۆڕشی پرۆلیتاری بکات، دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دروست بکات، لەڕێگەی توندوتیژییەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت. لینین پێی وابووە ململانێی چینایەتی بزوێنەری مێژووە. سۆشیال دیموکراتەکان لایەنگری ئەوەبوون کـــە ئەبێت فیلمی چینایەتی بلاوبکرێتەوە، جیـــاوازی چینایەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا کەم بکرێتەوە و لەڕێگەی ئاشـــتییەوە کارەکانیان بکەن. ئێســـتا یەکێك لەو شـــتانەی کە پێموایە ئەو برادەرانەی لەناو یەکێتی و لەناو کورددا شت دەنووسن لەسەر سۆشیال دیموکرات، باوەڕم وایە لە جەوهەری سۆشـــیال دیموکرات تێنەگەیشـــتوون. چونکە بەو کارەی ئێســـتا کە ئەوان دەیکەن جیاوازە و دەلاقەکەی چینایەتی گەورەتر دەکەن لەجیاتی ئەوەی چینەکان لەیەکتری نزیك بینەوە. جەوهەری فکری سۆشـــیال دیموکرات ئەوەیە کە تۆ هەوڵبدەیت لەرێگـــەی دیموکراتی و لەڕێگەی هێمنی و پەرلەمان و ئەمانە جیاوازی نێوان چینەکان کەم بکەیتەوە. چینە هەژارەکە ئاســـتی ژیانیـــان بەرزبێتەوە و چینە دەوڵەمەندەکەش لەڕێگەی باج و ئەو شـــتانەوە سامانەکانیان بێتە خوارەوە و بیکەن بە موڵکی دەوڵەت. ئێمە لەو قۆناغەداین. بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باسی سۆشیال دیموکرات دەکەن وەك شـــتێك تێیدەگەن. تەنانەت فەهد لە زەمانی خۆیدا کە حزبی شـــیوعی دروســـتکردووە وتویەتی باوەڕی بە سۆشیال دیموکرات نییە.

**گۆڵان:فەهـــد ســـتالینی بـــوو. هەر لە سەردەمی ستالینیشدا دروست بوو..**

نەوشـــێروان :بەڵـــێ ســـتالینی بوو. ئەوەی ئێمەش ئێســـتا تەقریبەن هەر ستالینیەتە.

**گۆڵان:ڕاســـتە کە دەڵێن باڵی ریفۆرم لەبەرئـــەوەی لـــە ئیمتیـــازەکان دوور خرابوونەوە بۆیە ئەو دەنگەیان هەڵبڕی و باڵێکیان دروســـت کرد بە ناوی ریفۆرم بۆ ئەوەی ئەو**



●●●

**ئەو مەسەلەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە کە لە زەمانی یۆنان و ڕۆمانەوە شەڕی لەسەر دەکرێ، ئێمە ئەو مەسەلانەمان تەرح کردووە نەهاتووین باسی ئەوە بکەین فلان حزب خراپە و ئەمەیان وایە و ئەمەیان وایە. ئێمە پێمان وایە کە گۆڕین لە چەمکە سیاسیەکاندا بکرێت. ئێستا ئیدارەی سلێمانی ئیدارەی تاک حزبیە ئیدارەی فرەیی نیە کە باوەڕمان بە فرەیی هەیە**

●●●

●●●

**ئەگەر یەکێک سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بەجێ بمێنێت، کۆمەڵێک منداڵ لەو خێزانەدا هەبن و هەموو ڕۆژێک لە سەروەت و سامانە کۆنەکە بخۆن بەبێ ئەوەی شتێکی تازەی بخەنە سەر، ڕۆژێک دێت تەواو ببێت. سەرووەریەکانی یەکێتیش بەس نین بۆ ئەوەی کە تۆ گەنج و نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردی پێ قانع بکەیت**

●●●

●●●

**حیکایەتی ڕابردوو بە کەڵکی ئەو زەمانە نایێت**

●●●

**ئیمتیازاتانە بێتەوە دەســت خۆیان؟ئەگینا هیچ مەســەلەیەکی فکری بەو مانای سیاسی نییە کە یەکێتی بەرەو لێکهەڵوەشانەوە یــان دابڕین لە میللەت ببات؟ بەڵام ئیمتیازەکانیان لەبەردەســت نییە بۆیە وا دەکەن؟**

نەوشێروان :هەمــوو شــتێکیان لەبەر دەست بووە تا ئێستاش لەبەر دەستیاندایە.

**گۆڵان:ئەی ئێســتا ئەو چوار ئەندامی مەکتەب سیاسیە باسی ئەوە دەکەن کە ئەو پارە و پوولە سەرف دەکرێت کەس نازانێت چۆن سەرف دەکرێت؟.**

نەوشــێروان : ئەمە مافی سروشــتی هەر ئەنــدام مەکتەبێکی سیاسیە، پەیوەندی بەوە نییە، پەیوەندی بەوەوە هەیە دەبێت بزانیت ئەو حزبەی لەناویدا کاری تێدا دەکەی سەرمایەکەی لە کوێیە بە دەستی کێیە و چی لێ دەکرێت و چەندیشە؟.

**گۆڵان:واتا ئەو پارەو پوولە بەدەست باڵی ریفۆرمەوە نییە؟**

نەوشێروان :بەدەست کەسەوە نییە، کەس نازانێت بەدەست کێیەوەیە. ئەگینا ئەوانە هیچ کەســێکیان ئیمتیازاتیان لێ نەسەنراوەتەوە. هەندێکیان وەزیرن و هەندێکیان پلەی زۆر بەرزیان هەیە.

**گۆڵان:ئــەوەی وەزیریش بوو ئەو ڕۆژە وتیان تا ئێســتا وەزیرە و لاشمان نەداوە، واتا ئەگەر بیرۆکەی لادانی گەڵاڵە کرابێت؟**

نەوشــێروان :دوور نییە، بەڵام من مەبەستم وەڵامی پرسیارەکەی تۆیە، واتا هیچ کەســێك لەو کەســانەی کە ئــەو بیرۆکانەیان هێناوەتــە پێش لە ئەنجامی ئەوەوە نەبووە کــە ئیمتیازاتیان لێ سەنراوەتەوە، نەخێر وا نییە.

**گۆڵان:ئەو هەڵوێســتانەی کاك نەوشیروان لە لایەك و هەڵوێستی هەندێك لە ســەرکردایەتی یەکێتی لە لایەکــی تر کە خەریکە پێکهەڵدەشــاخێن، ئەمە وا دەکات بواری ئــەوە زۆر کەم بێتەوە کە کاك نەوشــیروان بــەردەوام بێت لە ناو یەکێتی نیشــتمانی کوردســتاندا؟ئەگەر وای لێبێت تۆ ئەڵتەرناتیڤت هەیە؟چونکە بە تەئکید تۆ ناتوانیت وەك هاووڵاتیەکی ئاسایی بژیت، قسەی تۆ جۆرێکە هەموو کوردســتان دەبێ موتابەعەی بکات و بزانێت بــەرەو کام ئاقار هەنگاو هەڵدەگری،لەبەرئەوە ئەگەر وای لێهات تۆ لەناو یەکێتی نیشــتمانی نەتوانیت بەردەوام بیت و درێژە بەو هەڵوێستانەی خۆت بدەیت؟ ئەڵتەرناتیڤت چییە؟**

نەوشێروان :هەروەکو ئێستا چی ئەکەم هەر وەها ئەکەم.

**گۆڵان:بەڵام ئێستا لەناو یەکێتیت.**

نەوشــێروان : ئێســتا لەناو یەکێتی نیم. لە دەرەوەی یەکێتی قسە ئەکەم، من نە لە مەکتەبی سیاسیــیم نە لە ســەرکردایەتیم نە لە مەڵبەندم. دوایی ئەوەی کە تۆ باست کرد، ڕەنگە تۆ پرسیارەکەت زۆر بە دیبلۆماسیــانە کرد. من خۆم نە حزبم هەیە، نە دەزگای دیکەم هەیە و نە ڕێکخراوی سیاسیم هەیە. واتا ئەگەر شەڕیش ببێ من لایەنگری شەڕ نیم، ئێمە تازە خەریکین بیر هەڵدەکەنین و خانوو دروســت دەکەین، ئێمە بە تەمای پرۆسەیەکی زۆر هێمن و دیموکراتین.

**گۆڵان:هەندێك لەوانەی کە ئێستا لە سەرکردایەتی یەکێتین دەڵێن کاك نەوشیروان هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی؟واتە تۆ دەتەوێ یەکێتی لەبەریەك هەڵوەشــێنیتەوە و فەوزایەك لە ناو یەکێتی دروست بێ و ئەو ئارامــی و هێمنییەی لە ناو یەکێتی هەیە نەمینێت.ئەمە تا چەند راســتە یان بە پێچەوانەوە تۆ هێزی مانەوەی یەکێتی. کامەیانی؟**

نەوشێروان :ئەوە ئەتوانیت لە خۆیان بپرسیت.

**گۆڵان:کاك نەوشیروان دوای چل ساڵ خەبات کە لەگەڵ ئەودۆخە تاڵ و شیرینەی یەکێتی دەرۆیت و قوربانیت داوە و ماندوو بوویت و هەموو ڕێگایەکی سەختت گرتۆتە بەر بۆ سەرکەوتنی یەکێتی نیشــتمانی کوردستان. ئێســتا ڕێگا دەدەیت یەکێتی نیشتمانی تووشی کەرت بوون بێت؟**

نەوشــێروان :من لەوەتی خۆم هاتوومەتە دەرەوە بە یەك کەســم نەوتووە وازبێنێت، هەرچیش پرســی بە من کردبێت وتوومە ئەوە ئارەزووی خۆتە.

**گۆڵان:بەڵام تۆ کاریگەری زۆرت هەیە چونکە تۆ سی چل ساڵ خەباتت لەم حزبە هەیە...**

نەوشــێروان :تۆ بیستووتە کەسێك لەناو یەکێتی بوویێت و من پێم وتبێت لەناو یەکێتی وەرە دەرەوە و ئیستیقالە بکە؟

**گۆڵان:نەمبیســتووە بــەڵام کە تــۆ دابڕای خەڵکێــك بە تۆ موتەئەسیرە، خەڵکێکی زۆریش.**

نەوشــێروان :ئینجا ئەوە دەکەوێتە ســەر خۆیان، من کەسم هان نەداوە واز لە یەکێتی بێنێت. بە پێچەوانەوە هەر کەســێك لە منی پرســیبێ وتوومە لە شوێنی خۆتدا بمێنەرەوە و ئیشی باش بکە. ئێمە بەدیلێکی ترمان نییە تا ئێستا پێی بڵێم لەوە واز بێنە و وەرە خەریکی ئەمە بە.

**گۆڵان:کاك نەشــیروان وابزانم لەو دواییە مام جەلال بریارێکی دا کە تەوافوقێك دروســت بێت لەنێوان ئەوانەی کە لە کۆنفرانســدا بۆهەڵبژاردنــەکان دەرنەچوون، ئەوانیش بێن بۆ کۆنگرە. ئایا ئەو کێشەیە بەوە چارەســەر دەبێت؟ئەگەر ئەوانەی کە دەریشنەچوون بە دەنگدان کــە حەقی خۆیان بوو دەنگ بهێنن بەهەر هۆکارێك بوویێــت دەنگیان نەهێنا، ئەگەر ئەوانــە بێنە کۆنگرە دڵی کاك نەوشیروان چاك دەکاتەوە؟**

نەوشێروان :ئێمە موشــکیلەکەمان ئەشخاس نییە، واتا ئەوە نییە چەند کەســێك لابرێت و چەند کەســێك بچێتە شــوێنی. ئێمە موشــکیلەکەمان ئەوەیە گۆڕین چۆن لە شــێوەی بەڕێوەبردنی ئیشــەکاندا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە بەرنامەی حزبەکەدا ئەکرێت ئەگینا ئەگەر هەموو سەرکردایەتی بگۆڕدرێت ئەگەر بە هەمان ئەو سیستەمەی ئێستا ئیش بکەن هەمان بابەت و گرفتە. سیســتەمی ئیشی یەکێتی سیســتەمێکی ســەرۆکایەتییە، ئەندامانی مەکتەبی سیاســی لەبەردەمی شەخسی سکرتێری گشتیدا بەرپرسن، واتا لەبەردەمی یەکتریدا بەرپرس نین، مەبەستم ئەوەیە دانانیشن لە کۆبوونەوەکاندا پرس و ڕا بە یەکتری بکەن. مەسەلەی تەوافوقیش تۆ بێیت پێنج کەس لەبەر خاتری من و پێنج کەس لەبەر خاتری سەرکردایەتی و لەبــەر خاتری مەکتەبی سیاســی بهێنی بۆ کۆنگرە، پێم وایە ئەوە چارەسەری گرفت و کێشەکان ناکات. چونکە موشکیلەکانی

**من قسەکەر نیم بە ناوی ریفۆرمەوە. ریفۆرمیش بە مانای باڵ وەک زەمانی کۆن نییە سەرکردایەتیەکی هەبێت و دانیشێت و کۆبوونەوە بکات و بەرنامە دابنێت ، ریفۆرم تا ئێستا ئیتیجاهێکی سیاسیە،تەوەجوهە، تا ئێستا تەیارێکە. یەعنی ئەوە نییە تۆ بڵێیت کۆمەڵێک خەڵکن پێکەوە گروپێکیان دروست کردووە و ئەو گروپە لەرووی فکریەوە لەسەر هەموو شتێک مولتەزیمن و دانیشتوون بەرنامەیەک دائەنێن وەک بەدیل. لەبەرئەوە من قسەکەر نیم بەناوی ئەوانەوە ئەو شتانەی کە بڵاوی دەکەمەوە زیاتر هی خۆمن**

**بە ڕای من ئێستا خەتەر لەناو خۆمانەوەیە کۆشکێکی گەورەمان دروست کردووە کە پێی دەڵێن حکومەتی کوردی. لەناو ئەم کۆشکە گەورەیە خەڵکی وای تێدایە کە شایستەی ئەو شوێنە نییە. ئیشی ئێمە ئەوە نییە ئەم تەلارە برووخێنین یا ئەم کۆشکە برووخێنین. ئیشی ئێمە بریتیە لە گۆڕینی سیستەمەکە و لە جۆری بەڕێوەبردنی ناو ماڵەکە**

**خەتەرەکە کە دێت لە جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆمانەوەیە**

یەکێتی لەوە قووڵترن.

**گوڵان:ئــەوە تەوافوقێکە وەك ئەوەی لــە بەغدا دەکرێت. ئەوەش ڕەنگە چارەســەرێکی کاتی بێت بۆ ئەوەی هەردوو لا بتوانن بە یەکەوە هەڵبکەن.**

نەوشــێروان :وەك ئێســتا عەرزم کردی گرفتی ئەشخاس نییە، گرفت ئەوەیــە دەلاقەیەکی گەورە لە نێــوان یەکێتی و خەڵکدا درووســـت بووە. دەلاقە دروســـتبووە لەنێوان قاعیدەی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی.

**گوڵان:ئەگەر تۆ ببیتە جێگری ســکرتێری گشتی کە پێشتریش جێگــر بووی، ئەو هەموو کادیر و تەنانەت هەندێك لە ئەوانەیش کە لە مەکتەبی سیاســین و پەیڕەوی تۆ دەکەن، ئایا بەم هێزەوە ناتوانیت ئەو دەلاقەیە بچــووك بکەیتەوە و ئەو فەزا گەورەیەی لە نێوان خەڵك و یەکێتی نیشــتمانی هەیە بە لای کەمی سەدا پەنجای کەم بکەیەوە؟**

نەوشێروان :بۆم نەکرا بۆیە هاتمە دەرەوە , نەمتوانی.

**گوڵان:باشــە ئەی ئەگەر بڕیاریان دا بۆ نموونە بۆ ئەوەی لەبەر یەکێتی نیشــتمانی کوردستان تووشــی وەزعێکی خراپ نەبێت سەرلەنوێ کۆنفرانسەکان دەســت پێبکەنەوە، واتە ئەوەی کە کرا قبوڵ نەبێت دووبارە وەك پێشتر سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانیش هەر خۆت بیکەیت. ئایا ئامادەی ئەوە بکەیت؟**

نەوشێروان :ئەوە گریمانەیەکە لە وەختی خۆیدا باسی دەکەین.

**گوڵان:کاك نەوشــیروان تــۆ جگە لەوەی وەك سیاســیش وەك نووســەرێك و وەك ڕۆشــنبیرێکیش تا ڕادەیەك جێ دەستت لە بواری ڕۆشــنبیری و نووسینیشــدا بەرچاوە. خەڵك چاوەڕوانی دەکرد کە کۆمپانیای وشــە دادەمەزرێت بەڕاســتی چاوەڕوانی شتی گەورەی دەکرد، بەڵام ئێســتا هەست دەکەیت کۆمپانیای وشەش ئەوە نەبوو کە کاك نەوشــیروان بەڕێوەی دەبات .چونکە تەسەور دەکرا کاك نەوشــیروان دوای ئەو شارەزاییەی لە بواری سیاسەت و نووسین دا هەیەتی ڕەنگە شتێك بکات کە زۆر جیاواز بێت لەو دۆخەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی هەیەتی، ناڵێم هیچ جیاوازی نییە، تا رادەیەك هەیە بەو ئاراســتەیەی کە ئێوە خۆتان دەتانەوێ.بەڵام ئەوەش نییە کە خەڵك پێی وابوو کۆمپانیای وشە شــتێکی نەوعی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر دروستکردنی هەواڵی لــێ دەرکەی، کە من ئەمەیانم پێ باشــە، ئەوانی تری تۆزێك لە ڕۆژنامە ئەهلییەکانی تر باشــترە، پرسیار ئەوەیە ئێستا خۆت لەبەڕێوەبردنی ئەو کۆمپانیایە بەو وەزعەی ئێستای ڕازیت؟**

نەوشێروان : بەو توانا کەمەوە کە هەمانە بەڵێ ڕازیم.

**گوڵان: بەڵام، ڕەنگە ئەوە پاساو نەبێت.**

نەوشێروان :نا ئەوە پاساو نییە، ئێمە دامانئابوو ناوەند (مرکز )ێك دروست بکەین بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری، سیاسی، عەسکەری و بواری جیاجیا بە شارەزاییەوە. کە وەختێك حیسابمان کرد بۆ سێ مانــگ پارەو پوولێکی زۆری تێدەچێــت. دامانئابوو بۆ نموونە بڵێین تەلەڤزیۆنەکەمان زووتر بخەینە ئیش، خۆت دەزانیت بودجەی تەلەڤزیۆن چەندی ئەوێت، ڕۆژنامەی ڕۆژانە بودجەی چەندی ئەوێت، کە وەختێك تۆ ڕاپرسیەك ئەکەیت خۆت ئەزانیت بودجەی چەندی ئەوێت. ئێمە تا ئێســتا بێجگە لەو پارەیەی کە ئەوەڵجار لە مام جەلال مان وەرگرتــووە هیچ پارەیەکمان لە هیچ لایەن و جیهەتێکەوە وەرنەگرتووە، بەو ئیمکانیەتەی کە ئێستا ئێمە هەمانە ئەوەندەمان پێ ئەکرێت. ئومێدم وایە لە پاشەڕۆژدا بتوانین زیاتر بکەین. دوای ئەوەش ، خەڵك هەمیشــە چاوەڕوانیەکانی زۆرە، واتا چاوەڕوانییەکانی زۆرترە لەوەی کە تۆ بتوانیت پێشکەشــی بکەیت. خەڵــك پێی وابووە کە ئەگەر حکومەتی کوردی هەبێت خەڵك هەمووی لە بەهەشتدا ئەژیت.

**گوڵان:کاك نەوشــیروان ئەگەر تووشی قەیرانێکی دارایی هاتی، ئەوەش واریدە، لەگەڵ یەکێتیش وەزعت بەو شێوەیە بێت کە ئەوان هاوکاریت نەکەن. هەست ناکەی تووشی قەیرانێك دەبیت و ڕەنگە بە زەحمەت بتوانیت لێی دەرچیت؟**

نەوشێروان : لەوانەیە

**گــوڵان: واتا بەرچاوڕوونیەکت بۆ کۆمپانیای وشــە لەبەر چاو نییە؟**

نەوشێروان :بەڵێ لەبەر چاومە، ڕەنگە ماوەیەکی تر پڕۆژەیەك بە پەرلەمان بدەین بۆ جۆری یارمەتیدانی میدیای ئەهلی میدیای کەرتی تایبەتی.

**گوڵان:ئەگەر پەرلەمان پەســندی نەکرد، چونکە ڕەنگە ئەوەش زەحمــەت بێت؟لەبەرئەوەی ڕەنگە تا رادەیــەك فەوزایەك لە نێو بــواری راگەیاندن بەتایبەت ئەوەی پێــی دەڵێن میدیای ئەهلی هەبێت و، ڕەنگە حکومەت و پەرلەمانیش تا ڕادەیەك دڵیان پێی خۆش نەبێت.**

نەوشــێروان :وایە، بەڵام ئەوە ئەرکی حکومەتــە، وەك چۆن لە سلێمانی ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشتی ئیــش دەکەن، لە هەولێریــش ئەو هەمــوو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشــتی ئیش دەکەن، مافێکی سروشــتی دەزگا ئەهلیەکانیشە کە شــەریك بن. یان هی ئەوان ببڕن، یا ئەوانیش بژیێنن.

**گوڵان:بەڵام ئەگەر نەیانکرد تۆ چی دەکەیت؟هەر زۆر زۆر ناچار دەبیت جار جار شتێك بنووسیت، لەوە زیاتر چیت پێدەکرێت؟**

نەوشێروان:با لە ئێستاوە بڕیار نەدەین، با چاوەڕێ بکەین باشترە.

**گوڵان :کاك نەوشــیروان زۆر خۆی لە دیمانــە دەپارێزێت، ئایا بەڕاستی گوشاری لەسەرە یان ترسی ئەوەی هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان خەڵکێك تووڕە بکات یان خۆی بە مەرجەعیەتێك دەزانێ بۆ نموونە وەك سیســتانی، موقتەدا،...هتــد حەقیقەتی خۆیان نیشان نادەن و بڕیاریش هەموو لە ژوورەکەی ئەوەوە دەڕوات؟**

نەوشــێروان :نەخێر، ڕەنگە هۆی ســەرەکی ئــەوەی کە خۆم لە دیمانــە دەپارێزم بەڕاســتی وەك خۆت دەزانــی ڕۆژنامەنووس عادەتەن فزوڵین ڕاتدەکێشــن بۆ قسە کردن، حەز ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو قســانەی کە ئەیکەم، خۆت ئەزانی من بە سەراحەت و راشکاوی قســە ئەکەم و خۆم لا نادەم، واتا نامەوێ قسەکانم لە توێکڵێکدا بپێچمەوە. جاری وا هەبووە کە من قسەیەکم کردووە حزبێك، سەرکردەیەك، گرووپێك یا لایەنێك بە شێوەیەکی تر سەیریان کردووە و بە خراپ لێکیان داوەتەوە. هۆکارەکە ئەوەیە ئەگینا نە

●●●

**یەکێتی و پارتی ئیتیفاقی ستراتیژیان هەیە، خەتەری ئێرانمان بەسەر نەماوە، خەتەری تورکیامان بەسەر نەماوە و خەتەری بەغداشمان بەسەر نەماوە. وەختی ئەوەیە ناو ماڵەکەی خۆمان ڕێکبخەین**

●●●

●●●

**تۆ دەبێت هەمیشە پەراوێزێک بهێڵیتەوە بۆ ڕای بەرامبەر، بۆ ڕای ناحەز، بۆ ڕای دوژمن. تۆ وەختێک کە ڕای کابرایەک بڵاودەکەیتەوە مانای ئەوە نییە تۆ پشتیوانی لێ ئەکەیت**

●●●

●●●

**ئێمە دوای ڕاپەڕین کارێکی زۆر باشمان کرد کە جۆرێک لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ حکومەت هاوکاربوون کرد. بوو بە سەبەبی ئەوەی کە ئارامی و ئاسایش تا رادەیەک لە کوردستاندا هەبێت**

●●●

●●●

**ڕاستە وایە ئێمە دەنگمان نەهێنا بۆیە هەڵوێستمان وەرگرت و هاتمە دەرەوە. هیچ عەیبی تێدا نییە**

●●●

خۆم بە مەرجەع ئەزانم و نە ئەو شـــتانە. هەرچیشی وتوومە من بە وتار نووسیومە.

**گوڵان:خۆ خەڵکی تریش هەیە ڕۆژانە دیمانە دەکات و بە خراپیش لێك دەدرێتەوە و گوێشی پێنادات.**

نەوشێروان:من گوێی پێ ئەدەم، لە لامەوە گرنگە کە بە خۆڕایی هیچ لایەك زویر نەکەم.

**گوڵان: کاك نەوشیروان دوای ئەوەی ئەو وەزعە گەرم بوو عومەر شـــێخ مووس گوتی من بۆ ئەوە هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی وەزعەکە هێور بکەمەوە. کاك کۆســـرەتیش ڕەنگە ڕۆڵێك ببینێت. ئایا پێت وایە بە ناوبژیوان ئەو مەســـەلەیە چارەسەر دەکرێت؟واتا کێشەی ئێوە کێشـــەی ئەوەیە خەڵك ببێتە ناوبژیوان و ئێوە تۆزێك ســـارد بکەنەوە و ئەولاش سارد بکەنەوە بۆ ماوەیەکی کاتی؟یان کێشەی ئێوە کێشـــەیەکی سیاسیە و دەبێت گۆڕانکاری سیاسی لە ئیدارە و لە سیستەمەکە بکرێت؟**

نەوشـــێروان:وایە،گۆڕانی سیاسیش بەشـــێکە لە گفتوگۆ، واتا گۆڕانی سیاســـی بە گفتوگۆ ئەکرێت. ناوبژیوانی و قسەکانی ئەوانیش بەشـــێکە لەو گفتوگۆیانە و شتێکی باشە کە بکرێت. باشترین ڕێگاش ڕێگای گفتوگۆیە و من خۆم بڕوام بە دانوستان هەیە.

**گوڵان:واتا گەشـــبینی بەوەی کە ئەگەر ئـــەوان هاتنە ناو ئەو کێشەوە وەزعەکە تۆزێك باشتر بکەن؟**

نەوشـــێروان :پێم وانییە بگەنە ئەنجامێکی گەورە، بەڵام هەر لە هیچ باشترە. هەمیشە کردن باشترە لە نەکردن.

**گوڵان:ڕاســـتە باڵی ریفۆرم دەنگێکی جیاوازە لەناو یەکێتی چ بـــۆ حکومەت چ لەناو حزبەکانی تریش. بەڵام هەســـت ناکەیت ئێوە تا ئێستا پرۆژەیەکی جدیتان نییە بۆ بەڕێوەبردنی حوکم،بۆ سیاسەتی حوکم، بۆ رۆشنبیری حوکم،..هتد، ڕاستە لە وتارەکانت شتێك دەڵێیت، بەڵام وتارەکانت لەسەر بابەتێکە، بۆ نموونە ئەوەی ڕابردوو لەســـەر ئەوە بوو کە مامەڵەمـــان لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکـــوك چۆن بێت. ئەوانە پرۆژە نین بەو مانایەی پرۆژە بن بۆ هەموو کاروبارەکانی جکومەت. هەســـت ناکەیت کەموکورتیتان هەیە بەوەی تەرحەکانتان هێشتا بە پێی پێویست پێنەگەیشتووە؟**

نەوشـــێروان :من قسەکەر نیم بە ناوی ریفۆرمەوە. ریفۆرمیش بە مانـــای باڵ وەك زەمانی کۆن نییە ســـەرکردایەتیەکی هەبێت و دانیشـــێت و کۆبوونەوە بکات و بەرنامە دابنێت، ریفۆرم تا ئێستا ئیتیجاهێکی سیاسیە،تەوەجوهە، تا ئێستا تەیارێکە. یەعنی ئەوە نییە تۆ بڵێیـــت کۆمەڵێك خەڵکن پێکەوە گروپێکیان دروووســـت کـــردووە و ئەو گروپە لەڕووی فکریەوە لەســـەر هەموو شـــتێك مولتەزیمن و دانیشتوون بەرنامەیەك دائەنێن وەك بەدیل. لەبەرئەوە من قسەکەر نیم بەناوی ئەوانەوە ئەو شتانەی کە بڵاوی دەکەمەوە زیاتر هی خۆمن.

**گوڵان:بە رای تۆ یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان بەو وەزعەوە بۆ کوێ دەڕوات؟واتا بەرەو بەهێزبوون یان لێکهەڵوەشانەوە کە هەندێ جار لەناو ســـەرکردایەتی یەکێتیش قسەی وا دەکرێت کە ئەگەر یەکێتـــی بەم وەزعە هەر بەردەوام بێت ڕەنگە دەیانەوێت واتە ئێوە دەتانەوێت یەکێتی بچووك بێتـــەوە و ببێتە حزبێکی ژمارە پێنج یان ژمارە چوار.**

نەوشـــێروان:من خۆم باوەڕم بەوە نییە کە یەکێتی هەڵدەوەشـــێتەوە یان لەناو دەچێت. ڕەنگە لاواز ببێتەوە بەڵام نە هەڵدەوەشـــێتەوە نە لەناودەچێت.

**گوڵان:دوای ئەو هەموو مشـــت و مڕەی کـــە کرا و دوای ئەو هەمووە ڕەخنە و ڕەخنەکاریەی کە کاك نەوشیروان بەسەریدا هات و ئیتـــر چەند جارێك مام جەلالی بینیوە لە ســـەردانەکانی ئێرە (سلێمانی )، ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ مام جەلال چۆنە؟بەڕاستی درزێکـــی زۆر بچووکیش بێت لێی نەکەوتووە دوای ئەوەی کە تۆ ڕای جیـــاوازت زەق کردۆتەوە؟ یان هـــەر ئەو مام جەلال و کاك نەوشـــیروانەن کە جاران پێکەوە لە شـــاخ بوون و یەك دڵ و یەك گیان بوون؟**

نەوشێروان:لەسەر ئاستی شەخســـی پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان باشە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی ئێمە ناکۆکین.

**گوڵان:ئەو ئاستە سیاسیە کە بۆچوونەکانی خۆتی تێدا دەخەیتە روو بۆچوونی مام جەلال لێت نزیك نابێتەوە؟**

نەوشێروان: خۆم وا هەستم نەکردووە.

**گوڵان:بەپێی ئەو دیمانەیەی ئێســـتا لەگەڵ جەنابتم کرد هەست ناکەم تۆ وەکو ئەردۆگان کە لە حزبی رەفاە هاتە دەرەوە و حزبی داد وگەشەپێدانی دروست کرد و لە هەڵبژاردنەکانیشا سەرکەوت،یان وەکو شـــارۆن کە لە حزبی لیکۆد هاتـــە دەرەوەو حزبی کادیمای دروســـت کرد و ئەویش لە هەڵبژاردنەکانا ســـەرکەوت،نموونەی تریش زۆرن، پرســـیار ئەوەیە من لەم دیمانەیەدا هەستم نەکرد تۆ چاوەڕوانی ئەوە بکەیت بەیانی چ یەکێتی بگرێتە دەســـت خۆت بە شـــێوەیەکی بەرفراوانتر لە ئێســـتا، یان حزبێکی نوێ دروست بکەیـــت کە بنکەیەکی جەماوەری لە ئێســـتای یەکێتی زیاتری هەبێت. وا هەســـت دەکەم تەنها هەندێك بۆچوون هەیە دەیخەیتە ڕوو کەلە بۆچوونەکانی یەکێتی جیاوازە و ئیتر لەوە زیاتر شتێکی تر نییە.وایە؟؟**

نەوشێروان :وایە،ئەو زەمینە دیموکراسیەی کە لە تورکیا هەیە بۆ دروستکردنی حزب، کوا لە کوردستان هەیە ...

**گوڵان:ئەو زەمینە سیاسیە هەبوایە ئێستا هەنگاوی ترت دەنا؟**

نەوشێروان :ئەوە ڕەنگەیە، لەبەرئەوە ئینسان ناتونێت لەسەر ڕەنگە شت ئیمزا بکات.

**گوڵان:دوا پرسیار، جیاوازیەکانی کاك نەوشیروان ئایا بەشێکە لە سیاســـەتی گشتی یەکێتی یان ئێستا کاك نەوشیروان لە یەکێتی نیشتمانی کوردســـتان دابڕاوە؟جاران زۆر سرووشتی بوو کە ڕای جیاوازیشت هەبوو هەر ســـەرکردەی یەکێتی نیشتمانیش بووی. ئایا ئێستا لە یەکێتی دابڕاوی چونکە ئەو ڕەئی جیاوازیە قوبوڵ ناکرێت، یان هەر لەناو یەکێتی؟**

نەوشێروان :مەبەســـتت لەناو یەکێتی چییە؟من ڕۆژانە بە دەیان کادیـــری یەکێتی دەبینم، ســـەرکردەی یەکێتی ئەبینم، ئەندامی مەکتەبی سیاســـی ئەبینم، خەڵك ئەبینم. بۆ دابڕان من بە هیچ جۆرێك دانەبڕاوم، بەڵام ئێســـتا من بەشێك نیم لە سیاسەتی

●●●

**لە پرۆسەی دیموکراسیدا ئاسایش بێ لایەنە، هێزی چەکدار بێ لایەنە، دەزگای ڕاگەیاندن بێ لایەنە و پارەوپوول بێ لایەنە. لەم هەڵبژاردنەی ئێمە ئەوانە بێ لایەن نەبوون**

●●●

●●●

**مەسەلەی دەست لەکارکێشانەوە، ئەوە ڕەنگە بەس لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا ئەو داوایە بە کفر حیساب بێت، ئەگینا لە هەموو جێگایەک دەبێت بلێیی بڕۆوە و دەست لەکار هەڵگرە**

●●●

●●●

**ئێستا لەناو یەکێتی نیم. لە دەرەوەی یەکێتی قسە ئەکەم، من نە لە مەکتەبی سیاسیم نە لە سەرکردایەتیم نە لە مەڵبەندم**

●●●

●●●


**لە مەسەلەی سەرکردایەتی یەکێتیدا نوێبوونەوە و تازەگەری شتێکی زۆر لەسەرەخۆیە. بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لە تەمەنێکدان کە ئەبێت جێگە بۆ گەنج چۆڵ بکرێت**

●●●

●●●

**من لەوەتی خۆم هاتوومەتە دەرەوە بە یەک کەسم نەوتووە وازبێنێت، هەرچیش پرسی بە من کردبێت وتوومە ئەوە ئارەزووی خۆتە**

●●●



یەکێتی.

**گوڵان:باشە تۆ ئەو گلەییانە دەکەی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، پێت وایە ئەگەر تۆ سەرۆکی وەفدی کوردی و نوێنەری کورد بوایت لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ بەغدا دەکرێن گۆڕانکاریەك دروست دەبوو؟واتا وەزعی کورد باشتر دەبوو یان ئەگەر جەنابیشت بوایت هەر ئەوە دەبوو کە ئێستا هەیە؟**

نەوشێروان:ئەو زەمانەی کە هێشتا ئەنجوومەنی حوکم مابوو وتارێکم نووسی باسی ئەوەم کرد زەمانی گوڵبارانکردنی ئەمریکیەکان تێپەڕیوە و دۆستی هەمیشەیی و دوژمنی هەیشەیی نییە، هاوپەیمانێتی لە حاڵەتی گۆڕاندایە و پێویستە ئێمە دانیشین و گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ ئەمریکیەکان بکەین لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی خۆمان. ئەوە لە زەمانێکدا بووە کە هێشتا لە ئەنجوومەنی حوکم بووین، ئەوە پێش ئەو زەمانە وابوو کە هێشتا ئەنجوومەنی حوکم مابوو سەبارەت بە رۆڵی من، بڕیار وابوو بەڵام کە بە قسەیان نەکردم خۆ ناچم شەڕ بکەم.

**گوڵان:جارێك نووسیبووت کەرکوکمان نەدۆڕاندووە.**

نەوشێروان :ئێستاش باوەڕم وایە نەماندۆڕاندووە.

**گوڵان: بەڵام کەرکوکیش نایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان.**

نەوشێروان : بۆ نایەتەوە؟

**گوڵان:لەبەرئەوەی نە کورد ئەو توانایەی هەیە و ئێمەش لە ناو چەند وڵاتێکداین کە خنکێنراوین هەر ئەوەندەیە هەناسە دەدەین. ئەو وڵاتانەش تەحەکوم بەسەر هەموو حوکمڕانیەکانی عێراق دەکەن.**

نەوشێروان :من بۆچوونم وا نییە، ئەگەر کورد بیەوێت نەخشەیەکی هەمەلایەنەی هەبێت، پشوو درێژبێت من باوەڕم وایە دەتوانین کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بهێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان. مەرجیش نییە ئەم ساڵ.

●●●

**من کەسم هان نەداوە واز لە یەکێتی بێنێت. بە پێچەوانەوە هەر کەسێک لە منی پرسیبێ وتوومە لە شوێنی خۆتدا بمێنەرەوە و ئیشی باش بکە. ئێمە بەدیلێکی ترمان نییە تا ئێستا پێی بڵێم لەوە واز بێنە و وەرە خەریکی ئەمە بە**

●●●

●●●

**ئێمە موشکیلەکەمان ئەشخاس نییە، واتا ئەوە نییە چەند کەسێک لابرێت و چەند کەسێک بچێتە شوێنی. ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە گۆڕین چۆن لە شێوەی بەڕێوەبردنی ئیشەکاندا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە بەرنامەی حزبەکەدا ئەکرێت ئەگینا ئەگەر هەموو سەرکردایەتی بگۆڕدرێت ئەگەر بە هەمان ئەو سیستەمەی ئێستا ئیش بکەن هەمان بابەت و گرفتە**


●●●

●●●

**تۆ بێیت پێنج کەس لەبەر خاتری من و پێنج کەس لەبەر خاتری سەرکردایەتی و لەبەر خاتری مەکتەبی سیاسی بهێنی بۆ کۆنگرە، پێم وایە ئەوە چارەسەری گرفت و کێشەکان ناکات. چونکە موشکیلەکانی یەکێتی لەوە قووڵترن**

●●●

# ماکین و ئۆباما ...هەرک
# دەبێت لەگەڵ واقیعی ت



ئەوانەی بۆ ئەم راپۆرتە هاوکاریان کردوین و، قســـەمان لەگەڵ کردون زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ دۆســـێی عێراق مامەڵە دەکەن و هەندیکیان وەك ولیام بی . کوانت دبلۆماتێکی دێرینەو بەشداربووە لە گەورەترین کاری دبلۆماتی ئەمریکادا کە رێککەوتنی کامب دیڤید بووە لە پۆستی کارتەردا، هەروەها دیڤید ئی لۆنگ کە ئێستا لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاردەکات و جیگری ئۆ فیســـی دژە تیرۆرە، هەروەهـــا رۆژنامەنوس و دیپلۆمات گاریس پۆرتـــەر کە وەك پەیامنیری جەنگ لە ســـاڵانی ١٩٧١ -١٩٧٠ لـــە ڤێتنام هەواڵەکانی

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

■ ■ ■

**ولیـــام بی. کوانـــت هەم ئەزموونـــی ئیـــدارەی دیموکراتەکانـــی هەیـــە هەمیش کۆمارییەکان، لەبەر ئەوەی لە پۆستی نیکسۆن و پۆستی کارتەردا ئەندامی ئەنجومەنـــی ئاسایشـــی نەتەوەیی ئەمەریکا بووە و رۆڵیکی دیاری هەبووە لە رێککەوتنـــی بە ناوبانگی کامب دیڤید لە نیوان میسر و ئیســـرائیلدا، هەربۆیـــە ولیام کوانت یەکێك بووە لە بریاری سیاسی ئەمەریکا کاریکردووە و پاشانیش کە لە ئیدارە نەماوە یەکێکە لە تۆژەرە بـــە ناوبانگەکانی ئامـــۆژگای بۆکینکنز و ئەندامـــی ئەنجوومەنـــی سیاســـەتی رۆژهەڵاتـــی ناوەراستیشدا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئایندەی ئەمەریکا لە عێراقدا گوڵان پەیوەندی بە دبلۆمات ولیام بی، کوانت کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■ ■ ■

## ولیام کوانت ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە پۆستی نیکسۆن و کارتەردا بۆ گوڵان:




***ئایا پێشـــبینی دەکرێـــت وڵاتـــە یەکگرتوەکان گۆڕانـــکاری لە سیاسەتەکەیدا بکات لە عێراقدا؟**


- من پێم وایە لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا گۆڕانکاری دەبینین، ئەگەر بەرێز ئۆباما ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێت، ئەوا دەرفەت دەدات کە بە پێی هەل و مەرجـــی ناوخۆییەکان بارودۆخی عێـــراق بەرەوپێش بچێت و ئەمەریکا رۆڵێکی گەورە نابینێت لە دارشـــتنی سیاسەتی ناوخۆی عێراقدا و دەبێت لە ســـاڵانی داهاتوودا ئەمەریکا کەمتر تێوەبگلێت لە کاروبارەکانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە و دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئایندەی عێراق لە دەستی خودی عێراقییەکان خۆیاندایـــە. مەککین خوازیاری ئەوەیە عێـــراق ببێتە هاوپەیمانێکی ستراتیجی ئەمەریکا، بە چەشنێك ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بەشداری لە چەسپاندنی ئاســـایش و مەسەلە سیاسییەکانی عێراقدا بـــکات و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هێزە ســـەربازیەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا جیگیر بکات، کە ئەگەر راشکاوبم، ئەوا ئەمە شتێکی مەحاڵە بە حوکمی ئەو هەل و مەرجە سیاســـییە ناوخۆییەی لە عێراقدا هەیە، بـــەڵام ئامانجی مەککیـــن لە جێگیرکردنـــی درێژخایەنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پەیوەستە بە ئێرانەوە، لەبەر ئەوەی ئێران دوژمنی ئەمەریکایـــە و مەککینیش خوازیارە رووبـــەڕووی ئێران ببێتەوە. من پێم وایە ئۆباما واقیعیترە لە ئاســـت جیاوازی نێوان ئەوەی دەمانەوێت بەدەستی بهێنین و ئەوەی دەتوانین بەدەستی بهێنین.

***ئایا پێشـــبینی ئەوە دەکرێت ئەمەریکا هەنـــگاو بۆ جێگیرکردنی فیدارڵیزم بنێت و بنیاتنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز فەرامۆش بکات؟**

- هیچ کەســـێك لە ئەمەریـــکا خوازیاری ئەوە نییە دەســـەڵاتێکی چەشنی دەســـەڵاتی سەددام حوسێن بگەڕێتەوە بۆ عێراق، تێڕوانینی شەخســـی من ئەوەیـــە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردســـتان تا راددەیەك ســـەرکەوتوو بووە و هیچ لایەنێك لە وڵاتـــە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە نیاز نییە ئەم هەرێمە لاواز بکات. بەڵام ئایا مۆدێلێکی باشـــە بۆ بەشـــەکانی دیکەی عێراق یاخود نا ئەوا زەحمەتە بۆ من ئەوە یەکلا بکەمـــەوە. من لەوە تێدەگەم بۆچی چەند ناوچەیەکی دیاری کراوی باشـــووری عێراق خوازیاری ئەوەن ئاستێك لە ســـەربەخۆییان هەبێت لە هەڵســـوڕاندنی کاروبارەکانیاندا، بەڵام ئایا چارەنووســـی بەغدا و ناوچە سوننەنشـــینەکان چی دەبێت. من پێم وایە دەبێت حکومەتێکی مەرکـــەزی هەبێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشـــتییەکان بکات، بەڵام دەبێت هەر پێکهاتەیەکی عێراق هەست بکات کە رۆڵی هەیە لە بەڕێوبردنی کاروبارەکاندا. دۆزینەوەی هاوسەنگیەکی راست و دروست

ÖNEM
کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە

# ـــامیان بچنە کۆشکی سپی ـــاڵی عێراق مامەڵە بکەن



گواســـتۆتۆتەوە، ئەمە بێجگە لە دیڤید کۆرترایت کە ئەویش راوێژکاری پێشووی وەزیری دەرەوەی کەنەدایە هەموویان، هەموویان بە جۆرێك لە بێئومێدی سەیری سیاسەتی ئەمریکا لـــە عێراق دەکەن و تەنانەت ئەگەر جۆن مەکین بچێتە کۆشـــکی ســـپی پێیان وایە ئەو سیاسەتە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت، بەڵام هەموو لەو خاڵە یەکدەگرنەوە، ئەگەر ئۆباما بچێتە کۆشکی سپی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا روودەدات .ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکانیانە بۆ گوڵان:

کارێکی زەحمەتە و نابێت ئەمەریکییەکان بەم کارە هەڵبســـتن، لەبەر ئەوەی شـــارەزای بارودۆخی عێراق نیـــن. لە لایەکی دیکەوە من لەو بـــاوەڕەدام عێراق بەرەو دەوڵەتێکی کەمتـــر مەرکەزی هەنگاو دەنێت. پێویســـت ناکات سیاسەتی ئەمەریکا ئەوەبێت حکومەتێکی مەرکەزی زۆر لاواز بنیـــات بنێت، حکومەتێکـــی مەرکەزی زۆر لاواز ناتوانێت خزمەت بە بەرژوەندییەکانی عێراق بکات، بە هەمان شێوە حکومەتێکی مەرکەزی زۆر بەهێزیش. لەبەر ئەوە دەبێت هاوسەنگییەك بدۆزرێتەوە و دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکان دیاری بکرێن.

مـــن پێم وایە ئیـــدارەی داهاتوی ئەمەریکا پتر بایەخ بە ویســـت و ئیـــرادەی عێراقییـــەکان دەدات لە رووی ئەو بونیادە سیاســـییەوە کە خوازیاری ئەوەن پیادەی بکەن و ئەمەریکا کەمتر بیر لە ســـەپاندنی شێوازێکی دیاری کراو دەکاتەوە بەسەر عێراقییەکاندا.

*** کێشـــەی عێراق تەنها توندوتیژی و ناســـەقامگیری نییە، بەڵکو ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە و عەرەبەکانیش ئەمە بە هەڕەشە لێك دەدەنەوە بۆ سەر ناسنامەی عێراق و لە رابردوودا پەنایان بۆ جینۆســـایدکردنی کوردەکان برد و ئێستاش دژی مەسیحیەکان ئەم کارە دەکەن، چارســـەری ئەمە حاڵەتە چۆن دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا فرەی سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی؟**

- ئـــەوە یەکێکە لە تەحـــەدداکان و هێزە دەرەکییەکان چارەســـەرێکی ســـیحریان نییە بۆ ئەم گرفتە و دەبێت بایەخ بە پەروەردەکردنی نەوەی نـــوێ بدرێت و بەهـــای لێبوردەییان تێدا بچێنرێـــت و من هیوادارام گۆڕانێکی گەورە و بەرچاو لە سیســـتمی پـــەروەردەدا بکرێت و بە زووترین کات دەست بەم پرۆسەیە بکرێت، بۆ ئەوەی تێکڕای پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە پێکەوە بە ئاشتیانە بژین.

من پێم وایە ئەمەریکییەکان پێیان وایە ســـەرکوتووترین بەرەوپێشچوون کە دەتوانرێت لە عێراقدا ئاماژەی بۆ بکرێت، لە هەرێمی کوردستاندا روویداوە و من پێم وانییە هیچ دوژمنایەتێك لە لایەن ئەمەریکاوە هەبێت بۆ سەرکەوتن و دەســـتکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە بە ئیعجابەوە لێی دەڕوانن، بە تایبەتی لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییـــە ناوخۆییەکانتان و چۆنییەتی هـــاوکاری کردنی نێوان دوو پارتە گەورەکە و بوونی ئەو دیموکراسیەتەی تا رادەیەکی سەرکەوتووە لـــەو هەرێمەدا، لەگەڵ بنیاتنانی دامەزراوە نوێیەکان و زانکۆکان، بە تایبەتی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی کە من ئومێدەوارم سەرنجێکی زۆر رابکێشـــێت و وەك ســـەرکەوتنێك ئاماژەی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە نابێت نیگەران بن لەوەی ئەمەریکا تەقدیری ئەو دەستەکەوتانە ناکات کە بەدەســـتتان هێناوە، بە پێچەوانەوە دان بەوەدا دەنرێت کە ئەمە تاقە بەشی سەرکەوتووە لە عێراقدا و هیوادارین بەشەکانی دیکەش هەمان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە ساڵانی داهاتوودا.

*** پێت وایە هێشتا سەردەمی ئەوە مابێت کە بە زەبری هێز یەکگرتوی وڵاتێك بپارێزیت لە کاتێکدا شایســـتەی ئـــەوە نەبێت بە یەکگرتوی بمێنێتەوە؟**

- من ناتوانم حوکم لەســـەر ئەم مەســـەلەیە بدەم، ئەوەی ئاشـــکرایە کـــوردەکان خوازیاری ئەوەن تا ئەو رادەیـــەی مومکینە ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوەی لەم هەل و مەرجەی ئێستادا بەدەستهێنانی ســـەربەخۆی ئامانجێکی ســـەختە، بە تایبەتی بە هۆی هەڵوێستی دەوڵەتە دراوســـێکانەوە، مـــن نازانم لە بەشـــەکانی دیکەی عێراقدا بوونیادێکی سیاســـی دیاری کراو پیادە دەکرێـــت، کە بە زەبری هێز پێکەوەژیان بەســـەر پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا دەسەپێنێت یان نا، بەڵام نابێت چاوەڕوانی ئـــەوە بکەین، ئەمەریکا یان ئێران یان هەر هێزێکی دەرەکی دیکە ئەم کێشەیە چارســـەربکەن، دەبێت عێراقییەکان خۆیان یەکلای بکەنەوە.

*** ئایا گەشـــبینیت بـــە توانـــای عێراقییەکان بۆ ئـــەوەی بتوانن پێکەوبژین؟**

- گەشبینی و رەشبینی ســـادەکردنەوەی مەسەلەکانن، بەڵام من پێم وایە عێراقییەکان دەرفەتێکیان لە پێشە بۆ بنیاتنانەوە وڵاتەکەیان، بەڵام گۆڕانی سیاسی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ئەزموونی هەندێ لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بڕوانیت ئەوا کارێکی باشیان ئەنجام نەداوە لەم رووەوە ئەگەرچی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان کەمتر ئاڵۆزبوونە. لەبەر ئەوە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عێراق پرۆســـەیەکی دووردرێژ و پڕ لە سەختی و تەحەددا دەبێت، من ناڵێـــم مەحاڵە، بەڵام ئەرکێکی قورســـە و کاتێکی زۆری دەوێت، بە تایبەتـــی کە قەیرانی دارای جیهانی گرتۆتـــەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە قەیرانەکانی عێراق کۆمەڵایەتی و ئابووری و دارایی دەبن، بەڵام دەتوانن بە سەریاندا زاڵبن، هەرچەندە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە.

**●●● لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆڕانکاری دەبینین ●●●**

**●●● هیچ کەسێک لە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە نییە دەسەڵاتێکی چەشنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن بگەڕێتەوە بۆ عێراق، تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان تا رادەیەک سەرکەوتوو بووە و هیچ لایەنێک لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە نیاز نییە ئەم هەرێمە لاواز بکات ●●●**

**●●● عێراقییەکان دەرفەتێکیان لە پێشە بۆ بنیاتنانەوە وڵاتەکەیان، بەڵام گۆڕانی سیاسی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ئەزموونی هەندێ لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانیت ئەوا کارێکی باشیان ئەنجام نەداوە ●●●**

ÖNEM
کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە

**دیڤید لۆنگ جێگری بەڕێوەبەری ئۆفیسی دژە تیرۆر لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**



# واقیعە تاڵەکەی عێراق ئەوەیە لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردنیان نییە

■ ■ ■

**دیڤید ئی. لۆنگ جێگری بەڕێوەبەری ئۆفیسی دژە تیرۆرە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و وەك نوێنەری وەزارەتی دەرەوە لەم وڵاتانە (سۆدان، مەغریب، سعودیە، ئەردەن ) هەروەها لە ئۆفیسی خۆشی لە واشنتۆن کاری لەسەر سیاسەتی دژە تیرۆر کردووە، هەر لەم ئۆفیسە سەرۆکی دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیکە.**

**دیبلۆمات و پرۆفیسۆر لۆنگ لە دوای ١١ی سیپتەمبەر ئەو پرسەی ورژاندووە ئایا سعودیە دۆستە یادوژمنە.**

**بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا و رۆڵی سعودیە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا پەیوەندیمان بە دیپلۆمات دیڤید لۆنگ کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

■ ■ ■

*** ئێستا کەباسی سیاسەتی ئەمەریکا دەکرێت بەزۆری باس لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووو دەکرێت، بۆیە ئێمەش پرسیارەکەمان بەو جۆرە دەکەین ئیدارەی داهاتووو چۆن مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات؟**

- ئەو بارودۆخەی حاڵی حازر لە عێراقدا هەیە دەرئەنجامی بزووتنەوەی یاخیبوون و ئەو توندوتیژیەیە کە لە دوای داگیرکردنی وڵاتەکەوە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە سەریان هەڵدا، لەبەر ئەوە هەر پاڵێوراوێك ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا ئەوا ڕێگاچارەیەکی زۆری لە بەردەمدا نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی عێراقدا، ڕەنگە یەکێك لە ڕێگاچارەکان کشانەوە بێت لە وڵاتە، کە بە تێڕوانینی من ئەو کاتە ئەمەریکا دەستڕۆیشتوییەکی زۆری نابێت لە سەر هەلومەرجی عێراق بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، بەڵکو ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لێبدەن.

*** دەوڵەتانی هاوسێی عێراق کاریگەریان لەسەر ئایندەی عێراق هەیە، هەر بۆنموونە سعودیە حەز ناکات عێراق بێتە دیموکراسی و فیدرالی لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە کەمدەبێتەوە ئایا تاچەند پیوەنیدیەکانی سعودیە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەیە؟**

- سەرەتا من لەگەڵتاندا هاوڕان یم کە سعودیە خوازیاری ئەوە نییە عێراقێکی دیموکراسی ببینێت، دواتر نیگەرانی سەرەکی لای سعودیەکان ئەوە نییە ئایا عێراق دەبێتە وڵاتێکی دیموکراتی یاخود نا، بەڵکو نیگەرانییەکە ئەوەیە ئایا دەبێتە وڵاتێکی سەقامگیر لە ناوچەکەدا، جگە لەمە ئەوان هیچ ڕۆڵێکی دیکە نابینین لەوەی ئایا عێراقییەکان بە چ شێوەیەکی حکومڕانێتی وڵاتەکەیان دەکەن.

هەروەها هیچ لایەك خوازیاری ئەوە نییە ڕژێمێکی چەشنی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن بگەڕێتەوە بۆ سەر دەسەڵات. دواتر ئەگەر بە شێوەیەکی موجەڕەد لە بنیاتنانی حکومەتێکی مەرکەزی بڕوانیت ئەوا لایەنی ئیجابی بەدی دەکەیت، بەڵام بنیاتنانەوەی حکومەتێکی مەرکەزی لە عێراقدا دووچاری ئاستەنگی دەبێتەوە، لەبەر بوونی جیاوازییە تائیفیی و ئیتنییەکان. لە ڕاستیدا مەسەلەی ئەوەی ئایا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی کە خاوەنی سێ هەرێم بێت، یاخود دەبێتە دەوڵەتی مەرکەزی یان دابەش دەبێت بۆ سێ دەوڵەتی جیاواز، ئەوا دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لێبدەن. هەر یەکێك لەو حاڵەتانەش لایەنی ئیجابی و ئاستەنگی خۆیان هەیە، بۆ نموونە، ئەگەر عێراق بۆ سێ دەوڵەت دابەش بوو، ئەوا هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە خاوەنی ئابوورییەکی ئەوەندە گەورە نابن کە ببێتە بناغە بۆ حکومڕانیکردنی کاروبارەکانی هاوڵاتییەکانیان. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سیستمێکی فیدراڵی لە عێراقدا جێگیر بکرێت، ئەوا بە حوکمی ئەوەی هەستی دوژمنایەتی لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکەدا هەیە، ئەوا زەحمەتە بتوانن پێکەوە کاربکەن. ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من زۆر گەشبین نیم بە دەرئەنجامەکە و لەو باوەڕەشدام هەر کاتێك ئەمەریکا پاشەکشەی کرد ئەوا دەستڕۆیشتوویەکی زۆری نابێت لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە عێراقدا.

*** کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن پێکەوە کاربکەن، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شەڕی ناوخۆی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا سەری هەڵدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ڕێگە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بگرین؟**

- ئەمە واقیعە تاڵەکەی عێراقە، ئەگەر بۆ مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بگەڕێینەوە، ئەوا ئێمەش لە سەرەتادا کێشەی ئەوەمان هەبوو کە چ شێوازێك بگرینەبەر بۆ حکومڕانێتی کردنی کاروبارەکانی خۆمان. ویلایەتە گەورەکانی ئەمەریکا وەك نیویۆرك، ڤیرجینیا و پەنسلڤانیا خوازیاری ئەوە بوون کە حکومەتێکی مەرکەزی پێك بهێنرێت، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە دەیانتوانی بەسەر ویلایەتە بچووکەکاندا باڵادەست بن، ئەمە لە کاتێکدا ویلایەتە بچووکەکان هەوڵی ئەوەیاندا

کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە
ÖNEM

کە سیستەمێکی فیدراڵی پیادە بکرێت. کێشەکانی ئێمە سەری کێشا بۆ شەڕی ناوخۆیی پێش ئەوەی هەمو لایەك ڕێك بکەون کە دوو ئەنجوومەن یاسادانان هەبێت، یەکێکیان ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەوی دیکەیان ئەنجوومەنی پیرانە. لەم ساتەوەختەدا عێراق ڕووبەڕوی هەمان کێشە بۆتەوە، بەڵام لە کەشێکی توندوتیژدا، لەبەر ئەوەی ئێستا ناکۆکی هەیە لە نێوان لایەنەکاندا، بۆ نموونە لە نێوان مالیکی و کوردستاندا، تەنانەت لە نێو شیعەکان خۆیاندا. من پێموایە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە لە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوودایە و ڕێگرە لە پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەیان و لەم پێناوەشدا دەبێت سازش بۆ یەکتری بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت تەنیا ڕاسپاردەی هەبێت بۆ عێراقییەکان، بەڵام ناتوانێت چارەسەرێکی دیاری کراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت. تاوەکو عێراقییەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەو سیستەمی حکومڕانێتییە نەدەن کە پێیان وایە باشترین سیستەمە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتەکەیان ئەوا توندوتیژی کۆتایی نایەت. لە لوبناندا شەڕی ناوخۆیی بۆ ماوەی ١٥ ساڵی درێژەی کێشا دوای ئەوەی ئەمەریکا ئەو وڵاتەی جێهێشت، بەڵام لە کۆتاییدا لوبنانییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە شەڕکردن لەگەڵ یەکتریدا لە بەرژەوەندی هیچ لایەك نییە.

هەربۆیە دەبێت تێکڕای عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتنێك کە هەموو لایەك خۆی بە عێراقی بزانێت، نەك تەنیا خۆی بە شیعە، یان بە عەرەبێکی سوننی یان خۆی بە کورد بزانێت، بەڵکو دەبێت هەمو لایەك خۆی بە عێراقی بزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەتوانن شیعە، یان سوننە یان کورد بن. گرنگ ئەوەیە ڕێگە نەدرێت دیکتاتۆریەتی زۆرینە سەر هەڵبدات، کە زۆرینەش لە عێراقدا شیعەکانن. من پێموایە تاوەکو عێراقییەکان نەگەنە ڕێککەوتنێك لەم ڕووەوە، ئەوا هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت کۆتایی بە توندوتیژی بهێنێت و ئاشتی بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت.

*** کوردەکان خۆیان لە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنێن و بوونی کوردستانێکی سەقامگیر و دیموکرات بە سەرکەوتن و دەستکەوت بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەمەریکا هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم ئاسایشەی کوردستان تێکەڵ بەو پشێوی و توندوتیژییەی بەشەکانی دیکەی عێراق بکات و دیموکراسییەکەشی تێکەڵ بەو پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە بکات کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی ئەم هەریمە نادات؟**

- هەرگیز وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری هاوشێوەی دەسەڵاتی سەددام نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هێزێکی دەرەکی ناتوانرێت دیموکراسی بەسەر وڵاتێکی دیکەدا بسەپێنێت، دیموکراسی لە « سەرەوە بۆ خوارەوە» جیگیر نابێت، بەڵکو دەبێت بە پێچەوانەوە بێت لە « خوارەوە بۆ سەرەوە». ئەوەی ئەمەریکا لەبەرچاوی نەگرت ئەوەیە کە دیموکراسی پرۆسەیەکە و مەرج نییە ببێتە هۆی هێنانەدی ئازادییەکان، بۆ نموونە لە زۆرێك لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا هەڵبژاردن دەکرێت و سەرۆك هەڵدەبژێردرێت و پەرلەمانی هەڵبژێدراو هەیە، بەڵام ئازادی نییە. لەبەر ئەوە دەبێت ئازادی بە هاوڵاتییان بدرێت، ئازادبن لەوەی بێ ترس بژین و ئازاد بن لەوەی ڕێگە بە دیکتاتۆرییەتی زۆرینە نەدرێت کە بەسەریاندا زاڵ بێت. کەواتە تاوەکو تێکڕای سەرکردەکانی عێراق، بە کورد و سوننە و شیعەکانەوە کۆنەبنەوە و نەگەنە کۆدەنگییەك لە سەر چۆنییەتی حکومڕانیکردنی وڵاتەکەیان و لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، بە چەشنێك کە ترس و نیگەرانییەکان بڕەوێنرێنەوە و زەمانەتی ئازادییەکان بکرێت، ئەوا هیچ دیموکراسی و هیچ ئاشتییەك نایەتەدی. ئەمە واقیعە سەختەکەی عێراقە و لەو باوەڕەدانیم کە تا ئێستا ئەمەریکا لەم واقیعە تێگەیشتبێت و لەو باوەڕەشدا نیم کە عێراقییەکان گەیشتبێتنە کۆدەنگیەك لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی هەندێ لایەن خوازیاری کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتن و هەندێکی دیکەیان خوازیاری بەدەستهێنانی سەربەخۆیین. بەڵام دەبێت هەمو لایەك ئەو ڕاستییە بزانن کە هێنانەدی ئاشتی باجی گرانی دەوێت. بەڵام دەبێت بەراوردی بکەن بەو باجەی کە لە پشێوی و لەدەستدانی ئاشتیدا دەیدەن. من پێموایە ئەگەر عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ ئەوەی بە ئاشتی پێکەوە بژین، ئەوا ئەو کاتە دەتوانن ڕووبکەنە هێزە دەرەکییەکان و دەوڵەتە دراوسێکان و پێیان ڕابگەیەنن کە ئێمە خوازیاری ئەوەین پێکەوە کاربکەین و بە ئاشتی پێکەوە بژین و دەبێت ئێوەش هاوکاریمان بکەن، کە من پێموایە یارمەتی و هاوکاری بەدەست دەهێنن.

*** پێت وایە هێشتا سەردەمی ئەوە مابێت کە یەکگرتوویی وڵاتێك بپارێزیت لە کاتێکدا شایستەی ئەوە نەبێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟**

- عێراق لە لایەن بەریتانییەکانەوە دروستکرا، بەڵام پەنجا ساڵی خایاند بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیان بە عێراقی بزانن کە سەرەتا ڕژێمی پاشایەتی بوو، دواتر گۆڕا بە دیکتاتۆریەت. بەڵام جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٣دا و بە داگیکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە ئەم هەستی عێراقیبوونە تێکشکا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانین جارێکی دیکە عێراق دروست بکەینەوە، یاخود ئایا دەبێت کارێکی لەم چەشنە بکەین. من پێموایە خوڵقاندنەوە و دروستکردنەوەی عێراق لە بەرژەوەندی هەمو لایەکە، ئایا دەتوانین ئەم کارە بکەین، من نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ناتوانین بە شێوازی لە «سەرەوە بۆ خوارەوە» ئەم کارە بکەین. بۆ نموونە ئەگەر دیکتاتۆرییەتی شیعەکان دروست بوو و هەوڵیدا لایەنەکانی دیکە کۆنترۆڵ بکات، ئەوا شەڕ و ناکۆکی لە عێراقدا درێژە دەکێشێت. بەو پێیە ناتوانین بە زەبری هێز دووبارە عێراق دروست بکەینەوە، بەتایبەتی ئێستا لە سەردەمی بە جیهانی بوون و شۆڕشی زانیاریدا دەژین کە ئەو گۆشەگیرییە جوگرافی و زانیارییانەیان شکاندووە کە لە سەردەمی بەریتانییەکاندا هەبوو کاتێك وڵاتێکی عێراقیان دروست کرد.

●●●

**هەر پاڵێوارونێک ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا ئەوا ڕێگاچارەیەکی زۆری لە بەردەمدا نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی عێراقدا**

●●●

**ئەگەر عێراق بۆ سێ دەوڵەت دابەش بوو، ئەوا هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە خاوەنی ئابوورییەکی ئەوەندە گەورە نابن کە ببێتە بناغە بۆ حکومڕانیکردنی کاروبارەکانی هاوڵاتییەکانیان**

●●●

**دەبێت عێراقییەکان خۆیان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە لە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوودایە و ڕێگرە لە پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەیان و لەم پێناوەشدا دەبێت سازش بۆ یەکتری بکەن**

●●●

کۆمپانیای ژین بۆ دروستکردنی دەرگا و قەپەنگی ئۆتۆماتیکی و دانای کامیرای چاودێری بەهەموو شێوەکانیەوە
ÖNEM